
زنجیرە کتێبی
کۆمەڵەی یوگا لە کوردستان
زنجیرەی کتێب ٣



# خودا
## لە سەری مرۆڤدا

چەند گفتوگۆیەکی فیکری

توانا ئەمین

Scanned by CamScanner

ئەم هەوڵە بۆ **هەرمێ**؛

بۆ ڕاستترین هەڵەی ئەم ژیانە خەراپەی پیاوێک؛ کە منم..!

Scanned by CamScanner



توانا ئەمین

# خودا لە سەری مرۆڤی نوێدا

بۆ ئەوەی شێوەی (خودا) بهێنیتە پێشچاوی خۆت، دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە ئاینەکان بە (کتێبە ئاسمانییەکان!) ناساندوویانە، چونکە ئەوان سەروکارێکی تەواویان لەگەڵ (خودا)دا هەیە.. باسەکە ئەوکاتە دەئاڵۆزکێ کە ئەوان پێت بڵێن؛ پێکەنین و تورەبوون و ڕۆیشتن و ڕاکردن لە سیفەتەکانی (خودا)دا هەن، یان پێت بڵێن؛



Scanned by CamScanner

خــودا لەســـەر عەرشـــە و عەرشــیش لەســـەر دەریـــایە.. لە کۆتاییـــدا وێـــنەیەک بە بـــێ فـــۆرم، وەک کـــارکردنێکی فانتازیـــانە لە خەیـــاڵی ئینســـاندا دابڕێژن کە هەرگیز تۆ بۆت وێنا نەکرێت.

لە بەرانـــبەردا کتێبگەلێکـــی گەورەی تـــر، بـــوونی (خـــودا) گەورە یـــان (بچـــووک) بـــکەنەوە بـــۆ تەنهـــا نـــاو ســـەری مـــرۆڤ خـــۆی و هەنـــدێ جـــار فیورباخ واتەنـــی بڵـــێن: "ئەوە (خـــودا) نیـــیە مرۆڤـــی دروســـتکردووە، بەڵکـــو ئەوە مـــرۆڤە (خـــودا)ی دروستکردووە."

ئەگەرچـــی لە ئێســـتادا؛ بـــوون یـــان نەبـــوونی (خـــودا) بـــابەتێکی گـــۆڕاوە و لەیەزدانناســـی مۆدێرنـــدا جێگـــای یەکلایـــی بـــونەوە نیـــیە. بەڵام بـــۆ ئـــێمە کە کارمـــان لەســـەر ئایـــدیای ئەم کتێـــبە دەکـــرد، ڕوونبـــوو؛ ئەوەرەگفتوگـــۆیەکی ئـــاڵۆز و قڕقـــژ بەدوای خۆیـــدا ڕادەکێشـــێت، ئەوەمـــان دەزانـــی کە دەســـتمان لە بـــابەتێکی قـــورس و هێجگـــار فرەلۆچەوە وەرداوە.

ســـەرەتا وام دەزانـــی دوای تەواوبـــوونی ئەم کتێـــبە لەســـەر ئاســـتێکی چکـــۆلانەی وەک ڕۆشـــنبیریی کـــوردی دا، هەنـــدێ وەڵامـــم دەســـت دەکەوێـــت، کەچـــی بە پـــێچەوانەوە کە کـــارەکە تەواوبـــوو؛ بـــابەتی (خـــودا) لای مـــن زۆرتـــر ئاڵۆزکـــا، بەجـــۆرێ



Scanned by CamScanner

کە لە کۆتاییـــدا؛ ئەم کتێـــبە نـــاتوانێ ئیمـــانی کەس بە بـــوونی (خـــودا) دامەزرێنـــێ یـــان ڕەتـــی بکـــاتەوە، ئەمە کتێبـــی دوودڵیـــیە و کـــۆمەکی دڵنیـــایی بە کەس ناکـــات.. هەرکەســـێک پێـــی وا بێـــت؛ دەتوانێـــت لەنـــاو ئەم کـــاغەزانەی بەردەســـتیدا؛ (خـــودا) بـــدۆزێتەوە یـــان ونـــی بکـــات، باشـــتر وایە زەحمەتـــی خوێنـــدنەوەی ئەم کتێـــبە نەخـــاتە بەرخۆی!

ئایـــا پرســـیار لە (خـــودا) پرســـیارە لە خـــودی بیرکـــردنەوە و لەنـــاو بیرکـــردنەوەدا..؟ یـــان پرســـیارێکە لە دەرەوەی ئەو بیرکـــردنەوەیە..؟

ئایـــا (خـــودا) تەنیـــا لە درکـــی ئـــێمەدا هەیە..؟ یـــان بـــوونێکی ســـەربەخۆیە..؟ ئەگەر وابـــوو؛ کـــێ و چۆن ئەمە دەسەلمێنێت..؟

ئایـــا بەڵـــگە کلاســـیکییەکانی یەزدانناســـیی مەســـیحیی، بـــۆ نمـــونە (ئـــارگومێنتی جـــوڵە) کە بەپێـــی ئەو ئـــارگۆمێنیتە: "مـــادام هەمـــوو شـــتێک لە گەردوونـــــدا لە جـــــوڵەدایە، کەواتە هێزێـــــک دەیجوڵێنێـــــت و ئەو هێـــــزەش (خـــــودا)یە"، (هەروەک لای خـــوێنەران ئاشـــکرایە؛ ئەمە تیـــۆرە کلاســـیکییەکەی ئەرســـتۆش بـــوو بـــۆ ســـەلماندنی بوونی خودا).



Scanned by CamScanner

تەنـــانەت تیـــۆرییەکەی تۆمـــاس ئەکوینـــاس کە لای وایە؛ "هـیچ جوڵاوێـک هۆکـاری خـۆی نیـیە، بەڵکـو هۆکـارێکی دەرەوەی خـۆیەتی، بەم شـێوەیە هـیچ کاتێـک پـێش نـایەت؛ جـوڵاو و جـوڵێنەر یەک شـت بن..!".

ئێســتا ئەگەر وا دابنێــین ئەم تیــۆرە ڕاســت بێـت، دەبــێ ئەم زنجیــرەی هــۆ و هۆکــارە نەوەســتێ، واتە بەردەوام جوڵاوێـــک پێویســـتی بە جوڵێنەرێــک بێــت، گەر ئاوهـــاش بەردەوام بـــوو، ئەوا ئەم تێـــزە نـــاتوانێ لەگەڵ لـــۆژیکی بـــوونی خـــودایەکی تاقـــانەدا یەکبگـــرێتەوە، چـــونکە ئەو جـــوڵێنەرێکی نەجـــوڵاوە و هەر جـــوڵێنەرێکی تـــر لە خۆیـــدا ڕەت دەکـــاتەوە، بەم شێوەیە کۆتایی زنجیرەکە لەودا دەوەستێ!

ئێســتا بــۆ مرۆڤــی ســەدەی بیســتویەک پرســیارەکە ئەوەیە؛ ئایـــا بەڵگەگەلـــی لەم شـــێوەیە، دەتـــوانێ مرۆڤـــی ســـەردەم، دوای ئەو هەمـــوو ســـاڵە لەســـەر مەســـەلەیەکی ئـــاڵۆزی وەک بـــوونی (خـــودا) قەناعەت پێ بکات..؟

تەنـــانەت ئۆگەســـتین و ئاکویناســـیش کە لە پێشـــڕەوانی یەزدانناســـیین، باوەڕیـــان وایە ئەگەر کەسـێک بڵێـت "خـودا لە جیهـانی واقیعـدا بـوونی نیـیە" هەڵەی نەکـردووە، چـونکە خـودا بە تەواوەتـی لە جیهانـدایە و لە واقیـع دا نیـیە..!



Scanned by CamScanner

ڕونیشە کە هەرشتێک لە جیهاندا-جیهان بەمانا زەینییەکەی- هەبێت و لە واقیعیشدا درکی پێ بکرێت، بەرجەستە تر و بەڵگە نەویست ترە لەو شتەی تەنیا لەناو جیهاندا هەیە.

قسەکردن لەسەر (خودا) پرۆبلەماتیکێکی گەورەی هەزرییە بە درێژای مێژووی مرۆڤایەتی و سەرەنجام کۆنسێپتی (خودا)ی کردووە بە پرسیارێکی گەورەی ترسناک: ئایا (خودا) لە دەرەوەی تێگەیشتنی بیری مرۆڤدایە؟ یەزدانناسە مەسیحی و ئیسلامیەکانیش بە نزیکیی کۆکن لەسەر ئەوەی: کە بوونی خودا لە دەرەوەی سنوری تێگەیشتنی مرۆڤ نییە، بەڵکو لە ناو ئەو تێگەیشتنەدایە.

ئایا (خودا) پێکهایەیەکی سادەیە و بیرکردنەوە لێی ئاڵۆزە..؟ یان تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە و بیرکردنەوە لێی سادەیە، وەک ئەوەی عیرفانی بودیی بۆی دەچێ..؟

د. عەبدولکەریم سروش لە فەرهەنگنامەی فەلسەفی ئیتاڵیدا نووسیویەتی: "ریچار ڕۆرتی کاتێک گوتبووی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا؛ خودا، خودا بوو، دواتر لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا؛ عەقڵ، بوو بە خودا و ئەمڕۆ، یانی لەسەردەمی پۆست مۆدێرنیزمدا؛ هیچ خودایەک



Scanned by CamScanner

بوونی نییە. ئەم قسەیە ڕاستییەکی گەورەی تێدایە."

بە سەرنجێکی خێرا لەم ڕستەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لەسەری بیرمەندێکی وەک سرووش و زەینی فەیلەسوفێکی وەک پۆرتیشدا (خودا) هێزە.. و (خودا) فەرماندار و (خودا) یاسای ڕەق و (خودا) حاکم و (خودا) عەقڵە...!

ئەگەر (خودا) لە گۆڕێ نەبێ.. چی دەبێت؟!

مرۆڤبوون سەخت تر دەبێ لە ئێستا..؟

پرسیاری جەوهەریی ئەم کتێبە ئەوەیە؛ ئێمە بە بێ (خودا)ش دەتوانین؛ ئەخلاقیانە مامەڵەی یەکتر و مامەڵەی جیهان بکەین..؟

پرسیاری (خودا) ڕێگایەکی بەردەڵانی ڕووت و عاسییە، دەبێ پێیەکت لە ئاین و پێیەکت لە فەلسەفەدا دانێی، ئەوکات خۆشتر دەتوانی هەنگاو بنێیت.. لەوانەیە تێگەیشتن لە (خودا) هەموو ڕێساکان بگۆڕێت، لەوانەیە ڕیتمی ژیان لەسەر زەوی تێک بدات، لەوانەیە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شتەکان، مرۆڤ و مرۆڤ، بشێوێنێ.. جیهان هەڵگێڕێتەوە و دونیا ژێرەوژوور بکات... ئەوکاتە بیر لە دروستکردنی ژیانێکی تر لە نێوان پەیوەندیگەلی تر و دیسپلینی جیاواز و پێناسەی نوێدا بکەینەوە،



Scanned by CamScanner

یەکەمـــین شـــت کە لە ڕووداوێکـــی ئاوهـــا ئەندێشـــەییدا ســـەختە، ئەوەیە؛ چـــۆن هەمـــوو ئەمانە لە زماندا ڕێکبخەینەوە..!

کـــێ نـــاڵێ بیرکـــردنەوە لە (خـــودا) بیرکـــرنەوە نیـــیە لە هێزێکـــی زۆر زۆر مەزن، لە وزەیەکـــی ترســـناک، لە (تەواوێتـــی!) ئەوەی مـــرۆڤ میلیۆنـــان ســـاڵە خەونی پێوە دەبینێ..؟

ئەم پارادۆکســـە چیـــیە لە (خـــودا)دا..؟ بە ئینســـان دەڵێـــت: کەس مەکـــوژن و کەچـــی ئەو خـــۆی ڕۆژانە دەکوژێـــت..ئایـــا بەهەشـــت و دۆزەخ تەنیـــا هەڵبـــژاردەی (خـــودا)ن..؟ کە خۆیـــان لە خۆیانـــدا دژن و هەر دژییەکـــــــیش تایبەتمەنـــــــدیی بـــوونەوەرێکی تـــازە هـــاتووی وەک مـــرۆڤە، وە ئایـــا (خـــودا) هێنـــدە کـــورتی هێنـــاوە؛ ئۆپشـــنەکانی تەنیـــا دووان بن..؟

کـــێ ســـەرچاوەی شـــەڕ خـــراپە یە لە دونیـــادا..؟ شـــەیتان..؟ شـــەیتان کێـــیە؟ ئەو کـــێ دروســـتی کـــردووە و چـــۆن فێربـــووە و لەگەڵ کـــێ ئەزمـــوونی کردووە..؟

ئەگەر (خـــودا) شـــەیتانی دروســـت کردبـــێ، کەواتە (خـــودا) خـــراپەی دروســـت کـــردووە، ئایـــا ئەمە لەگەڵ لـــۆژیکی (خـــودا)یەکی پـــاک و بـــێ تاوانـــدا دێـــتەوە..؟ ئێســـتا پرســـیارەکە ئـــاوای لـــێ دێـت؛ ئایـــا



Scanned by CamScanner

دەبێت و دەکرێ (خودا) خۆی سەرچاوەی ئەم هەموو خراپەیەی سەر زەوی بێت..؟

ئایا دەبێت بۆ بیرکردنەوە (خودا)مان خۆشبوێت..؟ یان لێی بترسین..؟ چی بۆ یەکەمیان هانمان دەدات و چی لە دووەمیاندا ناچارمان دەکات..؟ ئەگەر (خودا) دەسەڵاتی بەسەر ئێستاماندا هەیە و ئایندەشی نوسیووە، کەواتە ئیرادەی مرۆڤ دەکەوێتە کوێووە..؟ ئازادی لە بەرانبەر جەبەڕوتی (خودا)دا پێگەی لە کوێدایە..؟

گەر (خودا) بەندەکانی خۆی خۆشدەوێت و لەسەر باشترین شێوە و لە ڕۆحی خۆی دروستی کردوون و بە جێگری خۆی دەزانێن لەسەر زەوی؛ چۆن دەکارێ بوونەوەرێک بەم هەموو ئیمتیاز و نزیکییەوە لە خۆی، بسوتێنێ..؟

ئەگەر دادپەروەرە، بۆ ڕێگە دەدات منداڵانی زۆر بچوک بمرن..؟ چی لە پشت هێنانە دنیای ئەوان و کوشتنیانەوە هەیە.. چۆن (خودا)یەکی دادپەروەر دەتوانێ بینەری نمایشی کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی سادە و بێ تاوان بێ و هیچ نەڵێ و هیچ نەکات...؟

ئایا ئەمڕۆ فەلسەفە دەتوانێ وجودی (خودا) بسەلمێنێت، یان ڕەتی بکاتەوە..؟ ئایا (خودا)

هێزێکــی ڕەهــایە..؟ ڕۆڵــی ئەو لە ژیــانی مــرۆڤ دا چیـــیە..؟ ئایــا (خـــودا) فینۆمینـــایەکە لەنـــاو سروشـــــتدا..؟ یـــان بـــــوونێکە لە دەرەوەی سروشـــتدا..؟ یـــان وەک ســـپێنۆزا دەڵێـــت؛ هەر خۆی خودی سروشتە..؟

ئایـــا وەک کانـــت دەڵێـــت؛ ئـــێمە نـــاتوانین هـــیچ شـــتێک لەبـــارەی ئەو شـــتانەوە بـــزانین کە لە دەرەوەی جیهـــانی ئەزموونکردنـــدایە، ئەگەرچـــی ئەو شـــتانەش هەبـــن....؟! ئایـــا (خـــودا) بەرهەمـــی ئاگـــایی ئینســـان خـــۆیەتی..؟ ئایـــا (خـــودا) تەنهـــا مـــوڵکی کەســـانی ســـتەمدیدە و بـــێ هێزەکـــان و ئەوانەیە کە باوەڕیـــان پێیەتـــی، وەک مـــارکس دەڵێـــت..؟ ئایـــا وەک کـــارل یاســـپەرس دەڵێـــت؛ (خـــودا) تەنیـــا دەتـــوانێ فەرمـــانڕەوایەتی ئەوانە بکـــات کە دروســـتیان کردووە..؟ یـــان ئایـــا وەک کیکەگـــۆر دەڵێـــت؛ (خـــودا) بـــاڵاتر لە بەڵـــگەیە و دەلیلەکان ناتوانن بوونی ئەو بسەلمێنن..؟

(خـــودا) چ جـــۆرە بـــوونێکە کە بـــێ ئەوەی بتـــوانین باســـی بکەیـــن و وەســـفی بکەیـــن و وێنـــای بکەیـــن دەبـــێ بـــاوەڕی پـــێ بێنـــین..؟ کـــێ ئـــێمە ناچـــاری کـــارێکی وەهـــا دەکـــات..؟ ئایـــا ئەگەر تەنیـــا ســـەرچاوەی زانینـــی ئـــێمە سێنسەکان{هەســـتەکان} بـــن، ئەوان بە تەنیـــا توانـــای تێگەیشـــتنیان هەیە لە



Scanned by CamScanner

(خـــودا)..؟ ئایـــا هەســـتەکان لەم بـــابەتە قورســـانەدا هەمـــوو جارێـــک ڕاســـت دەپـــێکن و بە هەڵەمانـــدا نـــابەن؟ ئەی هەڵە خـــۆی چیـــیە..؟ کـــام ســـتانداردی تێگەیشـــتنی ئـــێمە بـــۆ ڕاســـت و هەڵە دەستنیشـــان دەکات..؟

پرســـیاری (خـــودا چیـــیە..؟!) پرســـیارێکی منـــداڵانە، کە جـــاران واهـــا مەزەنـــدە دەکـــرا فەیلەســـوفەکان لە قەرەی وەڵامـــدانەوەی بـــێن.. کەچـــی ئێســـتا فیزیککـــارێکی هـــاوچەرخی وەک (ســـتیڤن هاوکینـــگ) لای وایە فەلســـەفەش لە بـــابەتێکی ئـــاوادا دەستەوســـتانە و بەهـــۆی تێگەیشـــتن لە گەردوونەوە؛ ڕەنـــگە فیزیـــای نـــوێ وەڵامی زۆرتری لە فەلسەفە لابێت.

ئێســـتا بـــاوەڕدارە کۆنزەرڤاتیفەکـــان لەسەرانســـەری زەویـــدا لەگەڵ زانســـت پـــێکەوە هەڵنـــاکەن، ئەوان لایـــان وایە؛ زانســـت تـــا کاتێـــک پێـــی خـــۆی لەســـەر ئەزمـــوون و تـــاقیکردنەوە دانـــا بـــێ؛ لەوە بـــێ توانـــا تـــرە؛ بیـــر لە پرســـیاری (خـــودا چیـــیە..؟!) بکـــاتەوە، چـــونکە (خـــودا) نـــاچێتە ئەزمـــوون و لابۆر و تاقیگەوە..!

لەبەرامـــبەردا هەنـــدێکی تـــر دەڵـــێن؛ هەرچـــی ئاینەکانیشـــە وەڵامـــی حـــازر و ئامـــادەی خۆیـــان ســـەبارەت بە (خـــودا) داوەتەوە و هەرچییەکیـــان



Scanned by CamScanner

هەیە وتویانە، بە جۆرێ کە یەک کۆمێنتی تریان لەسەر (خودا) نەماوە.

زانستگەراکان لایان وایە؛ هەر هەنگاوێک لە مێژوودا کارەکەی ئەوان نابێتی، بڕێک خودای دوور خستۆتەوە، بە جۆرێک کە ئێستا ئیتر خودا لە دەرەوەی شتەکانە.

لە پەیوەند بە تێگەیشتن لە کۆنسێپتێکی ئاڵۆزی وەکو (خودا)وە زەحمەتە بەبێ گەڕانەوە بۆ باوەڕ بتوانین توێژینەوە لەم بوارەدا بکەین؛ هەموو مرۆڤەکانی سەرزەوی لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوەدا، بۆ سێ ڕەوت دابەشدەبن؛ ئەوان سەبارەت بە (خودا) یان باوەڕدارن (Theism) یان بێباوەڕن (Atheist) یان نازانمگەران (Agnostic).

لە کارکردن لەکایەیەکی وەکو یەزدانناسیدا؛ مرۆڤ هەمیشە بەر کێشەی لە بەرانبەریەک وەستانی (باوەڕ) و (زانین) دەکەوێت؛ ئاین بە لۆژیکی باوەڕ لە مەسەلەکە دەڕوانێت و ئاتیزم بە لۆژیکی بێ باوەڕیی، لەو نێوەندەدا ئەوە تەنها ئەگنۆستیکەکانن کە دەیانەوێ لەڕێگەی ئارگۆمێنتی دەوڵەمەندی ئەزموونکرا و پشتبەستن بەدۆزینەوەی زانستی و بەکارخستنی



Scanned by CamScanner

عەقڵ؛ بوونی (خودا) بسەلمێنن یان ڕەتیبکەنەوە.

سۆفیە گەورەکان دەڵێن کە: "خودا بە عەقڵ درک ناکرێت". من وای بۆدەچم؛ ئەم قسەیە بەشێکی گەورە ڕاستی تێدابێت، بەڵام خۆ مرۆڤی نوێ ئێستا لە (سەر)ی زیاتر، شک نابات بۆ درک و تێگەیشتن لە شتەکان. ئێستا پرسیارەکە وای لێ دێ؛ بونیامی هاوچەرخ جگە لە عەقڵ دەتوانێ بە چیی تر ئەم باسە چڕە یەکلایی بکاتەوە..؟

ئەمە کێشەی زیاد لە بیست سەدەی کێشمەکێشی نێوان باوەڕ و زانینە و بە باوەڕی چکۆلانەی من؛ لە کۆتاییدا وجودی (خودا) پێوەندێکی قورسی وجودی ئینسان دەبێ و بەم جۆرە دەبنە مەرجی یەکتر، بە شێوەیەک وەک (کارین ئارمسترۆنگ) دەڵێ: "مێژووی خودا دەبێت بە مێژووی مرۆڤ".

مرۆڤ ناتوانێ ئەندێشەی ئەوەبکات؛ (خودا)یەک بە بێ بونەوەر و بەتایبەتییش بەبێ مرۆڤ چی دەکات و لە کوێیە..؟ (خودا) چییە کە هەموومان لە دڵی خۆماندا شوێنێکمان بۆ داناوە و هەموومان بەشێک دەیناسین و کەچی هێشتا ناتوانین بڵێین (خودا) کێیە (خودا) لە کوێیە و

(خـــودا) چـــۆنه..؟ ئایـــا بەر لەو پرســـیارە ســـەرگێژکەرانە، جـــارێ ئـــێمە دەتـــوانینن (خـــودا) لەسیســـتمێکی وەکـــو (زمـــان)دا ڕێـــک بخەیـــن..؟ ئایـــا (خودا) کێشە لە زماندا دروست ناکات..؟

هەوڵمانـــــدا تەواوی ئەم پرســـــیارانە لە تـــــاقە یەک پرســـــیاری گشـــتگیردا چـــڕبکەینەوە و بـــۆ وەڵامـــیش کۆمەڵێـــــک لە تـــــوێژەر و نوســـــەر و ڕونـــــاکبیر و کەســـــێتی ئـــــاینیی و نائاینییمـــــان هەڵبـــــژارد و پرسیمان:

**زمـــــان، بـــــە پێناســـــە ڤیتگنشـــــتاینییەکەی؛ گوزارشـــت لـــە هـــەموو ئـــەو شـــتانە دەکـــات کـــە لـــــەنێو جیهانـــــدا هـــــەن و (خـــــودا)ش زاراوەیەکە لە دەرەوەی جیهـــــان.. بەوەشـــــدا هەر هەوڵـــــدانێک بـــــۆ بەدنیـــــایکردنی ئۆبژێکتێـــک ڕێکخســـتنێتی لە زمانـــدا، تـــۆ چـــــۆن ئـــــەم فۆرمەلەکردنـــــە زمانییـــــە لەبەرامبـــــەر چـــــەمکێکی ئـــــاڵۆزی وەک (خـــودا)دا دەکەیـــت.. ئێـــوە چـــۆن بیـــر لە (خـــودا) دەکەنەوە...؟ (خـــودا) لای تـــۆ چییە..؟**



خوێندکاری یەزدانناسیی

## فوئاد عەبدولڕەحمان:

**ئەگەر ئاوەزمان لە سنووری زمانمان تێپەڕ بوو، دەچینە دەرەوەی جیهان، دەچینە دەرەوەی داکەوت، دەچینە شتێکەوە کە نازانین چییە.**

Scanned by CamScanner

بۆ تەقەللا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێک لەم جۆرەی، کە ئایا خودا لای من، لای تۆ؟ لای ئەم، یان لای ئەو چییە؟ من زۆر بە گرنگی دەزانم، کە دوو تەوەر لە یەکتر جیا بکرێتەوە: (باوەڕ believe) لەگەڵ (زانین knowledge). تێکەڵ کردنی ئەم دوو تەوەرە، بەستەڵەکی تراژیدیایەکی، وەکو (نیچە) دەڵێ، بۆ مرۆڤ دروستکردووە، لە سەرەتای مێژووی ڕامانییەوە تاکو سەرەتای سەردەمی ڕووناکگەری، واتە تاکو سەردەمی (دێکارت)، نەشکێنراوە. بەڵام ئەم بەستەڵەکە تراژیدییە، هەرچەند لە سەردەمی (دێکارت)ەوە درزی بردووەو شکاوە، بەڵام تاکو ئێستا نەتواوەتەوە. لەبەر ئەوە، نە، زانین (زانست و ئەزموون) لای مرۆڤ جێگای (باوەڕ/ئایین)ی گرتۆتەوەو نە، (باوەڕ/ئایین) جێگای زانین (زانست و ئەزموونی) بۆ گرتۆتەوە. یەکەم کێشەی فەلسەفیی (دێکارت) ئەوە بووە، کە



Scanned by CamScanner

ویستوویەتی، لەبەر خاتری ڕازیکردنی پیاوانی کڵێسەی مەسیحی، بە سەلماندنی لۆژیکی و یاسای ماتماتیکی، بە کاریگەریی پێشکەوتنی زانستی لە سەردەمەکەی خۆیدا، بیری مرۆڤی گومڕا بگەیەنێتە ئەو سنووری بیرکردنەوەیەی، کە دەکرێ بە ئاوەز بسەلمێنرێ، کە یەزدان بوونی هەیە. بۆ ئەم کارەی، تیۆرێکی داهێناوە، کە ناسراوە بە (کۆگیتۆی دێکارتی)، "من گومان دەکەم، کە هەم! کە گومان دەکەم، کە هەم، کەواتە بیردەکەمەوە! کە بیر دەکەمەوە، کەواتە بوونم هەیە!".

(دێکارت) بەم (کۆگیتۆیەی) ویستوویەتی بە ڕێگای (هەڵێنجاندن)، وەک هەڵێنجاندنی ماتماتیکی، هەنگاو بە هەنگاو، پلە بە پلە، لە گومانەوە مرۆڤ بگەیەنێتە باوەڕێکی ئۆنتۆلۆجی و لەوێشەوە بیگەیەنێتە باوەڕێکی کۆسمۆلۆجی و بیسەلمێنێ، کە لەبەر ئەوەی بیر دەکاتەوە، کەواتە ئاوەزی هەیە، ئەو ئاوەزەش خۆرسکە، یەزدان پێی بەخشیووە، نەک بە ئەزموون بیزانێ، ئەگینا مرۆڤ بە ئەزموون فێری ماتماتک نابێ ئەگەر ئەکسیۆم (بەدیهیەت) لە ئاوەزیدا تۆوی نەکردبێ. ئەو ئەکسیۆمە، یەزدان بە مرۆڤی بەخشیووە، مێشکی مرۆڤ لە شێوەی

تابلۆیـــەکی بـــەتاڵ و ســـپی و خـــاوێن (tabula raza) نییـــە هیچـــی تێـــدا پرینـــت نـــەبوو بـــێ، وەک (جـــۆن لـــۆک) بیـــری لـــێ کردۆتـــەوە، ئـــەگینا مـــرۆڤ، چـــۆن دەزانـــێ یـــەک ســـێو و یـــەک ســـێو دەکاتـــە دوو سێو ئەگەر ئەکسیۆمی نەبێ!

کەواتـــە کێشـــە ئـــایینی و فەلســـەفی و زانســـتییەکە لێـــرەوە ســـەرچاوەی گرتـــووە، کـــە ئایـــا مـــرۆڤ بـــە چ ڕێگایـــەک دەگاتـــە زانینـــی (ڕاســـتی)؟ ئایـــا بـــە بـــاوەڕی ئـــایینی، یـــان بـــە لـــۆجیکی فەلســـەفی، یـــان ئـــەزموونی زانســـتی؟ ئایـــا مـــرۆڤ توانـــایی ســـنووری بیـــر کردنـــەوەی چەنـــدە، تـــاکو بگاتـــە ڕاســـتی؟ ئەمـــە کێشـــــەی هـــــەرە تەوەرییـــــە، کـــــە لـــــە (ئیپیســـــتمۆلۆجی)دا هەیـــە. ئەگـــەر بێینـــە ســـەر بـــاوەڕی ئـــایینی، پێمـــان دەڵـــێ: "کـــە مـــرۆڤ دەبـــێ بـــاوەڕی بـــەوە هـــەبێ، یـــان ئـــەوەتا نـــازانێ و یـــان ئـــەوەتا توانـــای زانینـــی نییـــە. هەڵبـــەت ئـــەم تیـــۆرە یەزدانناســـییە (تیۆلۆجییـــە)، دەیـــەوێ بمانخاتـــە ســـەر ئـــەو بـــاوەڕەی، کـــە مـــرۆڤ هـــەرگیز نـــاتوانێ بگاتە ئەو ئاستەی بزانێ یەزدان چییە!

فەیلەســـووفی ئـــەڵمانی (ئیمانوێـــل کانـــت) بـــڕوای بـــەوە نییـــە مـــرۆڤ توانـــایی بیرکردنـــەوە و زانســـتیی بگاتـــە ئـــەو ئاســـتەی بزانـــێ (داکـــەوت event) خـــۆی لـــە خۆیـــدا چییـــە! بێگومـــان ئەمـــە ئـــەو



Scanned by CamScanner

هەڵوێستی بیرکردنەوەیەیە، کە تیۆری (نازانم)ی لە مێژووی فەلسەفەدا داهێنا. بەو واتایەی، کە ئێمەی مرۆڤ، ئەگەر نەتوانین بزانین داکەوت خۆی لە خۆیدا چییە؟ ئیدی هەرگیز نازانین ڕاستی چییە!

بێگومان بە پێی تیۆری زانین لە ئاوەزگەریدا Rationalism، مرۆڤ تاکە ڕێگایەک هەیبێ لێیەوەی بگاتە ڕاستی، بیرە. هەڵبەت ئەو تیۆری زانینەی ئێمانوێل کانت بە ڕاستی زانیووە، کە لە کتێبەکەیدا، کە بە ناونیشانی 'رەخنەگرتن لە ئاوەزی خاوێن'ە، ئاماژەی پێداوە، باس لەوە دەکا، کە زانین دوو جۆرە: (شێوازی و ناوەڕۆکی). سەبارەت بە ئەزموونگەران، باوەڕیان بەوەیە، کە زانین لە هەستکردنەوە دێ، واتە سەرچاوەی زانین شێوازییە و لە ئاوەزە نایەت، بەڵکو لە ئەندامەکانی هەستەوە دێ، وەک: بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن و .. هتد. بەڵام ئاوەزگەران، باوەڕیان بەوەیە، کە زانین لە ئاوەزەوە دێ، واتە ئەوەی ئاوەز پەی بۆ نەبا، زانینێکی ڕاست نییە، چونکە ئامڕازەکانی هەستکردن زۆر جار مرۆڤی پێ دەخەڵەتێ. بەڵام (کانت) باوەڕی وا بووە، کە ئاوەز لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی لۆجیکە لە

زانـــین، بـــەڵام لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ڕۆڵـــی کاریگـــەری هەیـــە لـــە ئـــەزموون و شـــارەزایی. بـــە واتایـــەکی تـــر، (کانـــت) بـــاوەڕی بـــەوە بـــووە، کـــە ئـــەو زانینـــەی مـــرۆڤ پێـــی دەگـــا، لـــە ئـــەزموونێکی هەســـتییەوەیە، بـــەڵام پـــاش ئـــەوەی بـــە ئـــاوەز خـــاوێن دەبـــێ و پـــۆلێن و ڕێـــک و پێـــک دەبـــێ. واتـــە بـــۆ زانـــین knowledge هەســـت بـــە بـــێ ئـــاوەز (تێگەیشـــتن) کـــار ناکـــاو ئـــاوەزیش (تێگەیشـــتنیش) بـــێ هەســـت کـــار ناکـــا. ئەندامـــەکانی هەســـت شـــتەکانمان پـــێ دەناســـێنن، ئـــاوەزیش تێگەیشـــتنمان (بیر)مـــان پـــێ دەبەخشێ.

(کانـــت) باوەڕیشـــی وا بـــووە، کـــە مـــرۆڤ (زانـــین) لـــە پێشـــدا لـــە ڕێگـــای هەســـتەوە وەردەگـــرێ، بـــەڵام هـــەرگیز ئەمـــە ئـــەوە ناگەیـــەنێ، کـــە ســـەرچاوەی زانـــین ئـــەزموون بـــێ. بـــەڵکو بـــە پێچەوانـــەوە، هەســـت کاریگـــەریی ئەوەیـــە، کـــە دەبێتـــە هۆکـــاری زانینمـــان بـــۆ شـــتەکان، بـــەڵام ســـەرچاوەی تێگەیشـــتنەکە نییـــە. بـــەڵکو ســـەرچاوەی تێگەیشـــتنەکەمان لـــە ئاوەزدایـــە، نـــەک لـــە هەســـت. دەڵـــێ: بـــۆ نموونـــە کـــات و شـــوێن، شـــت نـــین، یـــان ئۆبجـــەکت نـــین لـــە دەرەوەی ئـــاوەزدا بـــن تـــاکو بـــە هەســـت پرســـیڤیان بکـــەین، بـــەڵکو دوو دیـــاردەن، کـــە بـــە بـــێ ئـــەزموونیش مـــرۆڤ پرســـیڤیان دەکـــا



Scanned by CamScanner

(درکیـــان پــێ دەکـــا). بـــە واتایـــەکی تـــر، ئـــەم دوو دیاردەیـــە: شـــوێن و کـــات، تـــەواو نووســـاون بـــە ئاوەزمانـــەوە، بـــەر لـــەوەی ئـــەزموونی بکـــەین. واتـــە ئـــەم دوو دیاردەیـــە، بـــەر لـــەوەی لـــە جیهـــانی هەســـتدا بـــن، لـــە جیهـــانی ئـــاوەزدان. واتـــە شـــت نـــین، بابـــەت نـــین، داکـــەوت نـــین، یـــان ئۆبجـــەکت نـــین، بـــەڵکو تـــەنها گریمانـــەن proposition. کەواتـــە بـــە لای (کانت)ـــەوە، ئـــاوەز بـــە تـــەنها بـــەس نییـــە بـــۆ ئـــەوەی مـــرۆڤ بتـــوانێ زانینـــی لـــەبارەی داکەوتـــەوە لێـــوە وەر بگـــرێ، چونکـــە ئـــاوەز و لۆجیـــک بـــە ڕووتـــی و بـــە ســـەربەخۆیی لـــە ئـــەزموون و بـــە جیـــا لـــە هەســـت هـــەرگیـــز هـــیچ زانینێکمـــان لـــە بـــارەی هـــیچ شـــتێکەوە (ئۆبجێکتێکـــەوە) پـــێ نابەخشـــێ. واتـــە ئـــاوەز بـــە ڕووتـــی هـــیچ شـــتێکمان فێـــر ناکـــا ســـەبارەت بـــە شـــت خـــۆی لـــە خۆیـــدا. کەواتـــە ڕاســـتی بـــە لای (کانت)ـــەوە، ئەوەیـــە، کـــە داکـــەوت و ئـــاوەز دەبـــێ (پڕاوپڕ) وەکو یەک بن.

بـــە واتایـــەکی تـــر، هـــیچ شـــتێک نییـــە لـــە دەرەوەی ســـنووری ئـــاوەزەوە بـــێ، کـــە دەقـــاودەق وەکـــو سروشـــتە، کـــە مـــرۆڤ پـــەی بـــۆ بـــەرێت و بیزانـــێ. کەواتـــە ئەپســـتمۆلۆجیاکەی (کانـــت) ئەوەیـــە، کـــە ســـنوورێک هەیـــە بـــۆ زانیمـــان؛ ئـــەوەی لـــە نێـــو ئـــەو ســـنوورەدایە، مـــرۆڤ دەیزانـــێ، ئـــەوەی لـــە دەرەوەی



Scanned by CamScanner

ئـەو سـنوورەیە، مـرۆڤ هـەرگیز نـایزانێ. بـە پێـی بۆچـوونی (کانـت)، چـالاکیی ئـاوەز ئەوەیـە بـەدوای ڕاسـتیدا دەگـەڕێ، بـۆ نموونـە دەیـەوێ بزانـێ (خـوا) چییـە؟ بـەڵام ئـەم بـوارە (ئـەم میتافیزیکـە) لـە دورگەیـەکی داخـراو بـەولاوە هیچـی تـر نییـە، کـە سرووشـت (فیزیـک) دەوری داوە و سـنوورەکەی نـەگۆڕە. لـە دەرەوەی ئـەو سـنووری سروشـتەوە، ناوچەیـەکی ئەندێشـەیە و تەمتومانـە، جیهـانێکی پەنهانـە، تاریکسـتانە، چـاو بینـایی ناکـا، هـۆش ئاگـایی تیـا نـامێنێ، جیهـانی خەونـە، جیهـانی ئەندێشـەیە. هـەر وەکـو زانایـانی گەردوونناسـی و فیزیـک نـاوی لـێ دەنـێن (بـلاک هـۆڵ)، یـان هـەر وەکو (مەحوی) گەشتی بۆ دەکا و دەڵێ:

"هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر دەڵێم و تێناگەم!

هەر جست وجۆمە، کەچی هەر دەڕۆم و پێناگەم!

چاوم ڕواو گۆشەی ئەو ئەبروەم نەدی،

دڵ بوو بە بەحری علوم و لە ئەلف و بێ ناگەم!"

کەواتـە بـە پێـی ئیپسـتمۆلۆجیاکەی (کانـت)، مـرۆڤ هـەرگیز ناگاتـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی، کـە دەڵـێ: "ڕاسـتی چییـە؟". بـە واتایـەکی تـر، مـرۆڤ هـەرگیز ناگاتـە ئـەوەی بزانـێ داکـەوت چییـە! چونکـە، لـەم جسـتوجۆیەدا، لـە دواجـاردا هـەر دەگەینـەوە ئـەو ئەنجامـەی، کـە پێمـان دەڵـێ:



Scanned by CamScanner

"وزە و توانابیمان بۆ زانین لە سنووری ئەزموون تێمان ناپەڕێنێ؛ لە هەمان کاتیشدا بە لۆجکی ئاوەزی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە بزانین دیاردەکان چین." کەواتە، هەر کاتێ لە سنووری زانین تێپەڕ بووین، دەکەوینە جیهانی ئەندێشەوە، کە بە لای منەوە هەمان ئەو جیهانی باوەڕە ئایینیەیە، کە پڕە لە پەنهان (غەیب، وەهم illusion). بەڵام کێشەی بیری مرۆڤ لەوەدایە، کە دەیەوێ سنووری بیرکردنەوەی خۆی تێپەڕ بکا، چونکە دەیەوێ ئەو ڕاستییە بزانێ، کە نایزانێ. بە واتایەکی تر، مرۆڤ تەقەللای ئەوە دەکا، بە هەر ڕێگایەک بێ، بزانێ لەودیوی سنووری بیرکردنەوەیەوە چی هەیە.

بە واتایەکی تر، مرۆڤ دەیەوێ سنووری جیهانی هەستی تێپەڕ بکا بۆ جیهانێک، تەنانەت ئەگەر خەونیش بێ. بەڵام، ئایا مرۆڤ دەزانێ خەون چییە؟ دەتوانێ بە خەون بژی؟ یان لە خەوندا بژی؟ یان ئایا دەتوانێ هەموو تەلیسم و شفرە و کۆدەکانی خەون بکاتەوە؟ ئایا جیهانی خەون ئەو جیهانەیە، کە ڕاستیی خودای تێدایە؟ ئایا (خودا) لە کوێ دایە، ئایا هەر وەکو (سپینۆزا) دەڵێ: "ئایا خودا و سروشت هەر یەک شتن؟" یان بەدەرە لە سروشت؟ ئەگەر بەدەر بێ لە



Scanned by CamScanner

سروشـــت، ئـــەی مرۆڤـــی سروشـــتیی، چـــۆن دەتـــوانێ ئـــەوەی بـــەدەرە لـــە سروشـــت بیزانـــێ؟ بێگومـــان ئەمـــە کێشـــەی تـــەمتومانی ســـۆفیگەرییانەیە، کـــە بـــەدەرە لـــە لۆجیـــک و لـــە ئـــاوەز و لـــە ئـــەزموون.
(کانـــت) لـــە کۆتـــایی جۆســـتوجۆ فەلســـەفییەکەیدا تـــەنها گەیشـــتۆتە ئـــەو دەرەنجامـــەی، کـــە (میتافیزیـــک) زانســـتێکە لـــە ئەندێشـــە بـــەولاوە هیچـــی تـــر نییـــە، زانســـتێکە ئـــاوەز ڕۆڵـــی تیـــادا نامێنێ، زانستێکە مرۆڤ هەرگیز نازانێ چییە.
کەواتـــە کێشـــەی ئیپســـتمۆلۆجیی مـــرۆڤ ئەوەیـــە، مـــرۆڤ تـــەواو قایـــل نییـــە بـــەوەی، وەکـــو (کانـــت) دەڵێ: "بیرکردنەوەی مرۆڤ سنووری هەیە!"
لۆدڤیـــگ ڤیتگنشـــتاین لـــە فەلســـەفەکەیدا، بـــە تایبـــەتی لـــە کتێبەکەیـــدا بـــە ناونیشـــانی (جســـــــتوجۆی فەلســـــــەفی Philosophical Investigations) بـــاس لـــەوە دەکـــا، کـــە: "بـــۆ ئـــەوەی بتـــوانین ســـنوور بـــۆ بیرکردنـــەوە دابنێـــین، پێویســـتە بـــە شـــێوەیەکی ڕەهـــا بـــزانین سروشـــتی تـــەواوی ئـــەوەی لـــەم دیـــوو لـــەو دیـــوی ئـــەم ســـنووری بیرەدا هەیە، چییە؟)
لێـــرەدا مـــن دەمـــەوێ بڵـــێم ڕەنگـــە پارادۆکســـی paradox تـــــەوەریی بـــــاوەڕی ئـــــایینی ئـــــەو تێپەڕانـــدنی ســـنووری سرووشـــتەیە بـــێ بـــەرەو



Scanned by CamScanner

بڵندابیـــــەکی پـــــەنهان transcendence، واتـــــە بـــاوەڕی تێپەڕانـــدنی ســـنوور لـــە سروشـــتەوە بـــۆ ناسروشـــت، لـــە فیزیکـــەوە بـــۆ میتافیزیـــک. تێپەڕانـــدنی ســـنووری دنیایـــەکی دیـــارە بـــۆ دنیایـــەکی نادیـــار، یـــان تێپەڕانـــدنی ســـنووری بـــوون بـــۆ نـــابوون، یـــان تێپەڕانـــدنی ســـنووری ژیـــان بـــۆ ســـنووری ناژیان، یان سنووری هزر بۆ ناهزر.

بـــەڵام، بێگومـــان، مـــرۆڤ دەتـــوانێ ئـــەزموونی تـــەنها بڵنـــدایی داکـــەوت بکـــا. واتـــە مـــرۆڤ، چ بـــە هەســـت بـــێ و چ بـــە ئـــاوەز بـــێ، تـــەنها دەتـــوانێ ئـــەزموون و تێگەیشـــتنی بڵنـــدایی بـــوون reality بکـــات و هـــەرگیز لـــە بوونیـــدا نـــەبوون نـــابینێ. بـــە واتایـــەکی تـــر، مرۆڤـــی سروشـــتی تـــەنها دەتـــوانێ دیـــارەی سروشـــتی phenomena physical بـــەدی بکـــا.

کەواتـــە مـــرۆڤ دەتـــوانێ بـــە بینینـــی خـــۆی و مرۆڤـــی تـــر و ئاژەڵـــەکان و بـــەرد و شـــاخ و ڕووبـــار و چاکـــە و خراپـــە و جـــوانی و ناشـــرینی و ماتماتیـــک و لۆجیـــک و دەقـــی نووســـراو وەک دەقـــی پیـــرۆز و.. هتـــد. وە هەســـت بـــە بـــوونی (خـــوا) بکـــا، واتـــە مـــرۆڤ هەمیشـــە هـــەر لـــە دیاردەکـــانی بوونـــەوە، بـــە هەڵێنجانـــدنی لـــۆجیکی دەگاتـــە ئـــەو بـــاوەڕەی کـــە (خـــوا) بـــوونی هەیـــە. واتـــە مـــرۆڤ هـــەرگیز بـــە بڵنـــدابیبوونی ڕاســـتەوخۆیی نـــاتوانێ ئـــەزموونی



Scanned by CamScanner

بـوونی، یـان نـەبوونی خـوا بکـا؛ ئێمـەی مـرۆڤ خەونـەکانمان و ئەندێشەکانیشـمان هـەر زەمینـەیین. هـیچ هێمایـەکی نێـو خەونـەکانمان و ئەندێشـەکانمان نیشـانە نـین بـۆ هـیچ فینۆمینایـەک، کـە زەمینـی، نـەبن. ئێمـەی مـرۆڤ تەنانـەت لـە زمـانی فریشـتە و جنۆکـەش هـیچ نـازانین، کـێ هەیـە بتـوانێ ببێتـە وەرگێـڕی زمـان لـە نێـوان ئـادەمیزاد و فریشـتە، یـان وەکـو (ڤیتگنشـتاین) دەڵـێ: "لـە نێـوان ئادەمیزادێـک و شـێرێک؟" ئێمـەی مـرۆڤ تەنانـەت هـەرچی نـاو و خەسڵەتێکیشـمان بەخشـیووە بـە (خـوا)، کـە باوەڕمـان پێیـەتی، هـەر زەمینـین، مـرۆڤین، کۆمـەڵگایین، دیـاردەیین. تەنانـەت دەقـە پیرۆزەکـانیش هـەر بـە زمـانی مـرۆڤن و بـە زمـانی فریشـتە نـین. لەبـەر ئەمانـە، مرۆڤـی ئـایینی بـە بـاوەڕ و بـە ئەندێشـە، نـەک بـە زانـین، هـەوڵی داوە بڕوانێتـە بەهەشـتی چـاوەڕوانکراو، کـە لـە (غـەیب) دایە.

مـرۆڤ بێگومـان لەگـەڵ بـەهرەی ئاوەزیـدا، بـەهرەی ئەندێشەییشـی تێـدا هەیـە. هـەر وەکـو (جـان پـۆل سـارتەر) دەڵـێ: "ئەندێشـە ئـەو بەهرەیەیـە لـە مرۆڤـدا، کـە توانـایی پـێ دەبەخشـێ بیـر لـەو شـتانە بکاتـەوە، کـە بوونیـان ئامـادە نییـە." بـە



Scanned by CamScanner

تێگەیشــتنی مــن، بێگومــان ئــەم بەهرەیــە مرۆڤــی ئــاوەزداری کــردووە بــە مرۆڤــی بــاوەڕداریش، بــەو ڕادەیــەی خواســت و ئــارەزووی هــەبێ و بــە ناچــاری خیتــابی ئەفســانەیی و ئاییینیشــی لا دروســت بــێ و بــە دوای واتــا شــاراوەکاندا بگــەڕێ و خولیــا و بــە پــەرۆش بــێ بــۆ دۆزینــەوەی وەڵام بــۆ ئــەو پرســیارانەی لای دروســت دەبــن، بــۆ ئــەوەی بگاتــە ئــەو بڵندایییــەی، کــە بەلایــەوە لــە بــەرزایی ئاســماندا هەیە.

لێــرەدا ئیتــر دێمــە ســەر وەڵامدانــەوەی ئــەم پرســیارە، کــە ئایــا مــرۆڤ بــە ئــاوەز دەتــوانێ بیســەلمێنێ، کــە (خــوا) هەیــە، یــان نییــە؟ بــەڵام ئایــا ئــاوەز ســنووری زانینــی هەیــە وەکــو (کانــت) دەڵــێ؟ ئەگــەر هــەیبێ، ســنوورەکەی کامەیــە؟ ئایــا هــەر ئەوەیــە، کــە هــەر وەکــو ڤیتگنشــتاین دەڵــێ: "زمــانی مــرۆڤ خۆیــەتی، کــە هەیــەتی؟" کەواتــە ئەگــەر بــە پێــی بۆچــوونی (کانــت) بــێ، مەحاڵــە هــیچ لــە دەرەوی ســنووری ئــاوەزەوە بزانــرێ، لــە هــەمان کاتیشــدا، ئەگــەر بــە پێــی بۆچــوونی (ڤیتگنشــتاین) بــێ، مەحاڵــە هــیچ لــە دەرەوەی ســنووری زمــان بزانــرێ. مــەحاڵیش بــێ گومــان ئــەوە دەگەیــەنێ، زۆر شــت، بــە (مــوعجیزە)ش بێــت، هەرگیز بەدی نایەت.

بۆ نموونە: هەرگیز بەدی نایەت ٢+٢ ئەنجامەکەی بکاتە ٧، یان ٨. ڕەنگە بە لۆجیک بەدی بێت، بەڵام بە داکەوتی ڕاستەقینەیی هەرگیز بەدی نایەت. ئەگەر مرۆڤێ بیر بکاتەوە، کە ٢+٢ بە (موعجیزە) دەشێ بکاتە ٧، یان ٨، پرسیار لێرەدا دەبێ، کە ئایا ئەو مرۆڤە بە ڕاستی بیر لەو (موعجیزە)یە دەکاتەوە، کە ڕاست بێ، یان خۆی دەیەوێ بەو جۆرە بیری لێ بکاتەوە؟ بە جۆرێکی تر، کەسێ ئەگەر باوەڕی بە بوونی (خوا) هەبێ، ئایا بە ڕاستی بۆی سەلماوە، کە (خوا) بوونی هەیە، یان خۆی بەو جۆرە بیری لێ دەکاتەوە، کە بوونی هەیە؟ هەڵبەت ئەمە ئەو قەیرانە ئیپستمۆلۆجیەیە، کە مشتومڕی لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا داهێناوە، یان لە نێوان باوەڕ و زانیندا داهێناوە. هەڵبەت کێشەکە تەنها ئەوە نییە، کە بۆ مرۆڤ بسەلمێ، ئایا خوا هەیە، یان نییە؟ بەڵکو کێشەکە ئەوەشە، کە بکرێ بۆ مرۆڤ بسەلمێ، کە ئایا میتافیزیک هەیە، یان نییە؟

لە بارەی مەسەلەی میتافیزیکەوە، ڤیتگنشتاین دەڵێ: "هەر فەیلەسووفێ، کە باس لە میتافیزیک دەکا، ناتوانێ هیچ واتایەک ببەخشێ بەو زاراوانەی، کە لە فەلسەفەکەیدا بەکاریان

دەهێنێ." لێکدانەوەشی بۆ ئەمە ئەوەیە، کە دەڵێ: "پرسیار لە میتافیزیک لە ئەنجامی ئەوەوە دروست بووە، کە لە لۆجیکی زمانەکەمان تێناگەین. هۆی تێنەگەیشتنیشمان لە لۆجیکی زمانەکەمان ئەوەیە، کە وێنای لۆجیکیمان سەبارەت بە دیاردەیی شتەکان (ئۆبجێکتەکان) لەگەڵ وێنای داکەوتە ڕاستەقینەکانیدا تێکەڵ و پێکەڵ دەکەین."

ڤیتگنشتاین ئەمە بەوە ڕوندەکاتەوە، کە دەڵێ: "ئێمە زۆر جار لە زمانی ژیانی ڕۆژانەماندا وشەیەک دەبینین دوو واتای جیاواز دەبەخشێ، واتە پەیوەندیی بە دوو هێمای جیاوازەوە هەیە، یاخود دوو وشە دەبینین هەر یەکەیان ئاماژەیە بۆ شتێ، بەڵام بە ڕوونی بە یەک شێواز لە بابەتێکدا بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە وشەی (دەبێتە)، بە شێوازێ بەکاری دەهێنین، کە سینۆنیمەکەشی (دەگۆڕێ بۆ)یە، بە شێوازێکی تریش بەکاری دەهێنین، کە واتاکەی بکاتە (هاوسان دەبێ لەگەڵ). ڕەنگە بە شێوازێکی تریش بەکار بێ، کە بکاتە (بوونی گۆڕانی بەسەردا دێ). نموونەیەکی تریش ئەوەیە، کە (سەوز سەوزە). لەم دەستەواژەیەدا وشەی یەکەم (ناو noun) دەگەیەنێ، وشەی دووەم



Scanned by CamScanner

(ئاوەڵناو adjective) دەگەیەنێ. ئا لێرەدا وشەکە هەر لەوەدا نەوەستاوەتەوە، کە دوو شتی جیاواز بگەیەنێ، بەڵکو دوو هێمای جیاوازیش دەگەیەنێ."] بێگومان ئەم جۆرە تێکەڵاوکردنانە لە دەقە فەلسەفییەکاندا زۆر بەدی دەکەین.

بەڵام بۆ ئەوەی خۆمان لەم تێکەڵاوکردنانە بپارێزین، پێویستە ئامێرێکی پێکهاتووبێ لە هێما بەکاربهێنین، کە لەو تێکەڵکردنانەمان دوورمان بخاتەوە، بە جۆرێ، کە تووشی ئەوە نەبین وشەیەک، یان نیشانەیەک بۆ چەند هێمایەکی جیاواز بەکار بهێنین، هەروەها بۆ ئەوەی وشەکان، یان نیشانەکان بە یەک شێواز بەکاربهێنین لە کاتێکدا، کە جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێ." ڤیتگنشتاین لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێ، کە ئەگەر وشەیەک لە دەستەواژەیەکدا بەکاربهێنین واتایەکی تایبەت ببەخشێ، ڕەنگە هەمان وشە، ئەگەر لە دەستەواژەیەکی تردا بەکاری بهێنین، ڕەنگە هەمان واتا نەبەخشێ، یاخود ڕەنگە لەو دەستەواژەیەدا هەر هیچ واتایەک نەبەخشێ.

ڤیتگنشتاین دەڵێ: "تێکەڵاوکردنەکان لە ئەنجامی ئەوە دێن، کە ئێمە بۆچوون و وێنا، یاخود بە واتایەکی تر بینینی ئێمە بۆ شتەکان



Scanned by CamScanner

لەگـــەڵ بـــوونی خـــودی شـــتەکان خۆیـــان لـــە یـــەکتر جیـــا ناکەینـــەوە. ئێمـــە بـــۆ شـــتەکان تـــەنها لـــە ڕوانگـــەی خۆمانـــەوە بۆچوونمـــان بـــۆی هەیـــە، بـــەڵام گەوهەری شتەکان خۆیان نین."

ڤیتگنشـــتاین مەبەســـتی ئەوەیـــە، کـــە ئێمـــەی ئـــادەمیزاد لـــە دەرەوەی شـــتەکانین و بـــە بیرمـــان وێنایـــان دەکـــەین، واتـــە بیرمـــان بەشـــێک نییـــە لـــە شـــتەکان. بـــە واتایـــەکی تـــر، بیرمـــان هزرمـــان نییـــە، بیرمـــان لـــە ئێمەدایـــە، لـــە خودمـــان دایـــە، بـــەڵام هزرمـــان لـــە دەرەوەی خودمـــان دایـــە. ئێمـــە بـــۆ نموونـــە، کـــە دەڵێـــین (لەوێـــدا کتێبێـــک هەیـــە)، ئەمـــە جیـــاوازە لەگـــەڵ ئـــەوەی، کـــە بڵێـــین (کتێبێـــک لەوێـــدا هەیـــە). ئـــەم دوو دەســـتەواژەیە ئەگـــەر لێیـــان قـــووڵ بینـــەوە، دەبینـــین دوو واتـــای جیـــاواز دەبەخشن.

لـــە دەســـتەواژەی یەکەمـــدا کتێبەکـــە وێنەکـــەی نادیـــارە، واتـــە بـــە ڕەهـــایی بـــۆ مـــن دیـــار نییـــە، مـــن نـــاتوانم بـــە ڕەهـــایی وێنـــای بکـــەم، تـــەنها بۆچـــوونم بـــۆی هەیـــە، تـــەنها پرســـیڤی بـــوونی دەکـــەم، کـــە لەوێدایـــە. لـــە کاتێکـــدا لـــە دەســـتەواژەی دووەمـــدا وێنـــەی کتێبەکـــە دیـــارە، دڵنیـــام لـــە بـــوونی لەوێـــدا. ئـــەم دڵنیـــا بـــوون و نادڵنیـــا بوونـــە، ئـــەم ڕەهـــایی و نـــا ڕەهاییـــە، شـــڵەژان لـــە نێـــو دەســـتەواژەکانم دا

دروست دەکا، واتاکانم لێ دەئاڵۆسکێنێ، ناهێڵێ بە ڕوونی زانینم لەبارەیانەوە هەبێ. لەلام تێکەڵ و پێکەڵ دەبن، گەوهەرەکەیانم لێ ون دەبێ. هەڵبەت تێکەڵ کردن لە نێوان گوتن و بۆچوون و بینین دا ئاوەزی ئێمە لە سنووری زمان تێدەپەڕێنێ. ئەگەر ئاوەزمان لە سنووری زمانمان تێپەڕ بوو، ئیتر دەچینە جیهانێکی دەرەکییەوە، واتە دەچینە دەرەوەی جیهان، دەچینە دەرەوەی داکەوت، دەچینە شتێکەوە نازانین چییە و نازانین خسڵەتی چییە و چی دەبەخشێ..

مەحاڵە بیزانین، پەنهانێکە تاریک، هیچی تێدا نابینین، تەنانەت بە چاوی ئەندێشەش نابینین. هەرچی وێنەیەکی لە مێشک و بیر و ئاوەز و هزری خۆماندا بۆ بنەخشێنین، هەر لە سنووری مێشک و بیر و ئاوەز و هزری خۆمان تێناپەڕێ. ئێمە چالاکیی مێشک و بیر و ئاوەز و هزرمان سنووری هەیە. لە سنوورەکەشی مەحاڵە تێپەڕی. هەرچی جیهانی میتافیزیک و پێوەرەکانی ڕەوشت و یاساکانی نێو پەڕتووکە پیرۆز و دنیاییەکان هەیە، هەر هەموو دەستکردنی خۆمانە، چونکە بە زمانی سنوورداری خۆمانە، چونکە ئەگەر بە زمانێک

بوونایـــە بـــەدەر لـــە زمـــانی ســـنووورداری ئێمـــەی ئـــادەمیزاد، ئـــەو کاتـــە ئێمـــە تێـــی نەدەگەیشـــتین، لـــە هێماکانیشـــی نەدەگەیشـــتین، مـــەحاڵ دەبـــوو بتـــوانین وەریشـــیبگێڕینە ســـەر زمـــانی ئادەمیزادانـــەمان، مـــەحاڵ دەبـــوو لێکدانـــەوە و شـــیکردنەوە و ڕوونکردنەوەشـــی بـــۆ بکـــەین، هـــەر هیچمـــان لـــێ نـــەدەزانی. چونکـــە لـــە نەبوونـــەوە بـــۆ ئێمـــە دەهـــاتن، لـــە مەحاڵـــەوە دەهـــاتن، بـــەڵام مەحاڵـــە هـــیچ شـــتێک لـــە مەحاڵـــە و بـــۆ ئێمـــە بێـــت، ئەگـــەر شـــت بـــێ، شـــت لـــە جیهـــانی ئێمـــەدا هەیـــە، لـــە مەحاڵـــدا نییـــە، ئەگـــەر بـــوون بـــوو، هەیـــە، ئەگـــەر نـــەبوون بـــوو، نییـــە. بـــوون (هەیە)یـــە، نـــەبوون (نییە)یە.

لێـــرەدا دەگەڕێمـــەوە لای ڤیتگنشـــتاین، کـــە دەڵـــێ: "لـــە نێـــوان (وێنـــە)و (وێنـــەکراو)دا بـــوونی نێوەنـــدێک هەیـــە، کـــە ئـــەو دوانـــە بـــە یـــەکترەوە ببەســـتێتەوە." دەڵـــێ: ئـــەو وێنەیـــە ئایدیایـــە. نەخشـــەکەیە. نەخشـــەکەش زمانـــە. ئیتـــر لەبـــەر ئـــەوە، هـــیچ شـــتێ لـــە دەرەوەی ســـنووری نەخشـــەکەدا نییـــە، واتـــە لـــە دەرەوەی ســـنووری زمانـــدا نییـــە؛ زمـــان جیهانـــە. هـــەر وەکـــو (هایدیگـــەر) دەڵـــێ: "زمـــان بوونـــە." کەواتـــە زمـــان و جیهـــان یـــەک شـــتن، یـــان زمـــان و بـــوون یـــەک شـــتن. جیهـــان و بـــوونیش یـــەک شـــتن.



Scanned by CamScanner

زمـــان و بيـــر و ئايـــدياش (هـــزريش) هـــەر يـــەک شـــتن. بيـــر و بـــوون يـــەک شـــتن، واتـــە زمـــان و بيـــر و ئايـــديا و جيهـــان و بـــوون، هـــەموو هـــەر يـــەک شـــتن، يـــان هێنـــده بـــە چڕوپـــڕی تێکـــەڵاوی يـــەکتر بـــوون، مەحاڵـــە لـــە يـــەکتر جيابکرێنـــەوە. ئـــادەميزاد نـــاتوانێ لـــە هيچيـــان بتـــرازێ، نـــاتوانێ بچێتـــە دەرەوەی هيچيـــان، نـــاتوانێ لـــە ســـنووری هيچيـــان تێپـــەڕ بـــێ. پەيوەندييـــەکانی نێـــوان ئـــەم شـــتانەش بە زمان دەرنابڕێ، چونکە هەر خۆيان زمانن.

شـــت خـــۆی لـــە نێـــو خۆيدايـــەتی، نـــاکرێ شـــت لـــە يـــەک کاتيـــدا لـــە نـــاوەوەی خـــۆی و لـــە دەرەوەی خۆيشـــيدا بـــێ. خـــۆی وێنـــە بـــێ و خۆشـــی وێنـــەکراوی خـــۆی بـــێ. هـــيچ شـــتێ نييـــە لـــە دەرەوەی جيهـــان و بـــوون و بيـــر و ئـــاوەز و هـــزر و زمانـــدا بـــێ، هـــيچ شـــێ نييـــە بکـــرێ بڵـــێ مـــن جيـــا لـــە ئێوە بە تەنها بۆ خۆم هەم.

چونکـــە (بەتـــەنها بـــۆ خـــۆ Solipsism) زمـــان دەری نـــابڕێ، هـــەرگيز نيشـــانی نـــادا. هـــەرچی شـــتێک مـــن بيـــزانم و لـــە توانامـــدا بـــێ بيـــزانم، بـــوونی هـــەر وەک بـــوونی مـــن هەيـــە، هـــەر ڕەهەنـــدەی بـــوونی منـــە. ڕەهەنـــدەی منـــيش هـــەر ئـــەزموونی منـــە. هـــەر شـــيکردنەوە و لێکدانـــەوەی منـــە بـــۆ مـــن يـــان بـــۆ بوون.



Scanned by CamScanner

سنووری بوونیش سنووری جیهانەکەمە، سنووری جیهانەکەشم سنووری زمانەکەمە، کە هەر جیهانەکەی خۆمی دەتوانم پێ دەربڕم. هەر وەکو ڤیتگنشتاین دەڵێ: "واتای ئەوەی، کە جیهان جیهانی منە، لەو ڕاستییەدا دەردەکەوێ، کە سنووری زمان (ئەو زمانەی من تێیدەگەم) بە واتای سنووری جیهانی من دێ."

کەواتە (بە تەنها بۆ خۆ)، بە پێی فەلسەفەی ڤیتگنشتاین لە سنووری زمان بەدەرە. هەر شتێکیش لە زمان بەدەر بێ و "خۆی ترانسندنتاڵی بۆ خۆی هەبێ، بە زمان دەرنابڕێ." کە بە زمان دەرنەبڕا، مەحاڵە باسی لێوە بکرێ، پرسیاری لەبارە و بکرێ، یان کێشەی فەلسەفی بێ و بۆ چارەسەری بگەڕێین. خۆی لە خۆیدا، کە پرسیار نەبوو، وەڵامی چی؟ وەکو حافزی شیرازی لەگەڵ خۆی دەدوێ و دەڵێ:

**"حافز اسرار الهی کس نمیداند خموش**
**از که می پرسی که دور ڕوزگاران ڕا چه شد؟"**

هەر وەکو ڤیتگنشتاین دەڵێ: "پەنهان لەوەدا نییە، کە جیهان چۆن دەبێ، بەڵکو پەنهان لەوەدایە، کە جیهان بە ڕەهایی هەیە." هەروەها دەڵێ: "(بەتەنها بۆ خۆ) لە جیهانی ڕەهاییدا



Scanned by CamScanner

هەر تەنها (وا دەزانین)ەکەیە." ئەگینا باس لێوەکردنی واتای تێدا نییە، چونکە لە دەرەوەی سنووری واتایە، واتە لە دەرەوەی سنووری زمانە و لە دەرەوەی سنووری واتای زمانە. هەر لەم بۆچوونەوە ڤیتگنشتاین دەڵێ: "فەلسەفە بریتییە لە جەنگێ لە دژی ئەو هەراو گۆڵمەزەی بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە لە مێشکماندا دروست بووە."

دەشڵێ: "هۆی دروستبوونی کێشەی فەلسەفی و گومانی فەلسەفی هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانمان بە هەڵە بەکارهێناوە. سەرچاوەی بە هەڵە بەکارهێنانی زمانیشمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێگای ڕاستی بەکارهێنانی زمان تێناگەین." دەڵێ: "ئەگەر دەستەواژەکانی، کە دەریدەبڕین، ئەگەر بە وردی و بە ڕوونی دەریانبڕین، هیچ کێشەیەکی فەلسەفی بوونی نابێ."

هەروەها دەڵێ: "کێشەکان چارەسەر ناکرێن بە زیادکردنی زانیاریمان، بەڵکو بەوە چارەسەر دەکرێن، کە ئەگەر هاتوو ئەو زانیارییانە لەبەردەستمانن و لە پێشترەوە زانیومانن، باشتر ڕێکیان بخەینەوە، بژاریان بکەین، ئەوانەی بەتاڵن لە واتا، یان واتا بەخش نین، تووڕیان



Scanned by CamScanner

دەینـــە تەنەکـــەی زبڵـــەوە، لـــە زمـــان دووریـــان بخەینـــــەوە، بیانخەینـــــە دەرەوەی بازنـــــەی بـــەکارهێنان." ئـــەم کـــارەش تـــەنها بـــەوە دەبـــێ، کـــە زمانمـــــان لـــــە بـــــەکارهێنانی میتافیزیکییانـــــە دوور بخەینەوە، کە هەرگیز هیچ ناگەیەنێ.



توێژەر

## مەریوان هەڵەبجەیی:

**تەواوی ئاینەکان هەوڵیانداوە لەڕێی سیفەتەوە خودا بەئێمە بناسێنن.. ئەمە هەڵەیە و سیفەتەکان بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤن و سنووری تایبەتی خۆیان هەیە.**

Scanned by CamScanner

ئـەو هۆکارانـــەی کـــە هەســـت و غـــەریزەی ئـــایینی دەبەخشـــنە مـــرۆڤ زۆرن. هەســـت و هۆشـــەکانی مـــرۆڤ هەمیشـــە لـــە خولیـــای ئـــەوەدا بـــوون کـــە وەڵامێـــک بەپرســـیارە ئـــەزەلیَ و هەمیشـــەییەکانی بدەنـــەوە، مـــرۆڤ هەمیشـــە لـــەو دیـــوو سروشـــت و لـــەناو میتافیزیکـــدا گـــەڕاوە و خولیـــای نـــەمری و ژیـــانی هەتاهـــەتایی هـــەرگیز لـــە خـــەیاڵی دەرنـــــەچووە. جـــــوانی و نـــــاوازەیی و سەرســـوڕهێنەری سروشـــت، دەنـــگ و هـــاوار و نەعرەتـــەی هێـــزە سروشـــتیەکان، ململانـــێ گـــەورەکانی ئـــەم هێزانـــە لـــە نێـــوان خۆیانـــدا و لەگـــەڵ مرۆڤـــدا، پرســـیاری گـــەورە و ســـەختیان هێناوەتـــە هزرە ساکارەکانی مرۆڤی کۆنەوە.

مـرۆڤ لـەنێو ئـەم هێـزو ململانێیانـەدا خـۆی چکۆلـە و تـەنها و بـێ دەرەتـان بینیـووە، زۆرجـار وا بیـری کردووەتـەوە کـە ئـەم هێـزو دیـاردە سروشـتیانە بوونـەوەری بـەرز و بـاڵان و داخودازیـان هەیـە، مـرۆڤیش زۆر خێـرا و بەچەنـدین شـێوە، لـە ڕێگـای



Scanned by CamScanner

پەرستن و قوربانیدان و کڕنووش و پاڕانەوەوە هەوڵیداوە قایلیان بکات و بەزەیی و سۆزی ئەم هێزو دیاردانە بەدەست بهێنێت.

زەوی لەڕووی دیاردە و هێزو دیمەنە سروشتیەکانەوە لە ئەستێرە ناسراوەکانی دیکەی ئەم کۆمەڵە خۆرە دەوڵەمەندترە، لەیەککاتدا و پێکەوە لەگەڵ هەر چوار وەرزەکە بەباران و ڕەهێڵەو گەردەلوول و سەرماو گەرماو جوانی و ترسناکییەکانیەوە وایکردووە ئاسمانەکەی لەیەککاتدا تووڕەیی و بەزەیی خۆی پێکەوە بڕێژێت، بەم هۆیەوە توانیویێتی سەرنجی مرۆڤەکان بۆلای خۆی کەمەندکێش بکات.

بەم پێیە ئەم خاک و ئاوە، لەبارە بۆ سەرهەڵدانی چەندین شێوازی جیاجیا لە سروت و نەریتی جۆراوجۆر و پاڕانەوە و پەرستن و بیروباوەڕی میتافیزیکی، کە هەریەکەیان بەشێوەیەک و لەڕوویەکەوە وەلامێک و ئارامییەک و سوکناییەک بۆ هزرو هۆش و دەروونی پڕ لەئەندێشەی ئەو مرۆڤە سادە و ساکارانە فەراهەم بهێنێت. بۆ کەسانێک کە لەژێر سایەی ئەم هەموو دیمەن و دیاردە و نەهامەتیانەدا بەتەنهایی دەژین. بێگومان گەورەیی و سامناکی دیاردەکان ئەم مرۆڤەیان بەرەو ترس و



Scanned by CamScanner

گۆشـــەگیری و هەســـتکردن بەکـــەمی و تاوانبـــاری بـــردووە و خســـتویاننەتە خولیـــای ئـــەوەی کـــە بەپاککردنـــەوەی دەروون و چـــاودێری ڕەفتارەکـــانی خـــۆی ســـەرقاڵبێت و تاڕادەیـــەکی زۆر پشـــت لـــە دنیا هەڵ بکات.

ئـــەم گۆشـــەگیری و بیرکردنـــەوە قووڵـــە دەتوانێـــت مـــرۆڤ بـــەرەو جۆرێـــک لـــە ئاســـودەیی یـــان نائاســـودەیی و حاڵـــەتێکی نائاســـایی و ئاســـتێکی ئـــەوتۆ بـــەرێت کـــە وێنـــای دنیایـــەکی دیکـــەی بکـــات، دنیایـــەک کـــە لـــە هـــیچ کاتێـــک و لـــە هـــیچ شـــوێنێکدا نـــەیزانیوە چییـــە و وێنـــای نـــەکردووە و نازانێـــت بەرەو کوێی دەبات.

ئەمـــەش بـــوو بـــەهۆی ئـــەوەی کـــە لـــەڕووی ڕەهەنـــدە ڕۆحیەکانـــەوە قووڵببنـــەوە و لـــەم ڕووەوە بتـــوانن کاریگـــەری خۆیـــان لەســـەر نەریتـــەکان دابنـــێن.

لەکۆنـــدا بیروبـــاوەڕێکی میتـــافیزیکی زۆر ئاشـــکرا و تایبـــەت نـــەبووە، بـــەڵام ڕێچکـــە ڕۆحیـــەکان لـــە ڕێگـــەی گۆشـــەگیری و پشـــتگوێ خســـتنی دنیـــاوە گەشـــەیەکی زیـــاتر و باشـــتری بـــۆ ئـــەم چەمکـــە دروســـــتکردووە؛ گۆشـــــتیان نـــــەدەخوارد، گیانلەبـــەریان ســـەرنەدەبڕی، بەچەنـــدین شـــێواز وەرزش و ستایشـــی ڕۆحییـــان ئەنجامـــداوە، ئەمـــەش بـــوو کـــە بـــووە هـــۆی ئـــەوەی گۆڕانکـــاری بکەوێتـــە نێـــو



Scanned by CamScanner

دابونـــەریت و تێڕوانینـــی جیـــا بـــۆ سروشـــت و پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتیـــەکانیان. لـــەم بارودۆخـــەدا کـــە ســـەرنج و گۆشـــەگیری قـــووڵ ئاوێتـــەی کولتـــورو ســـروتی نێـــو دیـــاردە ئـــاڵۆزە سروشـــتییەکان بـــووە، بیرکردنـــەوە لـــەودیو سروشـــت و شـــتێک، هێزێـــک، دەســـەڵاتێک، دەبێتـــە خولیـــای ســـەرەکی ئـــەم مرۆڤانـــە. گـــەڕانیش بـــەدوای حەقیقـــەتی هێزێکـــی گـــەورەی لـــەبن نـــەهاتووی پشـــت ئـــەم دیـــاردە سروشـــتیانە دەبێتـــە هـــۆی دروســـتکردنی شـــتێک کـــە ناویاننـــاوە خوداوەنـــد و ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژو جـــار لـــە دوای جـــار چەنـــدین خوداوەنـــد هاتـــە ئـــاراوە. خوداوەنـــدەکان بەســـەر هـــەموو شـــتێکدا دابەشـــبوون و خوداوەنـــدەکان چوونـــە نـــاو هـــەموو شـــتێکەوە، بوونـــە بـــەرد، خـــۆر، هـــەور، مانـــگ، دار یـــا لافـــاو، زریـــان و ڕەهێڵـــە و..تـــاد، هەنـــدێک ئـــاژەڵیش وەک مانگا.

دیـــاردەی مانگاپەرســـتی پاســـاوی قـــوڵی خـــۆی لـــە بـــاوەڕی هیندییەکانـــەوە هەیـــە و دەگەڕێتـــەوە بـــۆ چـــەمکی دۆنـــاودۆن (ڕۆحگـــۆڕکێ، تناســـخ الارواح)، بـــەبڕوای ئـــەوان: دەکرێـــت جارێـــک لـــە جـــاران خـــودا لـــەم ڕێگایـــەوە لـــە جۆرێـــک لـــە جۆرەکـــانی ئاژەڵـــدا بتوێتـــەوە. نـــەک هـــەر ئەمـــە بـــەڵکو باوەڕیـــان وابـــوو کـــە هـــەموو گیانلەبـــەران لـــەڕێگای ئـــەم دۆناودۆنـــەوە

دروستبوون. لەلای ئەوانیش یەکەم گیانبەلەر لەرەوتی دروستبووندا، مانگایە. هەر بۆیە هەتا ئێستاش پاش تێپەربوونی چەندین سەدە ئەم ئاژەڵە پیرۆزیی خۆی لەدەست نەداوە و بەچاوێکی ڕێزەوە تەماشا دەکرێت.

بەباوەڕی ئایینی لەسەرەتاکاندا هەموو شتێک خودا بوو، چونکە هەموو شتێک ڕۆحی تێدا بوو: بەرد، ئاژەڵ، درەخت، ئاو، چیا، ئەستێرە، مانگ، خۆر، خۆڵ، ئاگر، مار، پەلەوەر..تاد، هەندێک لەمانە ڕۆحی بەرز و پاک و پیرۆزیان تێدا بوو، هەندێکی دیکەشیان ڕۆحی پیس و خراپ و درندە. گەورەو بچوکیان تێدا بووە، گەورەیی و بچووکی خوداوەندەکان و گرنگییان لەچۆنیەتیدا بەرجەستە نابێت بەڵکو چەندایەتی، قەبارە، ئەندازە و کێش، کاریگەرییان لەناو دیاردە سروشتیەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

پاش تێپەربوون بەچەندین قۆناغی پڕ لەکارەسات و ڕووداودا وای لەمرۆڤ کردووە بۆهەر کارەسات و ڕوداو و پێشهاتێک خودایەکی تایبەت بناسێت. دیاردە گەردوونی و سروشتیەکان، بەترسناکی و دڵڕفێنیانەوە سەرسوڕهێنەر بوون و دەروونی مرۆیان هەژاندووە، سوپاس و پێزانینیان بۆ



Scanned by CamScanner

سوودمەندەکانیان دەربڕیووە و بەترس و بیمێکی زۆرەوە لەبەرامبەر ترسناک و زیانمەندەکانیاندا دەستەوسان وەستاون. هەر ئەم حاڵەتەش گەیاندونیەتە ئەوەی کە وابزانن هەریەک لەمانە ڕۆحی تایبەت بەخۆیانیان هەیەو کڕنوشیان بۆ بردوون و قوربانیان پێشکەش کردوون.

کاتێک کڕنووشیان بۆ بردوون خۆیان لەبەردەم هێزێکی لەبن نەهاتووی لەڕادەبەدەری بێوێنەدا دەبینیەوە کەخۆشیان لەو بێئاگاییەدا نەیاندەزانی کێیە و چۆنە و لەکوێیە! تەنها ئەوەیان دەزانی ئەو خودایەی ئەوان ئەیپەرستن بێ وێنەیە، بەجوانترین شێوە باسیان دەکرد و بەخۆشترین ناو ناویان دەنا. وردە وردەو بەتێپەڕبوونی سەدە و قۆناغەکان ئەم شیکردنەوەیە و مەیلی ئەم خەیاڵانە وەک حەقیقەتێکی ڕەها جێگای خۆی لەبیر و هزری ئەواندا کردەوە.

(خودا)یەک کەهەر خۆیەتی و خودای هەموو شتێک و هەموو خودایەکە و هەرچی هەیە لەژێر فەرمانی ئەودا دەجوڵێتەوە. دروستکەر و بەدیهێنەری بوونەوەر، ڕاگرو پارێزەری بوونەوەر، کاولکەرو وێرانکەری بوونەوەر، ناکەوێتە ژێر هەستەرەکانی مرۆڤەوە و هەر بووە و هەر



Scanned by CamScanner

ئـــەمێنێت و ســــنووری نییــــە و ســــەرچاوەی هـــەموو بوونەوەرێکـــــە. بــــەم شـــێوەیە نـــەرێت و یاســـــاو پەیوەندییــــە کۆمەڵایەتییــــەکان دەبێتــــە خـــــودای کۆمـــەڵگاکان. بێگومـــان ئـــەم حاڵەتـــەش بەرەبـــەرە سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە.

لــە کۆمـــەڵگا میتافیزکییەکانـــدا ئەوەنـــدە شـــێواز بـــۆ خـــودا دروســـتبووە کـــە لـــە ئێســـتادا نـــەتوانرێت کۆبکرێنـــەوە و ببنـــە یـــەک خـــودا. هـــەر ناوچەیـــەک لەجیهانــــدا جگـــە لەخوداوەنـــــدە سروشـــتیەکان خودایـــــەکی تایبـــــەتی بەخۆشـــــیان هـــــەبووە. گـــەورەترین و بـــەرفراوانترین ئـــایین لەڕۆژهەڵاتــــدا (هیندۆســـــی)یەو قســـــەکردن لەســـــەر ڕەهەنـــــد و کێشـــانی کۆمـــەڵێک وێنـــە بـــۆ خـــودای ئـــەم ئایینـــە دەبنـــە بەڵگـــەی بۆچوونـــەکانمان. بنـــەماکانی ئـــەم خودایـــە، بـــەپێی کتێبـــی (ڤیـــدا) کـــە بـــە پیرۆزتـــرین و گرنگتـــرین ســـەرچاوەی ئـــەم ئایینـــە دەژمێردرێـــت (وەک قورئـــان)، داڕێـــژراوە، دەردەکـــەوێت کـــە ئـــەم خودایــــــە پەیوەندییــــــە کۆمەڵایــــــەتی و ئایدۆلۆژییــــەکانی زەمـــــان و زەمینـــــەی خـــۆی دروســــــتیکردووە و خــــــەڵکانێکی کلتورئـــــامێز تێکستەکانی بۆ داڕشتووە.!

لەتـــەواوی مێـــژووی ڕۆژهەڵاتـــدا بەگشـــتی و مێـــژووی هینـــددا بەتایبـــەت، نـــە لـــەدوور و نـــە لەنزیکـــەوە هـــیچ



Scanned by CamScanner

سەرچاوەیەک نییە ئاماژە بەپێچەوانەی بەم بابەتە بدەن. هەر لە ڕێگای کولتور و ئەفسانە و ڕێبازە ڕۆحییە جیاوازەکان و نەرێتە دێرینەکانی ناوچە بەربڵاوەکانەوە پێکەکانی ئەم خودایە پەرەی سەندووە و ئاوێتەیەکە بۆ دابونەریت و کولتور و ئەدەب و خورەوشت و ئاکاری ژیانی پێشووی کۆنی هیند.

لێرەدا خودا بریتییە لە ئاوێتەیەک لەو ژیانە کلاسیکییەکەی زەمان و زەمینەی خۆیان بەڵام لە بەرگێکی وشیارتردا، جا لەبەرئەوەی دابونەرێت و ئەدەبیات و بیروڕای خەڵکی پشکی سەرەکییان هەیە لە پێکهاتنی ئەم خوداوەندانە دەبینین وێنەکانی خودا پڕە لە گەشەکردن و گۆڕانکاری. ئایینەکانیان پتر لەوەی عەقیدە و شەریعەت بێت گوزارشتە لەم فرە ڕەهەندییەو پڕە لەم شێوازی ژیان و باری کۆمەڵایەتییە. وەک دەردەکەوێت لە ڕووی پەرستنەوە بە (بەرد) دەستی پێکرد، بەڵام بەفەلسەفە کۆتایی پێهاتووە.

لەڕوانگەی منەوە بەم شێوەیە خودا سەری هەڵداوە، لەمەشەوە هەرچی ئەو پێناسانەی بۆ خودا دەکرێن هەرهەموویان پێناسەیەکی ماددین، چەندێک ویستراببێت پێناسەیەکی مەعنەوەی



Scanned by CamScanner

لەڕادەبەدەری بۆ بکرێت و خودا گەورە ببێت بەشێوەیەک هەستوەرەکان هەستی ماددی پێنەکەن دواتر لەناو خەیاڵە باوەکانی ئەقڵدا خودا بچوک دەبێتەوە و لەناو پرسیارە کلاسیکییەکاندا خودا گرمۆڵە دەبێتەوە. دیاردە مێژووییەکان، ڕووداوە سروشتییەکان، پێشکەوتنە زانستیەکان، بەرهەمە ئەدەبییەکان و زۆری دیکە کاریگەری لەسەر هزری مرۆڤایەتی دروستکردووە و هەر یەکە، بەشێوازێک کە نزیک بێت لە کلتور و شارستانییەتی خۆی، لەسەر کاریگەریەکانی ژینگە چۆنی بینیوە، خودای پێناساندوین.

دەشکرێت بەو زمانەی ئاینزاکان باسی دەکەن کە خودا چۆنە و ئێستا چی دەکات، بتوانین وێنەیەکی فەنتازیایی بۆ خودا بکێشین، بۆ نموونە لە ئاینی بوزیدا خودا مرۆڤە، ئێستا پارێزگاری لە یاسا سروشتییەکان دەکات، بەلای ئەوەوە ڕاڕەوی ئاو، کە لە سەرەوە بەرەو خوار دەچێت، ناتوانرێت پێچەوانە بکرێتەوە. لە ئایینی جینی و هیندۆسی دا ڕۆحێکی تەواوەی گەورەیە، بەردەوام لە یارمەتیدانی مرۆڤەکاندایە بۆ کوشتنی ئارەزووەکان و خۆپاکردنەوەی بەردەوام تا بگەڕێنەوە بۆ ئەسڵ.



Scanned by CamScanner

لـــه زەردەشـــتیی دا یاســـایە، بـــەردەوام خـــەریکی نزیکخســـتنەوەی دوورەکانـــە، هـــەوڵ دەدات بـــە مرۆڤـــەکان بڵێـــت ئـــەو یاســـا و ڕێســـایەی لـــە دنیـــای میتافیزیکـــدا هەیـــە هـــەمان ئـــەو یاســـاو ڕێســـایانەن کـــە لـــە فیزیکـــدا هـــەن بـــەڵام بـــەبێ ســـتەم و زۆر. لـــە یـــەهودیی دا ڕیـــش ســـپییەکی هەوراوییـــە، لەگـــەڵ پەیامبەرەکانـــدا قســـە دەکـــات و لەگـــەڵ فرعەونـــدا لـــە شـــەڕدایە. لەمەســـیحیی دا سەرشـــۆڕێکی بـــێ دەسەڵاتی ئاشتیخوازە.

لـــە ئیســـلامدا دەســـتوقاچی هەیـــە و لەســـەر عەرشـــێکی زەبـــەلاح دانیشـــتووە، هـــەموو نیـــوە شـــەوێک ســـەردانی زەوی دەکـــات، هـــەموو ئێـــوارانێکیش خـــۆر دەخاتـــە نـــاو قوڕولیتـــاوێکی خەستی ڕەش تا بەیانییەکی دیکە.

خـــودا لـــەناو سروشـــتدایە و لەگـــەڵ پاڵەوانەکانمانـــدا دەخـــواو دەحەوێتـــەوە، خـــودای ئایینـــەکانیش لـــە خەیاڵـــەکانی میتافیزیکدایـــە کـــە کـــەس نازانێـــت چۆنـــەو هـــیچ بەڵگەیـــەکی ئـــەقڵیش لەبەردەســـتدا نییـــە تـــا وێنایـــەکی بکـــەین. ئـــەوەی یەکـــەم دیاردەیـــەکی سروشـــتییە و ئـــەوەی دووهـــەم مێـــژوو کـــردە. گـــەر خوداکـــانی وێنـــاکراوی دینـــەکان هەبووایـــە ئـــەوا وێنـــە و دەنـــگ و ڕەنـــگ و کاریگـــەریی جیـــاواز جیاوزیـــان نـــەدەبوو، بـــەڵکو



Scanned by CamScanner

جۆرێک لە جۆرەکان لە کۆمەڵێک ئاماژە و هێما و شێوە و شێوازدا هەموویان لەیەک دەچوون، دەچوونەوە سەریەک و لەناو پێناسە هەزەلییەکانی کلتووردا قەتیس نەدەمان و هەر خودایەک بۆ خۆی نەدەبووە نمایندەی یاسا و ڕێسای کۆمەڵە کەسێکی ناوچەیەکی دیاریکراو.

خوداکەی چین لەڕێی حیکمەتەکانی کۆنفۆشیۆسەوە حوکمڕانی کرد، خوداکەی هیندستان لەڕێی دیاردە سروشتییەکانەوە خۆی بۆناو کۆمەڵەکان شۆڕکردەوە، خوداکەی ئیسرائیل لەناو پێوەرە سایکۆلۆژییەکاندا و تەبێژێکی فریادگوزار بوو، خوداکەی عەرەبستانیش لەسەر شەقامەکاندا پیاسەی دەکرد و بەچەقۆ و شمشێرەوە شەڕی دەکرد.

بەرهەمەکەشی ئەوەیە کە خوداکەی چین ئینسانی ئازادی بەرهەمهێناوە، خوداکەی هیند چەندین جۆری چینایەتی بەرهەمهێناوە، خوداکەی ئیسرائیل ئینسانی کزۆڵ، خوداکەی عەرەبیش تۆقین و گەردنی پەڕیوو!

خودای سروشت پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە نییە بەڵام خودای خەیاڵی هەندێک جار دەبێتە فریادڕەس و هەندێک جاریش تۆقێنەر، مەحاڵە بتوانیت پێناسەیەکی گشتگیر بۆ خودا بکەیت.



Scanned by CamScanner

خوداکـــان یـــەک نـــین، یـــەک وێنـــا و دەنگیـــان نییـــە، خـــەڵکی یـــەک ناوچـــە نیـــین، یـــەک یاســـا و ڕێســـاو یەک کلتور و مێژوویان نییە.

ئـــەو خودایـــەی بـــوزاو کۆنفۆشـــیۆس باســـیان لێـــوە کـــردووە، ســـەرباری ئـــەوەی لەوپـــەڕی ڕۆژهەڵاتـــدا ژیـــاون و هـــەزاران ســـاڵ بەســـەر تەمەنیانـــدا تێپـــەڕیووە، زیـــاتر لـــە ئێمـــەوە نزیکتـــرن و ئاشـــنایەتی ئێمـــە بـــەوان زۆر باشـــتر و قـــووڵترە لـــەو خودایـــەی کـــە ئیســـلام بـــۆی پێناســـە کـــردووین. خودایـــەتی ئـــەوان بۆتەیـــەکن لـــە بۆتـــەکانی ئـــەقڵ، بەشـــێکن لـــە ئـــەخلاق، ئارەزووەکـــانی مرۆڤایـــەتی کـــە بـــەهێزترین هۆکـــاری بـــەردەوامبوونی حـــەزەکانی ژیانـــە، سەرکێشـــیی بـــە پەیوەندییـــەکـــانی خـــودا و مرۆڤەکانـــەوە دەکـــات. لەســـەر ئارەزووەکـــانی مـــرۆڤ شـــوێنەوار لەســـەر ئـــەوانی دیکـــە جـــێ دەهـــێڵن و چاکە و خراپە لەگەڵ دەورووبەر دەکەن.

لـــەلای هەنـــدێک ئـــایینزای موســـڵمان خـــودا ئـــەخلاق نییـــە بـــەڵکو بـــە ئەخلاقـــە، دادپـــەروەری نییـــە بـــەڵکو دادپـــەروەرە، ڕوخـــاو نییـــە بـــەڵکو ڕوخێنـــەرە، لێرەشـــەوە بەشـــێوەیەیکی ڕاســـتەوخۆ بـــە مـــرۆڤ دەڵـــێن بـــە ئەخلاقبـــە، دادپەروەربـــە، ڕوخێنەربـــە..تاد. لـــەناو تیـــۆری ئەخلاقـــدان بـــێ ئاگـــا لـــەوەی کـــە خـــودا مومارەســـەی هـــیچ کـــام لـــەو



Scanned by CamScanner

ئەخلاقانــــە ناكـــات كەئـــەو مەبەســـتێتی چونكـــە ئەمانـــە پێـــودانگی ژیـــانی مرۆڤایـــەتین نـــەك شـــتی دی. بـــەڵام ئـــەوەی بـــە ئێمـــە دەگـــات ئەوەیـــە ئـــەخلاقی ڕاســـتەقینەی ئـــەم خودایـــە، بـــەپێی دەقـــەكان، بریتییـــە لـــەوەی لـــە بۆســـەدا بێـــت بـــۆ مرۆڤـــەكان، تـــا بزانێـــت كـــەی و چـــۆن و بـــۆچی خراپـــە دەكـــەن. پێیـــان وایـــە هـــەموو ئـــەو كردەوانـــەی كـــە مـــرۆڤ بـــە سەربەســـتی خـــۆی ئـــەنجامیان دەدا كاریگـــەری چـــاك یـــان خـــراپ لەســـەر ئـــەوانی تـــر دروســـت دەكـــات، پێویســـتە بـــەپێی ئـــەم یاســـا و نامووســـــە حەتمییـــــە، پاداشـــــت یـــــان تۆڵـــــەی دادپەروەرانـــەی خـــۆی لەســـەر وەربگرێـــت. چونكـــە یاســـــای خـــــودایی لەگەردوونـــــدا لەســـــەر دادپەروەرییـــەكی ڕووت وەســـتاوە، هـــەر ئـــەم یاســـا و دادپەروەریـــەش بڕیاریـــداوە بـــەپێی یاســـایەك كـــە لـــەو دنیـــادا هەیـــە، هـــەموو كردەوەیـــەك پاداشـــتی خـــۆی وەربگرێـــت. گـــەورە و بچـــووكی كردەوەكـــانی مـــرۆڤ ســـەرژمێر دەكـــات و ناهێڵێـــت بەســـەر مرۆڤەكەدا بەئاسانی تێپەڕ بێت.

هـــەوڵ دەدەن لـــەڕێی چیـــرۆك و ئەفســـانە و پەنـــدی پێشـــینانەوە بـــوونی ئـــەو بســـەلمێنن، لەكاتێكـــدا گوتـــاری ئـــەم جـــۆرە ئاینپەروەرانـــە و ئـــەو ئەخلاقـــەی ئـــەوان باســـی دەكـــەن جگـــە لـــەوەی كـــە بەرهـــەمی



Scanned by CamScanner

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە ئەوی دیکەی دەبێتە بەرهەمی خەیاڵ.! بەڵام ئەوەی لەبەر دەستدایە، ئەو بەڵگانەی کە بەردەست ئێمە کەوتوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەین هەر هەموویان زیاتر بەلای ئەوەدا دایدەشکێنن کە؛ ئەو خودایەی ئایینەکان وێنایان کردووە خەیاڵە. ستەمکار زۆر جار بەبێ ئەوەی تۆڵەی خۆی وەرگرێت و چاکەکار زۆرجار بەرلەوەی پاداشتی خۆی بەدەست بهێنێت، دەمرن، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک هەبێت دڵنیامان بکاتەوە کە زیندوو دەبنەوە. ئایینی ئیسلام لەم پێگەیەدا لەهەموو ئاینەکانی تر هەژارترە، یەهوودیی، مەسیحیی، زەردەشتیی..تاد. ڕەنگە دۆناودۆن (تناسخ الارواح، ڕۆح گۆڕکێ) باشترین و گونجاوترین وەڵامی میتافیزیکی بێت بۆ پرسیارەکانی پاش مردن کەچی ئیسلام بەهەموو شێوەیەک ڕەفزی دەکاتەوە..

بۆی هەیە لێکۆڵیارێکی زیرەک بگاتە ئاستێک کە بتوانێت هەندێک پێگەی فەلسەفی لە ئاینەکانی وەک بوزی و زەردەشتیی دا بدۆزێتەوە، وەک ئەوەی کە نیتچە لە بەرامبەر زەردەشت کردی و کتێبە بەناوبانگەکەی نووسیی (زەردەشت وەهای فەرموو)، بەڵام مەحاڵە بتوانین لە

گوتـــاری ئیســـلامدا فـــەلســـەفەیەکی ڕوون دەربـــارەی گوتـــاری میتـــافیزیکی خوداکـــەیان بدۆزینـــەوە.

لەســـەر هـــەر ئایـــەتێک لـــە ئایەتـــەکان بـــدوێین بـــەبێ کێشـــە ڕووبـــەڕووی چەنـــدین ئایـــەتی پێچەوانەکـــەی دەبینـــەوە. لـــە ئیســـلامدا چەنـــدین وێنـــەی تۆقێنـــەر بـــۆ خـــودا کێشـــراوە و دەیـــەوێت پێمـــان بڵـــێ کـــە خـــودا هەیـــە و لەوێیـــە، لـــەوێی نادیـــار، لـــەوێی ئـــەوێ، بـــەڵام فەلســـەفەی ئلوهییـــەتی ڕۆژهـــەڵاتی ئەوســـەر لەدۆناودۆنـــەوە دەیبـــات بـــۆ نـــەمری (خلـــود)ی ڕۆحـــی مـــرۆڤ، ڕۆح تایبەتمەنـــد نییـــە بەیـــەک جەســـتە تـــا لـــەو جەســـتەیەدا پاداشـــت و تۆڵـــەی مـــاددی خـــۆی لـــەو دنیـــادا وەربگرێـــت، بـــەڵکو دابڕانێکـــی جەســـتەیی تـــەواو هەیـــە لـــەنێوان گەشـــتەکانی و مـــردن و زیندووبوونـــەوەی بـــەردەوام. لـــەم حاڵەتـــەدا خـــودا لێرەیـــە، ئێـــرەی بینـــراو، ئێـــرەی لێرە.

واتـــە مانایـــەکی لـــۆژیکی بـــۆ دروســـتبوونی خـــودا پەیـــدا دەکـــەن. بـــەبۆچوونی مـــن وەڵامـــی ســـۆفییەکان بـــۆ وێنـــاکردنی خـــودا جێـــی تێڕامـــان و لـــێ ورد بوونەوەیـــە.! زۆرینـــەیان ئـــەو باوەڕەیـــان لـــەلا دروســـتبووە خـــودا گشـــتە و مـــرۆڤ بەشـــە.!! مـــن خـــودام و خـــوداش منـــە. خـــودا ئەوەنـــدە دوورە وەک ئـــەوەی کـــە نـــەبێت ئەوەنـــدەش لێیانـــەوە نزیکـــە



Scanned by CamScanner

وەک ئەوەی خۆیان بن. بەجێ نەگەیاندنی خواست و ئارەزووەکان بەچاک و خراپیانەوە، وەستانی ئەم ئارەزووانە و زاڵبوونی مرۆڤ بەسەرخۆیدا، بەشێوەیەک نە خواستی مابێت و نە ئارەزوو، بەڵکو ڕازییە بەوەی کە هەیە و داوای زیاتر ناکات، ئەگەر ئەمە بەدیهات و دابڕانێکی تەواو لەکارە دنیاییەکان و پەیوەندی و داڵدەکانی دەوروبەر ڕوویدا، بەجۆرێک کە خود پێویستی فیزیک نەمێنێت، لەم کاتەدا مرۆڤ ئەو ڕێگەیەی بەدەستهێناوە کە پێی دەرباز دەبێت و جارێکی دیکە لەدایک نابێتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆلای (خودا)، من بۆ لای ئەو، تاک بۆ لای گشت، دڵۆپ بۆلای دەریا، ئەم بەیەکجاری ئاوێتەی ئەو دەبێتەوە. چۆن دڵۆپێک ئاو لەگەڵ زەریایەکی گەورەدا، پێشتر لەیەک جیابونەتەوە و پاشتر ئاوێتەی یەکتر دەبنەوە، بەهەمان شێوەش ڕۆحی بچووک دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا و ئاوێتەی دەبێتەوە.

ئەو کەسەی کە ئارەزووی هیچ شتێک و هیچ پەیوەندییەک ناکات و بەتەواوەتی لە خواست و ئارەزووەکانی ڕزگاری بووە و خۆی لەخۆیدا لەم حاڵەتەی خۆی دڵنیایە، ئەم زاتە هەمیشەیی و نەمری بۆ خۆی دەستەبەر دەکات. ئەم



Scanned by CamScanner

بۆچوونە، متبوون و گۆشەگیری و زوهد و خۆگرتنەوەی تەواو لە هەموو شتێک لە هەرکارێکی چاک بەباشتر دەزانێت و بەتاکە ڕێگای گەشتنەوە بەخودا دەداتە قەڵەم. خۆی بەهێزێکی گەورە و شاراوەی جیهانی کاریگەر دەزانێت و گەیشتۆتە ئەوەی کە ڕاستەوخۆ خۆی بە ئەو هێزە جیهانییە گەورەیە بزانێت کە خودایە، یاخود بەشێکە لە خودا..!!

واتە باوەڕبوون بەوەی کە خود خودایە و خوداش خودە، تەواو.! مرۆڤ نەلاشەیە و نەهەستیارەکانە، بەڵکو ئەمانە تەنها پێکهاتەن، دەگۆڕێن و دەمرن و دەڕزێن.! مرۆڤی ڕاستەقینە ڕۆحێکی ئەزەلی و ئەبەدی و سەرمەدییە و لەسروشتی خودا خۆیەوە هاتووەتە دەرەوە. ئەم گەردوونە هەر هەمووی، جگە لەدەرکەوتنێکی بوونی ڕاستەقینە و بنەڕەتی و خۆر و مانگ و هەموو ئەم لاو ئەولای جیهان، هیچ شتێکی دیکە نییە. هەموو ڕۆحەکان بەشێک و شێوە دەرکەوتنێکی ئەو بوونە ڕاستەقینەیەن.

هەموو بوونەوەر، چیاو دەریا و زەریا و ڕووبارەکان، هەموو شتەکانی دیکە، دەرکەوتنی ئەون و ئەو(خودا) لەهەموویاندا ئامادەیە.



Scanned by CamScanner

گەر بەم ڕەهەندانەدا بچینە خوارەوە بۆمان دەردەکەویت کە خودا سروشتە، میژووی، ئیستای، ئایندەی، کارو کاریگەرییەکانی بەڕوونی دەبینریّن. بەلام لە ئیسلامدا فەلسەفەیەکی لەم شیوەیە نییە و خودا لە سروشتیشدایە و لەویو سروشتیشەوەیە، ئەرکی خودا، شوینی خودا، بیرکردنەوەی خودا، لیرەشە و لە ویشە، لەسەر زەویە و لە ئاسمانیشە، سیفەتەکانی جۆرا و جۆرن. دەست و قاچی هەیەو لەسەر کورسییەک دانیشتووە، وەک پاشایەک هەموو دەسەلاتیکی هەیە، وەک دادوەریک فەرمان دەکا، وەک جەللادیش سزا دەدات. بەم پییەش خودای ئیسلام دەبیتە کلتورو نەریتە کۆنەکانی بیابانی عەرەبنشین و ئاویتەیە لەگەڵ یاساکانی زەمان و زەمینەی خۆی.

چەمکی خودا، لەئەنجامی بیرکردنەوەوە بەرهەمهاتووە. هەموو ئەو پیناسە و ئاماژانەی ئایینەکان بۆ خودایان کردووە جیاوازە لەو تیڕوانینەی کە لەهزری تویژەر و فەیلەسووفەکاندا هەیە. هەرچەندە چەمکەکە بەرهەمی جیهانی میتافیزیکە و لەبەرگی ئایندا خۆی نیشانداوە بەلام لەناو گوتارە



Scanned by CamScanner

ئایینییەکانیشدا جیاوازی بۆ بینینی خودا هەیە و لەئاینێکەوە بۆ ئایینێکی دی دەگۆڕێت.

تەواوی ئاینەکان هەوڵیانداوە لەڕێی سیفەتەکانەوە خودا بەئێمە بناسێنن، ئەمەش ئەو هەڵە گەورەیەیە کە تێی کەوتوون و ئەو درۆ گەورەیەیە کە بۆیان ڕاست نابێتەوە. هیچ بەڵگەیەک شک نابەین جگە لەوەی کە هەوڵێکی بێ وچان دەدات لەڕێی سیفەتەوە بوونی خودایەتی بسەلمێنێت لەکاتێکدا خودا بەسیفەت ناشوبهێنرێت، چونکە سیفەتەکان بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤن و سنووری تایبەتی خۆیان هەیە، بەهۆی ئەم سیفەتانەوە خودا سنووردار دەکرێت. بۆ نموونە گەر بڵێین خودا بەتوانایە، خودا زانایە و هتد، هەڵەیە و دەبێت بگوترێت خودا لە سەروی تواناوەیە..

خودا لە سەروی زاناوەیە تاد. خۆ ئەگەر بڵێین خودا لە سەروی ئەم سیفەتانەوەیە و ڕاستیشە ئەو کات دەپرسین پێش دروستبوونی گەردوون ئایا خودا مومارەسەی ئەم سیفەتانەی لەگەڵ کێ کردووە.؟؟ گەر دادپەروەر بووە، ئایا مومارەسەی دادپەروەری لەگەڵ کێ کردووە.؟؟ گەر خودا زانا بووە و ئێستاش هەر زانایە، ئایا پێش دروستبوونی ئەم گەردوونە لەگەڵ کێ



Scanned by CamScanner

مومارەسـەی زانایـەتی کـردووە.؟! گـەر بڵێـین سـەرەتا زانـا نـەبووە، پاشـان بـەهۆی دروسـتبوونی گەردوونـەوە سـیفەتی زانـایی بۆخـۆی هـەڵگرتوەو، لێـرەدا خـودا دەبێتـە شـتێک کـە قـابیلی گـۆڕان بێـت (متغیـر) سـیفەتی گـۆڕانیش، لـە شـتێکەوە بـۆ شـتێکی تـر، لەگـەڵ ئـەو گوتـارەدا ناگونجێـت کـە ئایینـەکان کێشـاویانە چونکـە ئـەوان دەڵـێن خـودا لەئەزەلەوە چۆن بووە، هەروا دەمێنێت.

لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا فەلسـەفەی ئلوهییـەتی مەسـیحیی نزیکتـرین پێناسـەی بـۆ خـودا هەیـە، ئـەوان وا خـودا نیشـانی ئێمـە دەدەن کەسـێ بۆتەیـە (ثـلاث اقـانیم) هەرسـێکیان پێکـەوە دەبنـە خـودای ڕاسـتەقینە، خـودا، زات، سـیفەت. سـێگانەیی (التثلیـث) لـەلای مەسـیحیی لەمـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، خـودا= بـاوک، ڕۆڵـە= زات، ڕۆحـی ڕەوان= سـیفەت. هەرسـێکیان سیانیشـن و یەکێکیشـن. ئـەم سـێگانەییەش بەسـەر چەنـدین نموونـەدا شـۆڕبۆتەوە و بـەبۆچوونی ئـەوان هـەموو ئـەو شـتانەی گـرنگن و ژیانیـان لەسـەر وەسـتاوە دابەشـی سـێ جـۆر بـوون: هـەوا بریتییـە لـە ئۆکسـجین و هایـدرۆجین نـایترۆجین، مـاددە بریتییـە لـەغاز و شـلە و ڕەقـی، زەمـەن بریتییـە لـە

ڕابـــردوو، ئێســـتا، داهـــاتوو، گەردیلـــە بریتییـــە لـــە پرۆتۆن، نیوترۆن، ئەلکترۆن.. تاد.

کێشـــەی ســـەرەکی نەناســـینی خـــودا دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ئـــەوەی کـــە نـــەزانین چـــۆن خودایـــەتی ســـەری هەڵـــداوە.! کـــە خـــودی ئاینـــەکان نـــەتوانن بەشـــێوەیەکی دروســـت خودامـــان پـــێ بناســـێنن ئیتـــر لـــە کوێـــوە و بـــەچ بەڵگەیەکـــەوە بـــاس لـــە پێکهاتەیـــەک بکـــەین کـــەپێی دەوترێـــت خـــودا.! لـــە مـــەسیحیدا خودایـــان کـــردە مـــرۆڤ و ئـــەم خودایـــە بـــە بـــەرچاوی خەڵکـــەوە مـــردووی زینـــدوو کـــردەوە بـــەڵام کـــەس بـــڕوای پـــێ نـــەکرد.! یـــان ئـــەوەتا وەک ســـەردەمی دێـــرین بنـــەماکانی خـــودایی لەســـەر پایـــەی درۆ و حیکایەتـــە خورافییـــەکان وەســـتاوە، یـــان ئـــەوەتا مەهزەلـــەی فکـــری بەشـــەریی لـــە مەسـیحەوە دەسـت پـێ دەکـات، دەنـا چـۆن لۆژیـک ئەمـە قبـووڵ دەکـات لەبـەرچاوت مـردوو زینـدوو بکەنەوە و بڕوای پێ نەکەیت.!

هەســـتەوەرترین مەســـەلە لێدوانـــە لەچـــەمک و پێکهاتـــەکانی خـــودا. جگـــە لـــەگوتاری دینـــی بەســـەدان هـــەزار لێکۆڵینـــەوە لـــەم بارەیـــەوە نوســـراون و کەســـیش نـــەیتوانی وێنەیـــەکی حـــەقیقی خودامـــان بـــداتێ، چونکـــە بینینـــی خـــودا، بـــەمانا فەلســـەفییەکەی، واتـــە وەڵامدانـــەوەی پرســـیارە



Scanned by CamScanner

ئەزەلی و ئەبەدییەکانی میتافیزیکی مرۆڤایەتی. ڕەنگە توێژەرەوان و فەیلەسوفەکان گەیشتبنە کۆمەڵێک حەقیقەت وەلێ ئەم حەقیقەتە بەزەمانێکی ستاندار شۆڕنەبووەتەوە بۆ ناو سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵ، ئەوەی هەیە و نییە کۆمەڵێک بەرهەمی نوخبەن بۆ بیرکردنەوەی کۆمەڵێک لەخوێنەری نوخبە. بیرمان نەچێت کە تێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و گوتارە ئایدۆلۆژییەکانی سەردەمە جیاوازەکان هەریەک بۆ خۆیان دەبنە خودا. بانموونەیەکی سادە بهێنینەوە:

جیهانی ژیانی مرۆڤایەتی لەشەش کیشوەردایە، لەچواریان دا (ئەوروپا، ئەمریکای سەروو، خواروو، ئوستراليا). کۆمەڵگاکانیان توانیویانە خۆیان لە پاشماوەکانی بیرکردنەوە خورافییەکانی ڕابردوو ڕزگار بکەن و ببنە خاوەنی بیرکردنەوە زانستیەکانی ئێستا، تاڕادەیەکی باش پارێزگاریی لەمافە سەرەتای و ئازادییەکانی مرۆڤایەتی هەیە و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و مۆدێرنیان هێناوەتە بەرهەم.

لە ئاسیاش، ڕوسیا لەسەرەوە و یابان و چین لەوسەری ڕۆژهەڵات، دابڕانێکی زۆر لە نێوان ئێستا و مێژوویاندا هەیە و ڕەهەندێکی نوێیان بۆ



Scanned by CamScanner

چەمکەکانی دین داهێنا، بۆیە تاڕادەیەکی زۆرباش ڕزگاریان بووە. ئەفریکا-ش سەرباری هەژاری و نەبوونی شارستانی، گەورەترین کیشوەر و زۆرترین خەڵکانێکن لەڕووی لێبووردەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یەکتر قبووڵکردنەوە.

کۆمەڵە ناوچەیەک هەن، کە دەکاتە خوارووی ڕۆژئاوای ئاسیاو باکووری ئەفریکا، لە پاکستان و بەنگلادشەوە دەست پێ دەکات و بەناو عێراق و مسردا تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە مەغریب و مۆریتانیا، تا ئێستاش لە ڕابردوودا دەژین و نەیانتوانیوە ببنە بەشێک لە دنیای زانست و ئازادیەکانی ئێستا. تەواوی ئەم وڵاتانە یەک خودا ڕابەرایەتی ئەقڵیان دەکات. هیچ پەیوەندییەکی بە ئابووری و بایۆلۆجی و جیۆپۆلەتیکەوە نییە، زۆربەی ئەم وڵاتانە لە ئابوورییەکی زۆر باشدا دەژین. هەندێکیان لەئاست وڵاتە دەوڵەمەندەکانی دونیادان، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم وڵاتانە لە کۆندا، پێش ئیسلام، بەناو شارستانییەتێکی عەریقدا تێپەڕیوون.

یەکێک لە دیارترین نیشانەی کۆمەڵگا شارستانییەتەکانی کیشوەرە لەخودا دابڕاوەکان



Scanned by CamScanner

لێبووردەیی و یەکترقبوولکردن و داهێنان و دابینکردنی زەمانەتی کۆمەڵایەتی و ژیانی یەکسانە لە نێوان ڕەگەز و چینەکاندا، بەشێوەیەک کە ببنە پەناگە و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودەیی و پڕ لە بەختەوەری بۆ ئەو دوژمنە توندڕەو و پەڕگیرە موسڵمانانەش کە نەیانتوانیووە حەز و ئارەزوویان بۆ داڕمانی ئەم وڵاتە پڕ لە بەختەوەرییە لە دڵ و دەروونیاندا بشارنەوە. ئەمەش لەسایەی سێبەری ڕژێمێکدا کەپێی دەگوترێت دیموکراتی. دیارترین نیشانەش بەڕووی کۆمەڵگا ئاینییە یەکانەیەکانەوە توندڕەوی تایفی و ڕەگەزی و ناوچەگەرێتی، غەزا و جیهاد، سڕینەوەی کولتوورو فەرهەنگی غەیری خۆیانە. لێرەدا خودای یەکەم ناوی دیموکراتییە و ئەوەی دووهەم پێچەوانەکەی.! یەکەم بە ئەقڵ بیر دەکاتەوە و دووهەم بەماسولکە، یەکەم پشت بە زانست دەبەستێت و دووهەم بە خورافە.

دۆزینەوەی ڕاستەقینە گرنگە نەک پیاهەڵدانی سیفەت.! کە پێگەکانی خودامان دۆزییەوە لەڕێی هەڵسەنگاندنی بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگاوە، زۆر بەئاسانی دەتوانین ناوی بۆ داتاشین. ئەو قسەیە بەڕاست نازانم کەدەڵێت: کێ خۆی ناسی، خودای ناسیووە.! گەر



Scanned by CamScanner

بمانــــەوێت ڕوون تـــــر لــــــە خـــــودا تێبگـــــەین و ڕەهەنـــدەکانی ببینـــــین دەبێـــت بگەڕێینــــەوە بــــۆ ســــەرەتاکانی ســــەرهەڵدانی ئـــایین لــــە میــــژوودا، بگەڕێینـــەوە بــۆ یاســـا و ڕێســا و ئاکـــار و ســـروتە کلتورییــــە ڕەســــەنە کۆنــــەکانی مێـــژووی ئــــەو کۆمەڵگایـــەی کــــە تێـــدا خوداکــــە ســــەری هەڵـــداوە.

بـــەمانێکی دی ئەگـــەر ویســـتمان بـــزانین فلانـــە خـــودا چۆنـــەو دەنـــگ و ڕەنـــگ و وێنـــە و پێکهاتەکـــەی چۆنـــە و چـــۆن بـــاس لــــە ژیـــان و لـــەمرۆڤ و لــــە ئاینـــدە و یاســـا و ڕێســـاکان دەکـــات، ئەوەنـــدە بەســـە کـــە بڕوانینــــە مێــــژووی شارســـــتانی و کۆمەڵایـــەتی ئـــەو ناوچـــە و کۆمەڵگایـــەی کـــە تێـــدا خوداکـــە سەری هەڵداوە.



Scanned by CamScanner



ڕوناکبیری ئاینیی

## تەحسین حەمەغریب:

**بۆ ناسینی خودا پێویستمان بە دەلیلی عەقڵی نیە، بەڵکو پێویستمان بە ئەزموونکردنی خودا هەیە.**

Scanned by CamScanner

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە کتێبی (ئیدیک بۆ ئینناسی نوێ) بەڵگەکانی بوون و نەبوونی خودام بە درێژی باس کردووە، وە قۆناغە مێژووییەکانی بەڵگەکانی بوون و نەبوونی خودام باس کردووە، بۆیە کەسێک کە بیەوێت بۆچوونی من لەو بارەیەوە بزانێت گەڕانەوە بۆ ئەو کتێبە شتێکی باشە، بەڵام لێرە بە کورتی باسی دەکەم، سەرەتا دەربارەی ئەوەی (ڤیتگنشتاین) دەڵێت خودا لە دەرەوەی وجودە ئەوە پێویستی بە ڕونکردنەوە هەیە، چونکە وجود لای ڤیتگنشتاین چیە؟ بۆ ئەوە پێویستمان بە ڕونکردنەوەی ئەو بابەتە هەیە هەڵبەتە بۆچوونەکانی ڤیتگنشتاین بە بۆچوونی من سەبارەت بە بوون و نەبوونی خودا پەیوەندیان بە ڤیتگنشتاینی یەکەمەوە هەیە.

بابەتی خودا لای ڤیتگنشتاین ئەوەندەی ڤیتگنشتاینی قۆناغی یەکەمە ئەوەندە ڤیتگنشتاینی قۆناغی دووەم نیە، واتە ئەوەندەی



Scanned by CamScanner

پەیوەنــدیی بــە ڤیتگنشــتاینی نامەکانــەوە هەیــە (کتێبــی نامــەکان) ئەوەنــدە پەیوەنــدی بــە کتێبــی دووەمــــی، لێکۆڵینــــەوە فەلســــەفیەکان-کــــە لە ڕاســـتیدا کودەتایەکــە بەســـەر کتێبـــی یەکـــەمی دا نیــە. لەبەرئــەوە زۆرجــار کــە خــەڵک لێکۆڵینــەوەی دەربــارەی بۆچونــەکانی ڤیتگنشــتاین کــردووە لەمــەڕ بابــەتی خــودا هەرچەنــد خــەڵکی پســپۆڕ لــەو بارەیــــەوە لێکۆڵینــــەوەی کــــردووە بــــەڵام بــــواری قســــەکردن مــــاوە لەســــەر ئــــەوەی ڤیتگنشــــتاین بۆچوونی چۆنە بەرامبەر بە خودا.

ئێمــە ئــەوە دەزانــین کــە ڤیتگنشــتاین لــە قۆنــاغی یەکەمیــــدا یــــەکێک لــــە فەیلەســــوفەکانی (پــۆزەتڤیزم)ــە بــەڵکو یــەکێک لــە بــەناوبانگترین و بلیمــــەترین فەیلەســــوفەکانی فیکــــری پۆزەتڤیزمــــە، پەیوەنــدیی ڤیتگنشــتاین لەگــەڵ (راســـل، مـــۆر) وەکـــو دوو مامۆســـتای ئـــەو ڕوون و ئاشـــکرایە وە سەرســــامبوونی ئــــەوانیش بــــە ڤیتگنشــــتاین و بەتایبــــەتی (راســـل و بــــەنانی خــــەزالین) بــــە بلیمەتزانینی ڤیتگنشتاین بەناوبانگە.

بــۆ ئــەوەی بیــری ڤیتگنشــتاین لەمــەڕ بابــەتی خــودا ڕوونبکەینــەوە، ئێمــە دەبێــت ئــەوەمان لەبــەرچاو بێــت کــە لای پۆزەتیڤزمــەکان هــەم ڤیتگنشــتاین پەیوەندیــەکی ڕاســتەوانە لــە نێــوان وێنــە و مانــادا



Scanned by CamScanner

بوونی هەیە یان وردتر بڵێین لە نێوان ئەزموون و مانا بوونی هەیە، بەلای ڤیتگنشتاین و پۆزەتیزمەکانەوە شتێک کە نەبینرابێت و وێنەی نەبێت و مرۆڤ نەتوانێت وێنای بکات یاخود ئەزموونی نەکردبێت ئیدی نایەتە ناو توانا دەرکیەکانی مرۆڤەوە، مرۆڤ ناتوانێت وێنای بکات. ئینجا ئەم بۆچونە سەبارەت بە زۆرشت ڤیتگنشتاین سودی لێ بینیووە، بەتایبەتی لە بابەتە ئاینیەکان و هونەر و ئەخلاق!

چونکە هەم ڕێسا ئەخلاقیەکان شتێکی بینراو نین هەم بابەتی هونەر. ئەو دیوە قووڵەی هونەر کە دەتوانین بڵێین دیووە نەبینراوەکەی هونەرە لای ڤیتگنشتاینیش شتێکی بینراو نیە، هەروەها بابەتە ئایینیەکانیش، ناشکرێت مادام مرۆڤ ئەوانە نەبینێت، مادام ناتوانێت ڕێسا ئەخلاقیەکان ببینێت مادام ناتوانێت دیوی قووڵی هونەر ببینێت وە ناتوانێت بابەتە ئایینیە قووڵەکان ببینێت، وەکو خودا. ئیدی بوونیان نەبێت.

لەبەرئەوە دەوترێت کە ڤیتگنشتاین ئەوەی بە داهێنانێکی گەورە دەبینی لەو قۆناغەدا کە هاوتایەکی لە نێوان ئەزموون و ماناکردندا لێک دەدایەوە واتە هەر شتێک کە ئەزموون نەکرێت و



Scanned by CamScanner

نـــەبینرێت ئیـــدی مانایـــەکی نیـــە. دەوترێـــت ڤیتگنشـــتاین لـــەو قۆناغـــەدا بـــەم داهێنانـــەی خـــۆی زۆر غـــەمبار بـــوو، چونکـــە دەیزانـــی ناتوانێـــت لـــە بابـــەتانێکی وەکـــو بـــوونی خـــودا و ئـــەخلاق و هونـــەر خۆی بدزێتەوە.

دەبێـــت قســـەی لەســـەر ئـــەم بابەتانـــەش ببێـــت لەبـــەر ئـــەوە ڤیتگنشـــتاین لێـــرەدا زۆر لەســـەر ئـــەم بابەتـــە وەســـتاوە ئەوەنـــدەی مـــن بـــەدواداچوونم کردبێـــت وە هـــــەروەها ئـــــەو لێکۆڵینەوانـــــەی دەربـــــارەی ڤیتگنشـــتاین کـــراوە ڤیتگنشـــتاین وجـــودی چوانـــدووە بـــە چـــاو، لەبەرئـــەوەش پەیوەندیەکـــە باســـی دیینیـــە ئـــەوەی ببینرێـــت و ئـــەزموون بکرێـــت و بچێتـــە توانـــا دەرکیـــەکانی مرۆڤـــەوە ئیـــدی بـــوونی هەیـــە، لـــەم ڕووەوە توانـــا دەرکیـــەکانی مـــرۆڤ لەگـــەڵ چـــاودا دەبنـــــەوە بەیـــــەک و هاوشـــــێوەی یـــــەکن وێکچواندنێکی سەیر لە نێوانیاندا هەیە.

چـــاو شـــت دەبینێـــت ئـــەو شـــتانەی دێنـــە بـــەرچاو دەتوانێـــت مامەڵـــەیان لەگەڵـــدا بکـــات دەچنـــە نـــاو توانـــا دەرکیـــەکانی مرۆڤـــەوە بـــەڵام لێـــرەدا پرســـیارێک هەیـــە ئـــەویش ئەوەیـــە چـــاو خـــۆی نابینێـــت!! چونکـــە چـــاو لـــە ســـنوری بینینـدایـــە! ناتوانێـــت خـــۆی ببینێـت ئـــەوە چـــاوێکی دیکەیـــە ئـــەو دەبینێـــت لـــە واقیعـــەدا ئـــەگینا خـــودی چـــاو ناتوانێـــت خـــۆی ببینێـــت



Scanned by CamScanner

لەبەرئـــەوە چـــاو دەکەوێتـــە ســـنوری بینینـــەوە بۆیـــە ڤیتگنشـــتاین بـــاوەڕی وایـــە ڕێســـا ئەخلاقیـــەکان و بابەتـــە ئاینییـــەکان لـــە ســـنوری وجـــود دان، خۆیـــان بۆخۆیان بەشێک نین لە وجود!

کەواتـــە بوونیـــان هەیـــە بـــەڵام نایەنـــە نـــاو توانـــا دەرکیـــەکانی ئێمـــەوە. کەواتـــە ئەگـــەر جـــارێکی تـــر چـــاو بێنینـــەوە نـــاوەوە، چـــاو هـــەروەک ئـــەوەی خـــۆی لـــە ســـنوردایە لـــەو دیـــو چاویشـــەوە شـــتی دیکـــە هەیـــە، بۆیـــە ڤیتگنشـــتاین لـــە هەنـــدێک لـــە نوســـینەکانیدا ئامـــاژەی بـــەوەداوە خـــودا دەکەوێتـــە ئـــەو دیـــو چـــاوەوە، ئـــەو دیـــو توانـــا دەرکیـــەکانی ئێمـــەوە، ئـــەو شـــتەی کـــە ئێمـــە نـــاییبینین ماناشـــی نیـــە لای ئێمـــە، بـــەڵام مانـــای وانیـــە بـــوونی نییـــە، چونکـــە خـــودی چـــاویش نابینرێـــت وە ئـــەو شـــتانەش کـــە لـــەودیو چـــاوەوەن نـــابینرێن بۆیـــە ڤیتگنشـــتاین زۆرجـــار هـــەوڵی ئـــەوەی داوە کـــە لـــە بابـــەتی خـــودا تێبگـــات بـــەڵام لەبـــەر ئـــەوەی لـــەو قۆناغـــەدا ئیشـــی لەســـەر کـــردوو وە لـــەو قۆناغەشـــدا وێنـــە لەگـــەڵ مانـــادا دەبێتـــەوە بەیـــەک خـــوداش وێنـــەی نیـــە لەبـــەر ئـــەوەی لـــەناو توانـــا دەرکیـــەکانی ئێمـــە (لـــەناو بینراوەکانـــدا) جێـــی نابێتـــەوە، لـــەو قۆناغەشـــدایە کـــە بـــوونی وێنـــە و بـــوونی شـــتی ئـــەزموونکراو لەگـــەڵ مانـــادا یەکێکـــە، واتـــە ئـــەو شـــتەی کـــە ئێمـــە

نـــــەیبینین مانایـــــەکی نیـــــە لەبەرئـــــەوە وا لێکدراوەتـــەوە کـــە ڤیتگنشـــتاین وتویـــەتی خـــودا مانایـــەکی نیـــە، بـــەڵام ئـــەوە نابێـــت بـــەو مانـــا سـادەیە لێـــی تێبگـــەین، خـــودا مانـــای نیـــە وەکـــو بینراوێـــک لـــە قۆنـــاغی یەکـــەمی ڤیتگنشـــتایندا بـــەڵام خـــودا دەکەوێتـــە ئـــەو دیـــو وجـــودەوە، خـــودا لـــەناو سـکوتدایە (جیهـــانی ســـکوت) بۆیـــە ڤیتگنشـــتاین وتویـــەتی ئـــەو شـــتەی مـــن نـــاتوانم دەرکـــی بکـــەم نابێـــت بیـــری لێبکەمـــەوە، ئـــەو شـــتە دەکەوێتـــە نـــاو جیهانی سکوتەوە.

لەڕاســـتیدا ئەمـــە ڕیشـــەیەکی عیرفانیشـــی هەیـــە، لـــەناو عیرفـــانی ئیسلامییشـــدا هـــەر بەهـــەمان شـــێوەیە. بـــە بۆچـــوونی منـــیش خـــودا نابینرێـــت و هاوشێوەیەکشـــی نیـــە لەبەرئـــەوە ئێمـــە نـــاتوانین بـــە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆش وێنـــای خـــودا بکـــەین، هـــەر لەبـــەر ئەوەشـــە لـــە قورئانـــدا هـــاتووە (لـــیس کمثـــل شـــیء) خـــودا کـــە خۆیمـــان نـــەبینیووە هاوشێوەیەکیشـــی نیـــە، لەبەرئـــەوە نـــاتوانین بیخەینـــە نـــاو خەیاڵگـــەی خۆشـــمانەوە. ئەگـــەر نمونـــە بێنینـــەوە بـــۆ ئـــەم بابەتـــە بۆئـــەوەی زۆرتـــر ڕوونـــی بکەینەوە، شتی تر دەبینین.

هـــەر ئـــەو نمونەیـــەی زۆرێـــک لـــە فەیلەســـوفەکان هێناویانەتـــەوە؛ ئێمـــە ئەســـپ دەبینـــین لەبـــەر ئـــەوە



Scanned by CamScanner

دەتــوانین وێنــای ئەســپ بکــەین، بــەڵام ئــەی ئەســپی باڵــدار چــی؟ خــۆ ئێمــە دەتــوانین خــەیاڵی ئەســپی باڵــدار بکــەین، ئەگــەرچی ئەســپی باڵــدار لــە واقیــدا بــوونی نیــە. بــەڵام فەیلەســوفەکان دەربــارەی ئــەم بابەتــە دەڵــێن ڕاســتە ئەســپی باڵــدار وەکــو واقیــع لــە دەرەوە بــوونی نیــە بــەڵام ئەســپمان هەیــە و باڵمــان هەیــە، مادەکــانی ئەســپی باڵــدار لێــرە بوونیــان هەیــە، ئێمــە هــەم ئەســپمان بینیــووە هــەم باڵیشــمان بینیــووە، بــەڵام لەبەرئــەوەی خــودا نــە خۆیمــان بینیــوە نــە هاوشــێوەیەکی هەیــە وە نــە شــتانێکیش هــەبن کــە مــادەی خــودا بــن لــەم ســەر زەویــەدا لەبەرئــەوە ئێمــە نــاتوانین وێنــەی خــودا بکــەین، بــەڵام خــودا لــەناو جیهــانی ســکوتدایە، ئــەوەی کــە عارفــەکان ناویــان نــاوە (جیهــانی عــەدەم) لــە عیرفانــدا عــەدەم بــە مانــای نــەبوو نیــە، ئەمە سەبارەت بە ڤیتگنشتاین.

مــن خــۆم چــۆن لــە بابــەتی خــودا تــێ دەگــەم؟ بــە بۆچــوونی مــن و بەڵگــەم لەســەر بــوونی خــودا لــە نوســیەکانمدا بــە تایبــەتی لــە کتێبــی (دیــدێک بــۆ دیینناســی نــوێ) باســی ئــەوەم کــردووە کــە لــە تەمــەنی چــواردە ســاڵی بــەرەو ژوور نزیکــەی دوو ســەد دەلــیلم لەســەر بــوونی خــودا کۆکردبــۆوە کــە ئێســتا بــاوەڕم بــە هــیچ کــام لــەو دەلیلانــە نــەماوە.



Scanned by CamScanner

چونکـه هەسـت دەکـەم ئـەو دەلیلانـە لـە زمنـی ئـەو دەلیلانـــەن کـــە دەکەونـــە قۆنـــاغی یەکـــەمی دەلیلـەکانی بـوونی خـوداوە، کـە دەلیلـەکانی بـوونی خـودا چـوار قۆناغیـان هەیـە؛ قۆنـاغی کلاسـیک هەیـە، کـە ئـەو دەلیلانـەن لـە پـێش سـەردەمی (کانـت) بونیـان هـەبوو، دەلیلانێـک بـوون دەلیلـی یـەقینی لەسـەر بەڵگـە نەویسـتەکان دروسـت بووبـوون، بـۆ نموونـە دەلیلـی (واجـب الوجـود) ئێمـە مـومکینین دەکـرا هـەبین و دەکـرا نەشـبین هـەموو مومکینێـک پێویسـتی بـە واجـب هەیـە، ئەمـە شـتێکی یەقینیـە کەواتـە خـودا (واجـب الوجود)ـە هـەروەها دەلیلـی (نـظم) ئـەوەی کـە سیسـتەمێک لـەم وجـودەدا هەیـە هـەموو سیسـتەمێکیش فـاعلێکی هەیـە واتـە کۆمـەڵێک دەلیـل هـەبوون لـە پـێش کانت ـەوە ئـەو دەلیلانـە پێیـان دەوتـرا دەلیلـە یەقینیـەکان بناغـەی ئـەو دەلیلانـەش ڕێسـایەکی لـۆجیکی بـوو کـە ئـەویش ئەوەیـە پێـی دەوتـرت (مانعـە تسلسـل) واتـە بـەردەوام بـوون قـەدەغەیـە، بـۆ نموونـە شـتێک شـتێکی کـەی دروسـت کردبێـت ئـەو شـتەش شـتێکی کـە دروسـتی کردبێـت... ئەمـە ناکرێـت لـە ڕووی عـەقڵی و لۆجیکیـەوە مەحاڵـە، دواتـر لـە لـۆجێکی نوێـدا ئـەوە سـەلمێنرا کـە تسلسـل و

بـــەردەوام بـــوونی زنجیـــرەیش شـــتێکی مـــەحاڵ نیـــە، لەبەرئـــــەوە زۆرێـــــک لـــــەو دەلیلانـــــەی زەمـــــەنی لەمـــەوپێش هەرەســـی هێنـــا، واتـــە ئـــەو دەلیلانـــە بـــە جۆرێـــک لـــە جۆرەکـــان ئـــەمڕۆ دەلیلـــی یـــەقینی نـــین، زۆرێـــک لـــەو دەلیلانـــەم لـــە کتێبـــی (دیـــدێک بـــۆ دیینناســـی نـــوێ) بـــە درێـــژی بـــاس کـــردووە، لـــە دوای ئـــەوە دیـــدی کانـــت دەربـــارەی دەرک مەعریفـــە دروســـت بـــوو (ئەبســـتمۆلۆجیای کانـــت) گـــەورەترین داهێنـــانی کانـــت بریتـــی بـــوو لـــەوەی؛ تـــوانی بیســـەلمێنێت هـــەمووی ئـــەوەی مرۆڤـــەکانی لەمـــەوپێش بـــە دەلیلـــە دەرەکیـــان دەبینـــی، هـــەموو ئـــەو ڕێســـایانەی پشـــتیان پـــێ دەبەســـت و وایـــان دەزانـــی کـــە لـــە واقیعـــدا ئـــەو ڕێســـایانە هەیـــە، بـــۆ نموونـــە دوو شـــتی دژ بەیەکـــەوە کۆنابنـــەوە، هـــەموویان ڕێســـای نـــاو زەینـــی ئێمـــەی مـــرۆڤن، مـــەرج نیـــە لـــە واقیعـــدا وابـــن. بێگومـــان کانـــت لـــەم بابەتـــە ســـودی لـــە (هیـــوم) بـــرد لەبەرئـــەوە تـــوانی بیســـەلمێنێت کـــە هـــەموو ڕێســـا لۆجیکیـــەکان ڕێســـای دەرەکـــی نـــین لـــە دەرەوەی مـــرۆڤ، بـــەڵکو ڕێســـای نـــاوەکین لـــە نـــاوەوەی مـــرۆڤ دا، کەواتـــە هـــەموو ئـــەو دەلیلانـــە بینایـــان لەســـەر کردبـــوو لەســـەردەمەکانی لەوەپێشـــدا بـــە حـــوکمی ئـــەوەی ببنـــە دەلیلـــی دەرەکـــی بـــەم داهێنانـــەی (کانـــت)

هەرەسی هێنا. لەبەرئەوە لە (کانت) بەدواوە ئیدی دەلیلەکانی کلاسیک وازیان لێ هێنرا، جۆرێکی تر لە دەلیل هاتە ناوەوە کە دەتوانین بڵێین (شلایماخەر) باوکی ئەم جۆرە دەلیلەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە بۆ ناسینی خودا پێویستمان بە دەلیلی عەقڵی نییە، بەڵکو پێویستمان بە ئەزموونکردنی خودا هەیە، (تجربەی ڕۆحی دەربارەی بابەتەکانی خودا) وە زۆرێک لە فەیلەسوف و دەروونناسەکان سودیان لێ بینی بۆ نموونە (ولیام گیمس) تازەکەرەوەی ئەم بابەتەیە کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست دا ئەمەی کرد، ئەساسی تێگەیشتن لە خودا لای ئەمان ئەزمونکردنیەتی وە هەروەها وجودیەتی ئێگزستالیزمی دینیش (کیکیگارد) یەکێک لەو فەیلەسوفانە بوو کە ئەم بۆچونەی هەبوو، دەیووت ئێمە بۆ خودا پێویستمان بە دەلیلی عەقڵی نیە بەڵکو پێویستمان بە دەلیلی ئیمانی هەیە، ئێمە دەبێت لە ڕێگەی ڕۆحمانەوە ئەزموونی خودا بکەین، دەتوانین بڵێین لە فەیلوسوفە نوێیەکانیش کە ئێستا لە ژیاندایە و لەسەر ئەم بۆچونەیە (جان هیک)ە، جان هیک باوەڕی وایە کە ئێمە وەکو چۆن بۆ ئەزموونکردنی مادە هەستەکانمان بەکار

دەهێنـــین، بـــۆ ئـــەزموونکردنی خـــوداش هەســـتێک لـەناو وجـودی ئێمــەدا هەیــە کــە نــاوی نــاوە هەســتی پێنجــەم لـــە ڕێگـــەی ئـــەو هەســـتەوە خـــودا دەرک دەکـــەین (خـــودا ئـــەزموون دەکـــەین) هەڵبەتـــە ئـــەم جـــۆرە دەلیلـــەش لـــەناو عیرفـــانی ئیســـلامییدا ڕیشەیەکی هەیە.

هەربۆیـــە عارفـــەکان زۆر لـــە فەیلەســـوفەکانیان خوێنـــدووە بـــۆ نموونـــە (مـــەولانا) دەڵێـــت گـــەدەی فەیلەســـوفەکان باســـی خودایـــەتی و پێغەمبەرایـــەتی هـــەزم ناکـــات چونکـــە لێـــی تێناگـــات، باوەڕیـــان وایـــە کـــە ئێمـــە نابێـــت لـــە هیچکـــام لـــە دەزگاکـــانی ترمـــان لـــە ئەندامـــەکانی ترمانـــەوە خـــودا ئـــەزموون بکـــەین، چونکـــە ئەگـــەر ئـــەو ئەندامـــە لـــەکار کـــەوت خـــودا بـــوونی نامێنێـــت بـــۆ نموونـــە ئەگـــەر بمـــەوێت لـــە ڕێگـــەی گوێمـــەوە خـــودا ئـــەزموون بکـــەم، ئـــەو کاتـــە کە گوێم کەڕ دەبێت ئیتر خودا بوونی نیە.

ئەگـــەر بمـــەوێت لـــە ڕێگـــەی چاوەکانمـــەوە خـــودا ئـــەزموون بکـــەم، کاتێـــک چـــاوم کـــوێر دەبێـــت ئیـــدی خـــودا بـــوونی نیـــە. بـــەڵکو دەبێـــت لـــە ڕێـــی هـــەموو وجودمـــەوە خـــودا ئـــەزموون بکـــەم! کەواتـــە باشـــترین ڕێگـــە بـــۆ ناســـینی خـــودا بریتیـــە لـــە مامەڵـــەی شـــهودی و هەســـتیی، کـــە باســـی خـــودا لـــە نـــاو هـــەموو مرۆڤێکـــدا بـــوونی هەیـــە. دەتـــوانین بڵێـــین

قۆناغی یەکەمی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم بە زیاتی ئەم بەڵگە هێنانەوەیە بوو، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر بەتایبەتی لە دوای (کارل پۆپەر)ەوە کێشی زانست بریتی نیە لە کەشفکردنی حەقیقەتێکی دەرەکی، بەڵکو بەتاڵ کردنەوەی تیوریەکانە بەتاڵکردنەوەی ئەو بۆچوونە هەڵانەیە کە لە دەرکی مرۆڤدا بوونیان هەیە بەرامبەر بە شتەکان، دەتوانین بڵێین فەلسەفەی زانستیش بە قازانجی ئەم جۆرە دەلیلانە بوو.

بۆیە زۆرتر زاناکان پشتیان پێ بەست و هەروەها زۆرێک لە زاناکانی زانستی زانستە ئەزموونیەکان باوەڕداربوون بە خودا، بەهۆی پشت بەستن بەو ئەزمونەکردنەوە وە ئەمەش تەحقیقی ئەو ئایەتەی قورئان دەکات کە دەفەرموێت (انما يخشي الله من عباده العلماء).

دوای ئەوە لە قۆناغی سێیەمی بەڵگەکانی بوونی خودا ئەو کاتە بوو کە ڤیتگنشتاین دروست بوو، ڤیتگنشتاین کوردەتایەک بەسەر فیکری (کانت)دا دەکات کاتێک کە سەلماندی ڕێساکانی مرۆڤ (مەنتیق، لۆجیک، ئەقڵ) نەک هەر ئەوەی تەنها لەناو زەینی مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، بەڵکو هەر ئەوەندەی مرۆڤ دەتوانێت بیڵێت مەنتیق و لۆجیک و ڕێساکانی لۆجیک



Scanned by CamScanner

کورتبونـــەوە بـــۆ وتراوەکـــانی مـــرۆڤ. ئەگـــەر کانـــت یـــەکبونێکی لـــە نێـــوان عـــەقڵ و زەیـــن و مەعریفـــەدا دروســـت کـــرد، لـــە نێـــوان زەیـــن و لۆجیـــک و ڕێســـاکانی لۆجیـــک دروســـت کـــرد، ئـــەوا ڤیتگنشـــتاین داهێنانەکـــەی لەوێـــدا بـــوو کـــە یەکێتییەکـــی لـــە نێـــوان ماناکـــانی زمـــان و ئـــەو وێنایانـــەی لـــە ڕێگـــەی زمانـــەوە وێنـــە دەکـــرێن لەگـــەڵ مەعریفـــەدا دروســـت کـــرد، کەواتـــە کانـــت وتـــی ڕێســـاکانی ئێمـــە بەقـــەد زەینـــی ئێمـــەن، ئـــەوا ڤیتگنشـــتاین وتـــی ڕێســـاکان بەقەد وتراوەکانی ئێمەن.

ئـــەو شـــتەی نـــاتوانین بیڵێـــین کەواتـــە نابێـــت بیـــری لێبکەینـــەوە، نـــاتوانین باســـی خـــوداش بکـــەین! کەواتـــە ئێمـــە ڕێگەیـــەکی ترمـــان هەیـــە بـــۆ باســـکردنی خـــودا، ئـــەویش ڕێـــگەی ڕوحـــە، ڕێگـــەی ئەزموونـــە، ڕێـــگەی درک کردنـــی ئـــەو ســـکوتەیە کـــە لـــە ســـەرەتاوە وتـــم، مامەڵەیـــەکی شـــهودیانەی ئەزموونیانـــەی ڕۆحـــی لـــە بەرامبـــەر خـــودا دا دەکـــەین کـــە دەتـــوانین بڵێـــین ئەمـــە لـــە هـــەموو دینەکانـــدا ئـــەم جـــۆرە مامەڵەیـــە بـــوونی هەیـــە، یەکێکـــە لـــەو شـــتانەی بـــەهۆی هـــەرچی زۆرتـــر مامەڵـــە کـــردن لـــە ڕێـــگەی ئـــەو هەســـتە شـــهودیە ڕۆحییـــەوە یـــەقین زیـــاتر دەبێـــت، بۆیـــە یـــەقین لـــەم جۆرەیانـــدا پلـــەی هەیـــە، یـــەقینێک هەیـــە لـــە ســـەرەتاوە تـــەنها



Scanned by CamScanner

زانیارییەکت بەرامبەری هەیە، هەروەکو چۆن لە دنیادا هەر شتێکی تر لە سەرتاوە دەیبینین هەواڵێکی دەزانی دەکرێت نێمە تەنها هەواڵی خودا بزانین، پلەی دووەم ئەوەیە کە دێتە بەرچاوت، بەڵام لەبەر ئەوەی خودا وێنەی نیە، نایەتە بەرچاو. دێتە بەر ڕۆحت، ئامادەیی پەیدا دەکەیت لەبەردەمیدا، پلەی سێیەمیان ئەوەیە کە تۆ لەناویدا، لەناو ئەسماء و ×سیفاتی خودادا دەتاوێیتەوە، ئەم مامەڵە شهودیە لەناو زۆربەی دینەکاندا بوونی هەیە.

ئەم سێ قۆناغەی یەقین (علم الیقین، عین الیقین، حق الیقین) دەتوانین لە سەردەمی نوێشدا بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بەڵام ئێستا جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ دەلیلە کلاسیکیەکان هەیە، بەتایبەتی لەلایەن کۆمەڵێک فەیلەسوف و کەلامی مەسیحیەکان بۆ نموونە (ولیەم پی ئالستۆن، پلینتینجا) ئەوان باوەڕیان وایە کە دەلیلی دەرەکی فراوانیشمان هەیە لەسەر بوونی خودا، هەڵبەت نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە بابەتی بەڵگە هێنانەوە لەسەر بوونی خودا جیاوازە لەوەی کە خودا بۆخۆی بوونی هەیە. زۆرجار شتێک بوونی هەیە بەڵام ناتوانین بەڵگەی لەسەر بێنیتەوە، یان زۆرجار



Scanned by CamScanner

هەیە بەڵگەی هەڵە لەسەر ئەو شتە دێنێتەوە، بەڵام واقیعەکە جۆرێکی دیکە بووە. خودا وەکو واقیع و وەکو بابەتێکی دەرەکی، مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

هەروەها نەتەوەکان و کۆمەڵگەکان باوەڕیان پێی بووە، زۆرجار هەبووە بە درێژاری سەدەیەک دژایەتی بوونی خودا کراوە بەڵام خودا لەناو واقیعدا هەر ماوەتەوە، وەکو ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتدا بینیمان بابەتە ئایینیەکان دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت هەر مانەوە، کەواتە بەڵگە هێناوە لەسەر شتێک جیاوازە لە واقیع بوونی ئەو شتە، ئایا ئەو شتە خۆی بۆخۆی واقیعە یان واقیع نیە! بابەتی (پلنتینجا و ولیەم پی ئالستۆن) لەم ڕووەیە کە ئەوان دەڵێن ئێمە دەلیلمان لەسەر بوونی خودا دەلیلی عەقڵی دەرەکیە، ناویشیان ناوە (دەلیلە پایەکان) باوەڕیان وایە عەقڵی مرۆڤ هەر شتێک لە سەرەتاوە بووبە ئەساس لای ئیدی هەموو شتەکان لەسەر ئەوە بینا دەبێت، بۆ نموونە ئێمە لە ماتماتیکدا لە ژمارەدا یەک و یەک دەکاتە دوو (١+١=٢) دوو و دوو دەکاتە چوار (٢+٢=٤) بیروباوەڕێکی پایەیە. یەک و یەک کە دەکاتە دوو بیروباوەڕێکی پایەیە، بەڵام چوار و



Scanned by CamScanner

چوار کە دەکاتە هەشت بیروباوەڕێکی پایە نیە، چونکە لە بیروباوەڕی یەکەمەوە و لەوەوە دروست بووە. کە دوو و دوو دەکاتە چوار، دووش لەوەوە دروست بووە، کەواتە ئێمە ئەوەی سەرەتا کە کردوومانە بە پایە لە بیرکاریدا بریتییە لەوەی کە یەک و یەک دەکاتە دوو، دوو و دوو دەکاتە چوار، ئیدی کۆکردنەوە و لێ دەرکردنی ژمارەکانی تر لەوەوە وەردەگیرێن.

ئێمەش لە بابەتی خودا هێندە بەسە بڵێین؛ کە خودا هەیە و بیکەینە پایە، ئیدی هەموو شتەکانی کە لەسەر ئەوە بینا دەبێت ئەمەش تایبەت نیە بە مەسەلەی خوداوە هەموو شتەکانی تری ژیان بەهەمان شێوەیە هەتا عەقلانیەتیش بەهەمان شێوەیە! کێ وتی ئێمە عەقڵانیانە مامەڵە بکەین چونکە ئێمە بنەمایەکی پایەمان هەیە کە دەبێت عەقڵانیانە مامەڵە بکەین، ئەگینا بەڵگەیەکمان نیە لەسەر ئەوە بۆیە ئەوان باوەڕیان وایە ئێمە پێویستمان بەم جۆرە دەلیلانە هەیە، ئەوەندەی ماوە بە بۆچوونی من دەلیلەکانی بوونی خودا دەلیلی بەڵگە نەویست نین ئەگەرچی دەلیلەکان زۆر و زەبەندن باسمان لەزۆری و کەمی نیە، بەڵام دەلیلی مەعقووڵن هەر ئەمەشە (پلنتینجا)



Scanned by CamScanner

وەڵامــــی بەرامبـــــەرەکانی بەتایبــــەتی وەڵامـــــی فەیلەســــوفەکانی ســـــەردەمی ڕۆشـــنگەری-ئەوانـــــەیان کـــە بـــۆ دیـــین بـــوون- داوەتـــەوە دەڵێـــت: کاتێـــک کـــە بـــە ئێمـــە دەڵـــێن دەلیلـــەکانی ئێـــوە یـــەقین نـــین لەســـــەر بـــــوونی خـــــودا بـــــەڵام خـــــۆ ئێـــــوەش دەلیلـــەکانتان لەســـــەر نـــــەبوونی خـــــودا یـــــەقین نـــین! تەنانـــەت لەســـــەر هـــــەر شـــتێکی تـــریش دەلیلـــەکانتان یـــەقین نـــین، کەواتـــە بابەتەکـــە تـــەنها پەیوەنـــدی بـــە خـــوداوە نیـــە، بـــۆ مەســـــەلەکانی دیکـــەش بەهـــەمان شێوەیە.

ئەگـــەر دەلیلـــی بـــوونی خـــودا یـــەقینی بونایـــە دەبـــوو ئـــەو کاتـــەی هـــەر کەســـێک بـــاوەڕی بـــەخودا نەبوایـــە بـــە شـــێت حســـاب کرایـــە بـــەڵام هـــەر خـــودی دینـــەکان شـــایەتن لەســـــەر ئـــــەوەی کـــە ئەوانـــەی باوەڕیـــان بـــە خـــودا نیـــە شـــێت نـــین ئـــەی بـــۆ گفتوگۆیـــان لەگەڵـــدا دەکـــەن، ئـــەی بـــۆ بەڵگـــەیان بـــۆ دەهێنـــەوە، ئـــەی بـــۆ ســـزادراون لـــەناو دینەکانـــدا، ئایـــا شـــێتەکان ســـزا دەدرێـــن؟! کەواتـــە خـــودی دینـــەکانیش دان پـــێ دانـــانێکی ناوەڕۆکیـــان هەیـــە، لەســـــەر ئـــــەوەی دەلیلـــەکانی بـــوونی خـــودا یـــەقین نـــین. بـــەڵام دواجـــار ئـــەم دەلیلانـــــە دەلیلـــــی مـــــەعقوولن و گونجـــاون هـــەروەکو چـــۆن دەلیـــل لەســـــەر عەقڵانیـــــەت و مامەڵـــەکردن لەگـــەڵ عەقڵانیـــــەت دەلیلێکـــــی



Scanned by CamScanner

گونجاوه، چونکه ژیان ساده دەکات و مانا به ژیان دەبەخشێت، کەسێک کە ناعەقڵیانە مامەڵە بکات ناتوانێت ژیانیش بەرێتە سەر، ئەو کەسەی باوەڕی بە هاودژبوون هەیە -شتێک لەهەمان کاتدا هەبێت و نەبێت- ناتوانێت لەم واقیعەدا بژێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەم ژیاندا بژێت، دەبێت مامەڵەیەکی عەقلانیانەی ببێت، بەڵام خۆ دەلیلی نیە لەسەر ئەو عەقڵانیەتەی خۆی! زۆرێک لە شتەکانی دیکەی ئەم ژیانەی ئێمە بەڵگەمان لەسەریان نیە بەڵام لەگەڵیاندا هەڵ دەکەین، تەنانەت زانستیش خۆی بۆخۆی بەڵگەیەکمان لەسەریان نیە بەڵام لەگەڵیدا هەڵ دەکەین، تەنانەت مێژووش! پێش چرکەساتێک لە ئێستادا من دەتوانم گومانم هەبێت بەرامبەری، کێ دەڵێت خەیاڵ نیە!

بەڵام ئێمە لەگەڵ مێژووشدا مامەڵە دەکەین، ڕاستە باوەڕبوون بە مێژوو شتێکی یەقینی نیە بەڵام شتێکی مەعقولە ژیانی من بەوە دەڕوات، باوەڕبوون بە ژیانی عەقڵانی ڕاستەو خۆی بۆخۆی شتێکی یەقین نیە، بەڵام بابەتێکی مەعقولە، چونکە هەم مانا بە ژیانی من دەبەخشێت (بەوە نەبێت ژیانی من مانایەکی نابێت) هەمیش ژیانی من ئاسان دەکات، خودی



Scanned by CamScanner

زانست لە سەردەمی (گالیلە و کیپلەر) کە زانستی نوێ قبوڵکرا لەبەر سادەی زانست بوو، نەک لەبەر ئەوەی دەلیلیان هەبوو لەسەری. ئەوەی بەدواداچوونی مێژووی زانستی هەبێت تێدەگات لەم بابەتە، خودی سادە بوون و ئەوەی ژیان بۆ مرۆڤ ئاسان دەکات بەڵگەیە لەسەری. مرۆڤ لەگەڵ شتی ئاڵۆزدا ناتوانێت بژی بابەتی ئاینیش هەر بەهەمان شێوەیە ئەگەر ئێمە دەلیلی یەقینیشمان نەبێت لەسەری بەڵام بابەتێکی مەعقولە لە هەموو بابەتەکانی دیکە لە (زانست، فەلسەفە، هونەر، ئەخلاق....) زیاتر مانا بە ژیانی ئێمە دەبەخشێت!

بۆیە ئەو کەسەی باوەڕی بە بوونی خودا هەیە هاوسەنگی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی من ئێستا باوەڕم بە هەندێک لە دەلیلە کلاسیکیەکان هەیە لەسەر بوونی خودا (دەلیلی دەرەکی) وە باوەڕم بە هەندێک دەلیلی ناوەکی (شهودی) هەیە لەسەر بوونی خودا وە باوەڕم بە دەلیلی ئەخلاقیش هەیە، کە باوەڕم وایە ئەگەر کەسێک نەبێت فەرمانم پێ بکات کە مرۆڤێکی بە ئەخلاقبم، ئەوا ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارەم دەستکەوێت من بۆ بە ئەخلاقبم؟!



Scanned by CamScanner

لـه هـەموو ئەوانـە لـە پێشـتر بـە بۆچـوونی مـن
دەلیلـی عارفەکانـە کـە یـەقینی پـێ بەخشـیووم
دوای ئـەوەی گەشـتێکی چەنـد سـاڵەم کـردووە بـۆ
نـاو دەلیلـەکانی بـوون و نـەبوونی خـودا کـە
هـەموویم یـەکلای کردۆتـەوە (هـەم دەلیلـەکانی
بـوونی خـودا هـەم دەلیلـەکانی نـەبوونی خـودا)
ئەمـە دڵنیـای کردومەتـەوە کـە نـەک هـەر خـودا
بـوونی هەیـە، بـەڵکو دەتـوانم عیشـقی لەگەڵـدا
بگۆڕمـەوە، ڕازی لەگەڵـدا بگۆڕمـەوە، ڕاز و
نیازمـان لـە نێوانـدا ببێـت! بـەڵکو کاتێـک ئیقـرارم
کـرد بـە هـەموو وجـودم هەسـتم بـەوە کـرد کـە خـودا
بـوونی هەیـە، ئیـدی ژیـانی مـن جـۆرێکی دیکـەی
لێهـات، لەدایکبوونـەوەی نـوێم بـۆ دروسـت بـوو،
لەڕاستیدا وجودم کەشفکرد، خۆمم کەشفکرد.
دەتـوانم بڵـێم ئـەوە ئاوێنەیەکـە دەدرێتـە دەسـت
مـرۆڤ بۆئـەوەی خـۆی ببینێتـەوە، ئـەو کەسـەی
خـۆی ناسـی خـودای خـۆی دەناسـێت. کـە ئەمـە
حیکمەتێکـە لـە هـەموو دینەکانـدا بـوونی هەیـە،
لەبەرئـەوە ئەگـەر ئێسـتا پرسـیار لـە مـن بکـەی
چـۆن خـودا دەناسـی دەڵـێم دەلیلـە دەرەکیـەکان
ئەگـەر یـەقینیش نـەبن، هاوکـاری مـنن بۆئـەوەی
پـێم بڵـێن خـودا بـوونی هەیـە. وەکـو ئـەوەی چۆن
هاوکـاری مـنن بۆئـەوەی بـاوەڕم بـە عەقڵانیـەت

ببێـــت! هــــەروەها دەلیلـــە ناوەکیـــەکانیش کـــە ئـــەزموونی ڕۆحیـــە لەگـــەڵ خـــودا ئـــەویش بۆخـــۆی لای مـــن بـــوونی هەیـــە! هـــەروەها دەلیلـــی ئـــەخلاقیش لای مـــن لەســـەر خـــودا بـــوونی هەیـــە، جگـــە لـــەوەی کـــە وتـــم مامەڵـــەی مـــن لەگـــەڵ خـــودا مامەڵەیـــەکی حزوریـــــە!! مامەڵەیـــــەکی عیرفانیـــــە ڕاز و نیـــــاز گۆڕینەوەیـــە، واتـــە بـــە قســـەی یـــەکێک لـــە عارفـــەکان: دەلیـــل حـــەدی چیـــە ئـــەو پەردەیـــە لـــە نێـــوان مـــن و مەخلوقـــدا دروســـت بکـــات، چونکـــە چومەتـــە نـــاو ئـــەو جیهانـــەوە نـــەک هـــەر هـــەواڵی ئـــەو جیهانـــەم پێبـــدات، کەواتـــە مامەڵـــەی مـــن لەگـــەڵ خـــودا دا مامەڵەیەکـــە بەلامـــەوە مەعقوولـــە، چونکـــە مانـــا بـــە ژیـــانی مـــن دەبەخشـــێت و وجـــودی بـــۆ کەشـــف کـــردووم، چونکـــە دەکرێـــت بەرامبـــەر بـــە خۆشـــم گومـــان دروســـت بکـــەم، بـــەڵام ئایـــا بـــە قـــازانجی منـــە گومـــان بەرامبەر خۆم دروستکەم؟!

کـــەس نیـــە وەڵامـــی ئـــەوەم بداتـــەوە خـــۆی چیـــە؟ چونکـــە مـــن دەلـــیلم نیـــە لەســـەر خـــۆم، کەشـــفکردنی خـــودی خـــۆم ئـــەودیوی درکـــی منـــە! ئـــەو دیـــو چـــاوە!! کەســـێک نیـــە بتوانێـــت بەڵگـــە لەســـەر وجـــودی خـــۆی بێنێتـــەوە. مامەڵـــەی مـــرۆڤ لەگـــەڵ خۆیـــدا مامەڵەیـــەکی شـــهودیە هـــەروەها مامەڵـــەی منـــیش لەگـــەڵ خـــودا دا مـــامەڵەیەکی شـــهودیە،

لــەڕێگەی درکمــەوە خــودا ناناســم، بــە هــەموو وجــودم تەســلیم بــووم بــەو، تینــوم بــەو بابەتــە، چومەتــە نــاو ئــەو بابەتــەوە، بــەڵکو نــاتوانم بــێ ئــەو بــژیم. مامەڵەیــەکی عیشــقیە واتــە ئــەو ســەنتەرە لــە وجــودی منــدا نــەک خــۆم! چونکــە ئەگــەر مــن ســەنتەر بــم ئــەوە مــن مــن کردنــە ئــەوە (ئەنانیەتــە) خۆپەرســــتی و مامەڵەیــــەکی نائەخلاقیــــە، داگیرکردنــی ئــەوانی دیکەیــە بــەڵام کاتێــک ئــەوم کردۆتــــە ســــەنتەر ئیــــدی مــــن فــــەنا بــــووم، تاوەومەتــەوە، فــەنای جەســتەیی نــا، فــەنای ڕۆحــی و فــەنای درکــی، کــە دەتــوانین بڵێــین بەقــەد ئــەوەی دەلیــل لەســەر هــەر شــتێکی تــر ببێــت، زیــاد لــەوە دەلیــل لەســەر بــوونی خــودا هەیــە، ئەگــەر هــەموو شــتەکانی دیکــە دەلیلــی یــەقینیمان لەســەر نــەبێت، ئەوا خودا دەلیلی یەقینیمان هەیە.

ئەگــەر لەســەر هــەموو شــتەکانی دیکــە دەلیلــی مــەعقوول بــوونی هــەبێت، بــۆ نموونــە مەعقوولــە هــەموو شــتەکان هــەبێت، مەعقوولــە مــن هــەبم، مەعقوولــە عــەقڵ هــەبێت، مەعقوولــە زانســت ببێــت، مەعقولــە مێــژوو ببێــت، ئــەوا خــوداش مەعقوولــە بــوونی ببێــت، بــەڵکو لــەوان مــەعقوول تــرە، چونکــە مانــا بــە وجــودی مــن دەبەخشــێت و پرســیارە خالــدەکانی مــن وەڵام دەداتــەوە (لــە کوێــوە

هاتووم؟ ئێستا چی دەکەم، بەرەو کوێ دەڕۆم) ئەرکی من بێجگە لە بابەتەکانی خودا بەبۆچوونی من وەڵامدانەوەی ئەم بابەتانەیە! کەواتە لەوان مەعقوول ترە، چونکە مانا بە ژیانی من دەبەخشێت. ڕەنگە بە هەموو وجودم عەقڵ یان مێژوو یان هونەر کەشف نەکەم، بەڵام بە هەموو وجودم خودا کەشف دەکەم، مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، عیشقی لەگەڵدا دەگۆڕمەوە، لێرەدایە (مەولانە) دەڵێت "پای ئستدلالەن چووی چوبینست" پێی ئەوانەی دەلیل دەهێنەوە تەختەین، ناتوانن بەپێی ئێمە ڕاکەن و بڕۆنە پێشەوە، بەڵام ئێمە دەفڕین. ئەم مامەڵەی ئێستای من لەگەڵ خودا دا مامەڵەیەکی شهودیە هەروەها بەو ئەزموونەی هەمبووە بۆم دەرکەوتووە هەم مەعقوولە و هەم هاوسەنگی ڕۆحی بە من دەدات و هەم عیشقیشم پێ دەبەخشێت.



Scanned by CamScanner



توێژ
## ئارام جەلال:

١- دروست بوونی کەون لە خۆیەوە، زۆر لۆجیکی تر و عەقڵانی ترە وەک لە دروست بوونی خودایەک لە خۆیەوە.

Scanned by CamScanner

پێناسە کردن و قسەکردن لەسەر خودا بۆ کەسێک قسەگەلێک هەڵدەگرێت کە خۆی بڕوایەکی تەواوی بە خودا هەبێت، یاخود شوێنکەوتەی یەکێک لە ئاینەکان بێت، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی ئاینەکانەوە پێناسەی حازر و ڕونکردنەوەی حازری لەسەر خودا لەبەردەست دایە، بێ ئەوەی پرسیار لە هیچ شتێک بکات، خودایەکی حازری بۆ دانراوە و دەتوانێت قسەی زۆری هەبێت لەسەری، بەڵام بۆ کەسێک کە هیچ ئاینێکی نیە و خودایەک تا ئەم دەمە نەبۆتە خودای ئەو، لەم کاتەدا ئەو نە پێناسەی حازر و بەردەستی هەیە نە سەرچاوەیەکی هەیە کە خودای لێوە ببینێت، بگرە خودایەک نابینێ تا پێناسەی بۆ بکات، بۆیە لەم کاتەدا قسە کردن لەسەر خودا و خودابوون لای شوێنکەوتەی ئاینەکان قسە و باسی زۆرتر هەڵدەگرێت تا لای کەسانی بێ ئاین



Scanned by CamScanner

کاتێک کە من هیچ پێناسەیکی ئامادەکراوم بۆ نەکراوە کە لە دەمی ئاینەکەمەوە باسی خودا بکەم و خودا ڕوون بکەمەوە کێیە؟ من بەرنامەیەکم نیە ناوی ئاینی ئاسمانی بێت دەتوانم بڵێم:

لە ئەنجامی ڕامان لە کەون و بیرکردنەوە لە هاوکێشەی بوون و ڕاوەستانی کەون، بەر هێزێکی توند دەکەوین، کە هەمیشە ئەو هێزە ڕاکێشی کردووین بۆ بیرکردنەوە لە سەرچاوەکەی، زانیاری مرۆڤ زۆر لەوە سنوردار تریووە کە بگاتە پێناسەکردنی هێزە بەدیهێنەرەکەی کەون، زۆربەی جار ئەم بیرکردنەوە قووڵە مرۆڤەکان بەرەو گێژبوون دەبات، بۆ خۆدەربازکردن لە سەرگێژخواردنمان لە بیرکردنەوە لەو هاوکێشەیە، ئەو هێزە ناودەبەین بە خودا، ڕەنگە ئەو هێزەی کە ناوی دەبەین بە خودا، ڕۆژێک زانست بیسەلمێنی کە فیزیایە، فیزیایەکی ئەزەلی. /هەمیشە خودا لای من بریتی بووە لەو هێزە نادیارەی پشتی کەون. ڕەنگە ئەو هێزە سروشت دەربچێت، یاخود فیزیا، یاخود سودفە.. هیچیان جیاوازی یەکی ئەوتۆیان نیە./



Scanned by CamScanner

بەڵام ئەوەی کە لای مــن جێگــای دڵنیــاییە کە ئەو هێــزانە کارێکیــان بەســەر مرۆڤەکــانەوە نیــیە، واتە کــاری ئەو وەک و هێزێکــی دروســتکەرە و هیچــی تر.

کاتێــک مــرۆڤ هەوڵــی داوە ئەم هێــزە بکــاتە خــودایەک و پەرســتراوێک بــۆ خــۆی، هــاتووە بەرگــی کــردووە بەبەردا و ئــاینی بــۆ دروســت کــردووە، ئەگەر بێــین و ســەیری هەر یەکــێ لە ئاینەکــان بکەیــن کە ئەو هێزەیــان کــردوە بە خــودا، لای ئەوان پێناســە یــاخود وێــنە هەبــووە بــۆ خــودا، بــۆ نمــوونە لە هەنــدێک ئاینــدا دەڵــێن خــودا لە شــێوەی جەســتەی مرۆڤێکــدایە، یــاخود لە یەکێــک لە ئــاینە زیندوەکانــدا دەڵێــت خــودا لە وێــنەی گەنجێکــی جوانــدایە، یــاخود دەڵێــت خــودا دەســتی هەیە، قــــاچی هەیە، وە ڕانــــی هەیە و لە ڕۆژی دواییــدا پەردە لەســـەر خـــودا لادەبرێـــت و ڕانـــی دەرەکەوێ، تەنـــانەت دەڵـــێن پەنـــجەی هەیە و دڵـــی مرۆڤەکـــان لە نێـــوان دوو پەنـــجەی خـــودا دایە، تەنـــانەت لە زۆر شـــوێندا هەنـــدێک لە ســـیفاتەکانی مـــرۆڤیش دەدرێـــت بە خـــودا و دەوترێـــت خـــودا پێدەکەنێت، یاخود خودا تورە دەبێت.

مـــرۆڤ لە ســـیفاتەکانی خـــۆیەوە بیـــر لە ســـیفاتی خـــوداش دەکـــاتەوە، بێـــت و ســـەیری ئەم

لێکدانەوانە بکرێت بۆ وێناکردنی ئەو هێزە نەزانراوەی پشتی بەدیهێنان، ئەوا زۆر بە ڕوونی دەبیبینی کە؛ ئەم وێناکردنە جگە لە خەیاڵاتی مرۆڤ زیاتر، هیچی تر نییە. چونکە ئەم بوونەوەرە کە مرۆڤە خودای لە شێوەی خۆیدا بەڵام بە باڵادەستی وێنا دەکات. گەر بێت و بچینە ناو خەیاڵی ماسییەک یاخود هەر بوونەوەرێکی دی ئەوا ئەویش گەر ڕۆژێک بیر لە بوونی ئەو هێزە بەدیهێنەرە بکاتەوە، لەسەر هەمان شێوەی خۆی بیری لێ دەکاتەوە، ماسیەک خودا بە ماسیەکی زۆر گەورە و باڵادەست دەبینێت و هەر بوونەوەرێکی تریش بەهەمان شێوە وێنای دەکەن.

گەر سەیری سەراپای مێژووی مرۆڤایەتی و پەرستن بکەین، زۆر بەدەگمەن وێنای خودا لە وێنای مرۆڤ دوور بووە..! وە ئەو پەیکەرانەی کە کراونەتە پەرستراو زۆربەی هەرە زۆریان لە شێوەی جەستەی مرۆڤدان و بە دەگمەن پەیکەرێک دەبینرێتەوە شێوەی مرۆڤی تیا نەبێت.

چەمکی خودا لای ئاینەکان زۆر باڵادەست ترە لە هێز، چونکە خودا خالقە، وە خودا ئاگادار و بەئاگایە لە کاری هەموو مەخلوقەکانی وە



Scanned by CamScanner

لێپرسینەوەی وردیان لەگەڵ دەکات. کەواتە ئەم خودایەی لای ئاینەکان هەیە لەسەر بەرنامەیەکی زۆر توندو تۆڵ کار دەکات و بە ئاگایە لە هەموو شتەکان و پێویستی بە کەس نیە و هەموو کەس پێویستی بەوە و.... ، ئەگەر بێت و لۆجیکیی بیر لە ئەم خالق بوونە بکەینەوە دەبێت خالق بوون لە قۆناغێکدا بگاتە بنبەست، کاتێک مرۆڤ رازی نیە بە کەون، بە دروست بوون، بڵێت سودفە، لە وەختێکدا کە دەبێت رازی بێت بەوەی کە خودا دروست بوونی نا دیارە و ناڕادەیەک شێوە سودفەی پێوە دیارە، بەڵام ئاینەکان نالێن سودفە، وە ئەم خودایە دروستکەری نیە و خۆی لە نەبوونەوە هاتۆتە بوون و دروستکەری هەموو شتەکانە و زانا و دانا و بە یەک چرکە هەموو شتێک دێنێتە بوون، ئەمە لەگەڵ مەنتیق نایەتەوە ئەم خالقە بێ دروستکەر و بە سودفە دروست بووبێت، ئەمە لە کاتێکدا هەمیشە ئەوانەی کە یەکەم جار دروست دەبن سادەتر و سەرەتاییترن وەک لەوانەی کە زەمەن تێدەپەڕێت بەسەریاندا و بە تێپەڕبوونی زەمەن ئاڵۆزتر و بەرنامەدارتر دەبن، بەم پێیە دەتوانم بڵێم دروست بوونی کەون لە خۆیەوە زۆر لۆجیکی تر و عەقلانی ترە وەک لە دروست


Scanned by CamScanner

بـــوونی خـــوایەک لە خـــۆیەوە، لە کاتێکـــدا کە ئەم خوایە ئەو هەموو تواناو زانیاریەی هەیە.

( خودای من کێیە..؟ )

ئەگەر بیـــر لە بە خـــودا بـــوون بکـــرێتەوە، خودابـــوون دەبێـــــتە دووبەش خودابـــــوون لە بەدیهێنـــــان و خودابـــوون لە پەرســـتن، لای مـــن ئەم دوو خـــودایە هەر یەکەیان سەربەخۆن.

خـــودای مـــن لە بەدیهێنانـــدا بـــریتیە لەو هێـــزە نادیـــارە سروشـــتییە یـــاخود فیزیـــاییەی کە ڕوون نـــیە بۆمـــان، بە جۆرێـــک لە جۆرەکـــان دەتـــوانم بڵـــێم لە بەدیهێنانـــدا خـــودای مـــن نادیـــارە، وە نـــاتوانم بە ئاســـانی بڕیـــار لەســـەر هێزێـــک بـــکەم کە مـــن و هەمـــــوو تەنەکـــانی دەورو پشـــــتمی بەدیهێنـــاوە، چـــونکە بڕیـــاردان لەم کـــارە پێویســـتی بە یەقینێکـــی گەورە هەیە، هەمیشـــــــە ئەو بابەتـــــانەی کە لە دنیـــای مادیـــدا نـــین هەتـــا بەڵـــگەی زانســـتی نەبێـــت ئاسان نیە، یەقینت هەبێت لەسەری.

بەڵام خـــودای پەرســـتن جـــۆرێکی دیـــکەیە، چـــونکە پەرســـــتن بـــــریتیە لە خۆشویســـــــتنی تەواو+ بەگـــــوێکردنی تەواو، بە بـــــوونی ئەم دوو کـــــاراکتەرە پەرســـتن دروســـت دەبێـــت. کەواتە خـــودای مـــن لە پەرســـــتندا دەکرێـــــت هەر دەمەو شـــــتێکی جیـــــاواز بێـــت، وە خـــودایەکی جێگیـــر و خـــودایەکی کامـــل لە

سیفاتی پەرستندا بۆ من بوونی نیە، چونکە ئەستەمە بڕیار بدەین کە بونەوەرێک یاخود هەر شتێکی دی قابیلی خۆشویستنی تەواو و بەگوێکردنی تەواو بێت. ئەمە جگە لەوەی پەرستن لە زۆرکاتدا چاوەڕوانی پاداشت کردن و زیندوو بونەوە و کۆمەڵێک لەم بابەتانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە(من ناتوانم ئەو جۆرە خودایەم هەبێت کە چاوەڕوانی پاداشت و سزای لێ بکەم، جگە لەوەی ئەو هێزەی کە بۆتە دروست بوونی کەون بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، زۆر ئەستەمە پێویستی بە پەرستنی ئەم تەنە بچوکانەی سەر زەوی هەبێت. ئەم بونەوەرانە لەچاو قەبارەی تەنەکانی تردا جێگەی ئەوە نیە پێوەی سەرقاڵ بێت.)



Scanned by CamScanner



ڕوناکبیر

## مەنسور تەیفوری:

پرسیار لە بوون یان نەبوونی خودا، لە خۆیدا نە پرسیارێکی تازەیە و نە دەتوانێت شتێک بە دەستەوە بدات، هەر کە وتت هەیە یان نییە، باسەکە دەوەستێت.

Scanned by CamScanner

ڕەنگە پرسیاری ڕاستەقینە لە ئێستەدا، نەک پرسیار لە بوون یان نەبوونی خودا بەڵکو زیاتر پرسیار بێت لە چۆنیەتیی وێنەکێشانی خودا لە ئێستادا، واتە ئەوانەی کە بە جەختەوە باس لە بوونی خودا دەکەن، چۆن وێنەی دەکێشنەوە، بەتایبەت بانگدەرانی و ئەوانەی بە ناویەوە قسە دەکەن، چوون پرسیار لە بوون یان نەبوونی خودا لە خۆیدا نە پرسیارێکی تازەیە و نە دەتوانێت شتێکی ئەوتۆ بە دەستەوە بدات، هەر کە وتت هەیە یان نییە، باسەکە دەوەستێت، بۆیە بۆ درێژەدانی وتوێژ وا باشترە پرسیار لە دەرکەوتن و وێنەکێشانەوەی خودا لای ئەوانە بکەین کە بە ناوی خوداوە قسە دەکەن، دیاریشە ڕێک لێرەدا مەبەستمان بنەڕەتخوازیی یان فەندەمێنتالیزمی ئاینیی هاوچەرخە، کە ئەم پرسیارەی دیسان زەق کردوەتەوە، ئەگینا هاوڵاتیانی ئاسایی خۆیان دەزانن چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم چەمکە دەکەن،



Scanned by CamScanner

نموونـــەی ئەمـــەش دەتوانێـــت ئـــەو هـــەموو نوکتـــەیە بێـــت لـــە ئـــەدەبی زارەکـــی گـــەلان و ئێمەشـــدا کـــە تێیـــدا هـــاولاتیی ئاســـایی ســـووک و ســـانا ڕێگـــە بـــە خـــۆی دەدات لەگـــەڵ خـــودا بـــدوێت، (ڕشـــتەی مـــرواری) گـــەلێ لـــەم نموونانـــەی تێدایـــە کـــە مرۆڤـــی ئاســـایی هـــەمان زمـــانی خـــۆی لەگـــەڵ خـــودا دەدوێـــت و کفریشـــی نـــەکردووە، بـــەڵام ئـــەم وێنـــە نزیـــک و ئاســـاییەی خـــودا لـــە ئێســـتەدا دەســـتکاری کـــراوە و ئـــەوەی کێشەشـــە هـــەر ئـــەم وێنـــە دەســـتکاری کراوەیە.

خـــودا لـــە کـــۆی مێـــژووی کولتـــوور و بیرکردنـــەوەدا ئامـــــادەیی هەیـــــە و لای ئـــــایین و کۆمـــــەڵگا جیاوازەکـــان وێنـــەی جیـــاوازی لـــێ کێشـــراوەتەوە، خـــودای تـــەورات دواتـــر دەگۆڕێـــت بـــۆ خودایـــەکی نـــەرمتر، هـــەر لـــە ســـێ ئایینـــە ئیبراهیمیەکەشـــدا خـــودا دەرکەوتـــەی جیـــاوازی هەیـــە و دەرکەوتەکـــەی گـــۆڕانی بـــە ســـەردا دێـــت و دابڕانـــە قووڵەکـــەش دابڕانـــی مەســـیحیەتە لـــە جوویـــەتی و ئیســـلام، چـــون ئـــەوەی ڕاســـتی بێـــت ئیســـلام و جوویـــەتی زیـــاتر لێـــک نـــزیکن تـــا مەســـیحیەت و جوویـــەتی، چـــون ســـیانەیی پیـــرۆز تـــەنیا لای مەســـیحییەت هەیـــە.
خـودا لـەم ڕوانگـەوە هەیـە و لـە مێـژوو و ئێسـتەش دا ئامادەیـە و وتنـی ئەمـەی کـە ئـاخری ئـەو



Scanned by CamScanner

مرۆڤـی خولقانـدووه یـان مـرۆڤ ئـەوی خولقانـدووه دیسـان لـە خۆیـدا هـیچ وتەیـەکی ڕادیکـاڵ نییـە، مەگـەر ئـەوەی بپرسـین لـە ئێسـتەدا خـودا چـۆن وێنە دەکێشرێت؟

نموونەیـەکی ئـەدەبی مـۆدێرن کـە ئەمڕۆکـە زۆر ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت، ئـەم ڕسـتە بەناوبانگـەی داستایۆڤسـکییە کـە "گـەر خـودا نـەبێت هـەموو شـتێک ڕەوایـە" پرسـێکی دیکـە کـە داستایۆڤسـکی هاوشـانی ئـەم پرسـیارە دەیوروژێنێـت پرسـیارێکە لـە ڕۆمـانی (تـاوان و سـزا)دا، ئـەم پرسـیارەی کـە ئایـا کوشـتنی منـداڵێک بـۆ پاراسـتنی هـەموو گـەردوون ڕەوایـە؟ یـەکێک لـەو ناوەڕۆکانـەی لـەم ڕۆمانـە و لـە ڕۆمـانی (برایـانی کارامـازۆف)دا خـۆی ئاشـکرا دەکـات پرسـیارە لـە ڕادەی ئـازادیی مـرۆڤ، واتـە پرسـیارە لـەوەی مـرۆڤ جـەبرێکی ئاسـمانی لەسـەرە یـان ئـەوە بەڕاسـتی خۆیـەتی بڕیـار بـۆ خـۆی دەدات، هـەر ئەمـەش دەتوانێـت نموونـەی ڕسـکانی وشـیاریەکی مێـژووی نـوێ بێـت لای مرۆڤـی ئـەو سـەردەمە و تـا ئێسـتەی ئێمـەش، ئـەم پرسـیارەی کـە بەڕاسـتی ئێمـە سەربەسـتین لـە هەڵبژاردنەکانمانـدا، بەڕاسـتی ئـەوە ئێمـەین کارێـک دەکـەین، ئێمـەین بڕیارێـک دەدەیـن یـان هێزێکـی تـر لـە سـەرەوە و لـەولای دەسـەڵاتی ئێمـەوە ڕێکیڤـی

ئێمـــەی بــە دەســـتە؟ ئامـــادەیی ئـــەم پرســـیارە، گومـــان لــە بـــوون و نـــەبوونی هێزێکـــی دیکـــە، خـــۆی ســـەرەتای ئـــەم وشـــیارییە نوێیـــە کـــە ئـــەرێ ئـــەوە ئێمـــەین بڕیـــار لـــە ســـەر چـــارەنووس و هەڵســـوکەوتی خۆمـــان دەدەیـــن، ئـــەوە ئێمـــەین هەڵـــدەبژێرین و دەکوژێین یان نا.

لێـــرەدا داستایۆڤســـکی ئـــەو نیگەرانییـــەی کـــە وشـــیاری دەیخاتـــەوە لـــە شـــێوەی گەڕانێکـــدا بـــۆ وەڵامـــی ئـــەم پرســـیارە تۆمـــار دەکـــات. مرۆڤـــی مـــۆدێرن هەســـتی بـــەم سەربەســـتییە کـــردووە و کـــەچی بەرگـــەی سەربەســـتیەکەی ناگرێـــت، ئەمـــە نـــاوەڕۆکێکی دیکـــەی ئـــەم دوو بەرهەمـــەی داستایۆڤســـکییە. بـــەڵام کەســـایەتییەکی دیکـــەی داستایۆڤســـکی کـــە بـــاش ئـــەم نیگەرانییـــەی هاوڵاتیـــانی ناســـیووە و وەڵامیشـــی پێیـــە بۆیـــان، "پشـــکنەری گـــەورە"یـــە لـــە ڕۆمـــانی (برایـــانی کارامـــازۆف)دا، ئـــەو کەســـەی کـــە دەڵێـــت "خـــەڵکان لـــە ئـــازادیی خۆیـــان دەترسـێن و هـــەر ئەمەشـــە کـــە ئـــازادیی خۆیـــان خســـتۆتە بـــەر پێـــی ئێمـــە". پشـــکنەری گـــەورە لـــە ئێســـتەدا ڕەنـــگ و شـــێوەی گۆڕیـــووە، لـــە ئێســـتەدا پشـــکنەری گـــەورە کاڵایـــەک دەفرۆشـــێت کـــە کـــار و کاســـبیەکی مینـــۆکی و ڕوحیـــی گـــەورەی لـــە دەور هـــەڵچنراوە، کـــار و



Scanned by CamScanner

کاسبییەک کە تێیدا گەلێ پۆل و جەمسەری بە ڕواڵەت دژ بە یەکتر شەریک و هاوبەشن، لە پاولۆ کۆیلۆ وە بگرە تا شۆی تەلەفزیۆنی و مۆزیکی ڕاپ و، لە پۆلەکەی دیکەدا خوتبەی ئاگرینی ئەو ئایینوانانەیە کە ڕۆژانە کلیپ و خوتبە لە سەر کۆتایی دنیا و ئاخر زەمان دەردەکەن و کاڵای هەمووشیان یەک کاڵایە، کاڵای دڵنیایی.

با نموونەیەکی سەیر بهێنینەوە کە هی ڕۆماننووسی ئەفغان (خالد حوسێنیی)ە. خالد حوسێنی لە ڕۆمانی "کۆلارەباز" دا باسی ئەوە دەکات کاتێ تالیبان کابول دەگرن، خەڵک لەخۆشیاندا دێنە سەر جادە و دەیکەن بە شایی. ئەم وێنە سەیرە ئەگەرچی دەکرێت لە ناوکۆیی نەبوونی جێگیریی و سەقامدا لە کابول بخوێنرێتەوە، بەڵام بەشێکیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکان چاوەڕێن کەسێک بێت و کارەکەیان بۆ بکات و ڕەنگە هەر ئەمەش بێت کە سووک و سانا خەڵکێک مل بەوە دەدەن شۆڕشەکەیان بدزرێت و زۆر دواتر ئامادە دەبن دەست بدەنەوە تاقیکردنەوە، نموونەی ئێران بۆ ئەم وتە و ئەزموونی شۆڕشە دزراوەکان باش و تەواوە.



Scanned by CamScanner

ڕستەیەکی دیکە، کە دیسان زۆر بە ناوبانگە، ڕستەکەی (نیتچە)یە سەبارەت بە مەرگی خودا "خودا مردووە، من کەڵە مرۆڤتان پێ دەنوێنم" ئەم ڕستەیەش کە هێند دووپات کراوەتەوە ناوەڕۆکی ڕادیکاڵی خنکاوە، دیسان تەعبیرە لە کۆی دوودڵی سەردەمێکی مێژوویی، سەردەمی مۆدێرن، سەردەمێک کە چیدی مرۆڤ لەبەردەم بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیدایە و دەزانێت کە خۆیەتی و بڕیارەکانی خۆی.

بیرمانە هەر لەم سەردەمەدا و گەلێک ساڵ پێشتر، دیسان (کانت) ڕادەگەیەنێت کە تاقە کاری خێر و چاک ئەوەیە کە بە بێ هیچ مەبەستێک بکرێت، واتە بێ ئەوەی بۆ ڕازیکردنی خودا یان تەنانەت شادکردنی دڵی بکەرەکەشی بێت و ئەمە تاقە مەرجی کاری ئەخلاقییە و جگە لەوە چاکە تێکەڵە بە ئارەزووی نەخۆشانە، ڕەنگە لە ئێستە و نزیکی خۆشماندا بتوانین کۆی هەموو ئەم خاڵانە لەم حوکمەی (لاکان)دا کۆ بکەینەوە کە "ئەویدیی گەورە بوونی نییە" واتە مێژوو، زمان، متافیزیک یان هەر سەرچاوەیەکی دەرەکی کە بتوانین هۆی کار و هەڵبژاردن و بڕیارەکانی خۆمانی بۆ بگێڕینەوە بوونی نییە و ئەوە ئێمەین و سارای بێ سنووری

هەڵبژاردن و بڕیارەکامان کە دیاری دەکەین چی بین و چی هەین، واتە هیچ هۆیەکی دەرەکی بوونی نییە کە کارەکانمانی پێ پاساو بدەین و ئێمە تەنانەت هۆی هۆکانی خۆشمانین. بەڵام ئەمە مانای دانانی ئێمەیە لەبەر دەم سارای بێ سنووری هەڵبژادندا، واتە گومانەکەی داستایۆفسکی لە ئێستەدا بۆتە وشیاریی تەواو و ئەوەشە بەردەوام مرۆڤی هاوچەرخ بۆ گشتێتیەک دەگەڕێت خۆی تێدا بتوێنێتەوە و گلەیی و گازندە لە بێ چارەنوسی و نادیاریی هەر بەشێکە لە ئەدەب و هونەر و بیرکردنەوەی مۆدێرن و هاوچەرخ.

تا ئێرە گەشتینە بەریەککەوتنێک، بەریەککەوتنی نەبوونی هیچ ئەویدییەکی گەورە و بانگدەرانی ئەویدی گەورە، بەڵام ئەم بانگدەرانە لە ئێستەدا کاریان چییە؟ بە کورتی پەیامی ئەم لایەنە لە ئێستەدا ئەوەیە کە:"من دڵنیاییتان پێ دەفرۆشم". بانگی هەموو ئەو بانگدەرانە بەرهەمهێنانی ئەویدیی گەورەیە بۆ توانەوە تێیدا و بۆ لابردنی باری قورسی بەرپرسایەتی و باری قورسی ئازادیی لە سەرشانی تاکەکان و کۆمەڵگاکان، ئەم بانگدەرانە بە دروشمی گەڕانەوە بۆ ئەویدی و نوێنەرایەتیی کردنی ئەم



Scanned by CamScanner

ئەویدیـــە، دەیانـــەوێت بـــاری بەرپرســـایەتیی لـــە سەرشـــانی خـــەڵکان هـــەڵبگرن و لـــەباتی ئـــەوان بیـــر بکەنەوە.

لێــرەوە دەتــوانین بگەینــە ئــەو وێنەیــەی لــە ئێســتەدا بــۆ خــودا دەکێشــرێتەوە: خــودا لـــە ئێســتەدا کراوەتـــە دوایـــین ئەویـــدیی گـــەورە لای بنـــەڕەتخوازانی ئـــایینی، لای ئـــەمان خـــودا ئـــەو بیانووەیـــە کـــە بـــە ناویـــەوە بەرژەوەنـــدیی خۆیـــان ڕەوا بکـــەن، خـــودا لای ئـــەمان کراوەتـــە ئـــەو شـــا بیـــانووەی دەکرێـــت بـــە ناویـــەوە بکوژیـــت و ئـــەو ڕازی بکـــەیت و تـــۆش تـــەنیا فەرمانبـــەرێکی ملکـــەچ بیـــت نـــەک خـــاوەن ئیـــرادە، هـــەر بـــەم پێیەشـــە کـــە ژیـــژەک دەڵێـــت "وانـــەی بنـــەڕەتخوازیی هاوچـــەرخ ئەوەیـــە کـــە گـــەر خودایـــەک هـــەبێت هـــەموو شـــتێک ڕەوایە".

هـــەر وەک وێنەکێشـــانەوە بـــۆ خـــودا یـــەک جـــۆر نییـــە، حوکمەکانیشـــی یـــەک جـــۆر نـــین و ئـــایین چەنـــدە پاســـاوی کوشـــتن دەدات، ئەوەنـــدەش حـــوکمی لـــە ســـەر نەکوشـــتن تێدایـــە. بـــەڵام لـــەم لایەنـــەوە بنـــەڕەتخوازانی هاوچـــەرخ لـــە ڕوانگـــەی ناوئـــایینی یـــان ناونشـــینی ئایینـــەوە گـــەر ســـەیر بکـرێن خۆیـان ڕێـک ئـەو کـارە دەکـەن کـە کافرەکـان دەیکـــەن. لای بنـــەڕەتخوزان ئەوانـــەی کـــە ئـــایین و



Scanned by CamScanner

خـــودا بـــه دیاردەیــــەکی مێژوویــــی و بەرهــــەمی سـەردەمێکی مێژوویـــی بـــزانن کـــافرن، چونکـــو لای ئـەمان ئـــەم حوکمانـــە ئـــەزەلی و ئەبـــەدین. بـــەڵام هـــەر خۆیـــان بـــۆ پاســـاوی تونـــدوتیژی و بـــۆ سـڕینەوەی ئـــەو بەڵگـــە و حوکمانـــەی لـــە ئاییـــندا دژی تونـــدوتیژی هـــەن وەک "انـــا ارســـلناک ڕحمـــە للعـــالمین" یـــان "لکـــم دیـــنکم ولـــی الـــدین" و گەلـــێ نموونـــەی دیکـــە، دەڵـــێن کـــە ئـــەم حوکمانـــە هـــی ئـــەو ســـەردەمە بـــوون کـــە ئیســـلام دەســـەڵاتی بـــە دەســـت نـــەبووە و کاتێـــک دەســـەڵاتی گرتـــە دەســـت ئـــەم ئایەتانـــە لەکارکـــەوتن، کـــە وەک وتمـــان ڕێـــک هـــەر ئـــەم بەڵگـــە هێنانـــەوە خـــۆی لـــە گوتـــاری ناونشـــنی ئاییندا کوفرە و شیاوی سزا.

پرســـیارێکی دیکـــە کـــە دەبێـــت ئـــەم ئایینوانانـــە وەڵامـــی بدەنـــەوە ئەوەیـــە کـــە ئایـــا ئامـــادەن بـــە بـــێ هـــیچ گەرەنتیـــەک ئـــەخلاقی بـــن؟ ئایـــا ئامـــادەن بـــە بـــێ هـــیچ بـــەڵێنێک ئـــایینی بـــن؟ وەک ئـــەو پیرێژنـــەی ژیـــژەک ئامـــاژەی پـــێ دەدات کـــە لـــە جەنگـــە ئایینیـــەکانی ئـــەورووپادا بـــە کاســـەیەک ئـــاو و کاسـەیەک ئـاگرەوە دەچێـت بـۆ مەیـدانی شـەڕ و کـە لێـی دەپرسـن ئـەم دوو دەفـرەت بـۆ چییـە، دەڵێـت: "بـــەم ئـــاوە جەهەننـــەم دەکوژێنمـــەوە و بـــەم ئـــاگرەش بەهەشـــت ئـــاگر دەدەم، بـــۆ ئـــەوەی چیـــدی



Scanned by CamScanner

کەس لەبەر بەهەشت یان لە ترسی جەهەننەم چاکە و خراپە نەکات" ئەمە رێک ئەو ئەخلاقەیە کە بە بێ ئەویدی گەورە کار دەکات، بەڵام ئایا بانگدەرانی هاوچەرخی نەمانی بەها و ئاخر زەمان، ئامادەن بە بێ گەرەنتی ئیماندار بن، ئایا گەر رۆژێک دیار بکەوێت کە بۆ نموونە محەممەدی پێغەمبەر بە راستی ئەم شتانەی لە خۆی هێناوە و ئەمان بە هەڵە تێگەشتوون و بۆی هەبووە خۆی بەناوی خوداوە قسە بکات، دیسان هەر ئیماندار دەبن؟ یان بۆ ئیمانیان لە دەرەوە هەمیشە پەنا و سەرچاوەیان پێویستە.

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە مەرجی ئیمانی حەقیقی دەبێت، ئیمانێک بێ گەرەنتی و چاکەیەک بێ چاوەڕوانیی دەستخۆشی و سزا، ئەم جۆرە چاکەکردنە بێ گەرەنتیەیە کە سەن پۆلی مەسیح نەیدیتوو و بانگدەری گەردوونگەرایی، ئەو کەسەی کە ناهێڵێت پەیامەکەی عیسا بۆ نێو بیری ڕوومی و بۆ شەریعەتی جوەکان کورت ببێتەوە و پەیامەکە بە هی هەموو مرۆڤایەتی دەزانێت، بە کۆی نەریتی ماتریالیزم و تیۆلۆژیای ڕزگاری دەرەوە دەبەستێت، ئەوەش کە لە ئێستەدا پێویستمانە ئامادەییە بۆ چوونە نێو پرۆسەی خێر و دەست



Scanned by CamScanner

دانــە کــردە بــە بــێ هــیچ گەرەنتییــەک، ئــەوەی پێویســتە لــە ئــایین بژیەنرێتــەوە، نــەک ســنوور و پۆلبەندییــەکان، بــەڵکوو ئامادەییــە بــۆ داکــۆکی لــە خێــری گشــتی و هەمــەگیر، بــۆ بــەدەیهێنانی نــاوەرۆکی مێژوویــی و ڕێــک ماتریالیســتیی ئــایین، کــە هــەمان کارکردنــە بــە بــێ هــیچ گەرەنتییــەک و بــۆ چارەنووســی هــەموو گــەردوون بــە یەکســان و لــە دەرەوەی سنوور بەندیەکانی شەریعەت.

ئــەم جــۆرە ســەیرکردنەی خێــر بــە درێژایــی مێــژووی بیرکردنــەوە تەنانــەت لــە نێــو خــودی ئایینیشــدا بــە کــزی ئامــادە بــووە، ئــەم نــەریتی دواکەوتەنــەی خێــر و ئــەخلاقیبوونی بــێ گــەرەنتی و دەستخۆشــی دەکرێــت یــەکێک لــە ناوەکــان یــان تایبەتمەندییــەکانی ئــاتێییزم بێــت، نــەریتێک کــە ڕەگــی قــووڵی لــە مێــژووی بیرکردنــەوەی مرۆڤــدا هەیــە و کــەچی لــە ئێســتەدا تــەنیا وەک مانــای ڕەتکردنــەوەی خــودا لێــک دەدرێتــەوە، چما هــەر کــە وتــت خــودا نییــە چیــدی هــەموو کێشــەکان چارەســەر دەبــن، تاڕادەیــەک کــە ئــەم نەریتــەش خەریکــە ببێتــە مــۆدە و ئایدۆلۆژیایــەکی نــوێ و لــە نــاوەرۆک بــەتاڵ بکرێتــەوە و ڕێــک خــۆی وەک گوتــاری ئــایینی بکرێتــە ئەویــدی یــەکی گــەورە بــۆ شان دادانە سەری و کردنی بە پاساو.



Scanned by CamScanner

بەڵام ڕەگی ئەم نەریتە ڕێک لە ئەخالقی بوونی بێ مەرجدایە، لە ڕەفتاری ئەو ژنە پیرە دا، یان لەو کردەوە بێ مەبەستانەدا کە بۆ خێری هەمە گیر دەکرێن، لە بەجێ نەهێشتنی سەربازی دوژمندایە و هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی تەنیا لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەخلاقییە.

لە نێو ئەم ناوکۆییەدایە کە ئیمانداران و بێ ئیمانان دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و پێکەوە بژین، ئاتێییزم گەر بەم مانا بێت، نەریتێکە هاوکات پشتگیری خۆڕاگەیاندنی ئیمانداران و بێ ئیمانانیش دەکات و ئایدۆلۆژیەیکی تایبەت نییە و ناوەرۆکەکەشی بریتی نییە لە خودا، بەڵکو بریتییە لە ئەخلاقیبوون بە بێ هیچ ئەویدییەکی دەرەکی و هیچ چاوەڕێکردنێکی جەزای چاکە بەرامبەری، یان دیسان ژیژەک وتەنی "من گەر خراپە ناکەم لەبەر ئەوەیە کە بەیانیان لە ئاوێنەدا شەرم لە خۆم نەکەم".

لەم ناوکۆییەدا هەمووان دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و کەس ناتوانێت بە ناوی هیچ ئەویدی یەکی گەورەوە بدوێ و ڕەوایی بە کارەکانی خۆی بدات، پەیامی ئاتێییزم، بەم مانا، ئەوەیە کە خۆت بەرپرسیت و ئەوە تۆیت هەڵ دەبژێریت و ئەوە تۆیت دەکوژیت یان لێبوردە دەبیت و



Scanned by CamScanner

ناتوانیـت بـه هـیچ شـێوه لـەژێر بـاری بەرپرسـایەتی هـەڵبێیت، ئـەوەش لـە ئـەم نەریتـە دەسـتمان دەکـەوێت ئـەم بەشـەیەتی، نـەک گـۆڕینی بـۆ مۆدەیـەکی تـر. هـەر ئـەم ناوکۆییـە یـە یارمـەتیمان دەدات وێنـەی خـودا لـەو دەرکەوتـەی بنـەڕەتخوازان لێـی دەکێشـنەوە ئـازاد بکـەین و پێـداگریی بکـەی لـە سـەر ئـەوەی کـە کـەس چیـدی خـۆی بـە خـوداوە نەبەسـتێت و نـەیکات بـە بیـانووی کارەکـانی. ئـاتێیزم بـەم مانایـە دەتوانێـت نـاوەڕۆکێکی ڕادیکـاڵی هـەبێت و بابەتەکـەی لـە بـوون یـان نـەبوونی خـوداوە بگۆڕێـت بـۆ ئـەخلاقیبوونی بـی مـەبەسـت و گـەرەنتی، بـۆ گەڕاندنـەوەی بەرپرسـایەتی بـۆ مـرۆڤ بەرامبـەر چارەنووسـی جیهـان، هـەر ئـەو وانـەی لـە تیۆلۆژیـای مەسیحیشـدا ئامادەیـە کـە "هـەر خـەباتێک بـۆ خێـر، خەباتێکـە لـە سـەر چارەنووسـی جیهان".



Scanned by CamScanner



تویژەر

## ئاوات محەمەد:

**خوا لای مرۆڤ ئەوەندەی دیاردەیەکی ڕۆحی و دەروونییە، ئەوەندە ماتریالی نییە، تاکو شیکردنەوەیەکی ئەکلینکی یان پراگماتیزمی بۆ بکەین.**

Scanned by CamScanner

تێگەیشتن لەم مەسەلەیە هەروا ئاسان نییە، لەبەرئەوەی سەرتا ئەبێت دان بەوەدا بنێین بەدرێژایی مێژوو مرۆڤایەتی بیری لەچۆنیەتی شیکردنەوە و لێکدانەوە کردووە بۆ ئەوەی وێنایەک بدات بەم چەمکە و بوون و نەمانی خۆی، ئەو پێکهاتە نامۆییەی کە بوونەوەر پێک دەهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە ناچار بووە میتافیزیکێک کە خۆشی ناتوانێت شیکردنەوەیەکی بۆ بکات، کەداهێنراوێکی هێنایە ناو بیرکردنەوە و ئەم ناوە میتافیزییکەی لێنا، کە ئەم ناوە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت، ئەکرێت لەوێوە دەست پێ بکەین لێکدانەوە و هەڵوەستەکردن لەسەر خوا پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ هەیە، زۆرجار دەکرێت بڵێین پێویستی بەخوێندنەوەی سەرجەم مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی هەیە، لەبەرئەوەی خاوەنی ڕەهەندێکی ئەقڵانییە و مرۆڤایەتی بەپێی ئەو پێدراوە ئەقڵیەی هەیەتی



Scanned by CamScanner

ویستوویەتی لێکدانەوە بۆ شتێک بکات دەکەوێتە دەرەوەی دنیابینی ئەو و تەنها هەوڵیداوە وێنایەک بکات لەخۆییەوە نزیک بێت، کە دەڵێن ئەقڵانی مەبەستمان ئەو هێزە کاریگەر و باڵایەیە کە تەنها لای مرۆڤ ئامادەیی هەیە و بوونەوەرەکانی تر لەم لێکدانەوەیەدا ناتوانن بەشداری بکەن، کەواتە تاکە بوونەوەرێک کە خوای هەیە و لێکدانەوەی بۆ دەکات مرۆڤە، جگە لەم لەناو هیچ مەملەکەتێکی تری گیانەوەری ئەم گۆی زەوییەدا ئەم وێناکردن و لێکدانەوەیە نابینیت، کە بەشێک لەم مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ ئەیەوێت بەهۆی لێکدانەوەی ناتەواوی خودی خۆیەوە کە بۆ دیاردەکان هەیەتی، تەنانەت بۆ خودی خۆی هەیەتی، ئەو وێنایە تەواو بکات و دوا مانای پێ ببەخشێت.

ئەمە وەک سەرەتا و بیرکردنەوەی بەرایی مرۆڤ، هەروەها بۆ دۆزینەوەی بەهانە بۆ ئەو دیاردە و مەسەلانەی ناتوانێت بەپێی لێکدانەوە ئەقڵیەکانی خۆی شیکردنەوەی بۆ بکات، بۆ خۆدەربازکردن لەم تەنگژەیەی بیرکردنەوە هاتووە ئەم پێدراوەی بەرهەمهێناوە و کۆی بیرکردنەوەی خۆی لەسەر بونیاد ناوە، کە



Scanned by CamScanner

بەشێکی گرنگی ئەم لێکدانەوەیە بۆ ئەو ئەڵقە ونە دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە نێوان مردن و ژیانەوە، ئەو ئەڵقە ونەی لێکدانەوەی بەپێی تیۆرە ئاسان نییە.

ئەوە بیرکردنەوەی میتۆلۆژی بووە هاوکاری مرۆڤی کردووە لە مردن و نەمری بگات، یان لانی کەم لە لێدان و وەقعی مردن ڕزگاری بکات و کەمێک لە ژیان و پێدراوەکانی ژیان بگات، لەنێوان ئەم ئەڵقە ونەدا دنیابینییەکی تر بۆ لێکدانەوەی تەمەنی کورتی خۆی بدۆزێتەوە، هەندێک بە میتاهێز و هەندێکی تر بە میتابوون و هەندێکی تر ناوی خواوەندیان لێنا، سەرەتای تیۆلۆژیا ئەگەڕێتەوە بۆ دارشتنی وێنەیەکی هزریانەی مرۆڤ بۆ شێوە و هەڵسوکەوتی خواوەند، واتە مرۆڤ هەمیشە لەو هەوڵەدا بووە، کە خوا وا وێنا بکات، کە وەک ئەم هەڵسوکەوت بکات و بیربکاتەوە، وەک دەزانین سەرەتا مرۆڤەکان توانای کۆکردنەوە و چڕکردنەوەی تێگەیشتن لە سروشت و خودی مرۆڤ و دەوروبەریان بەو ئەندازەیە بەهێز نەبووە، سەرەتا بیرکردنەوەی فرەخواوەندی بەسەر فکری تیۆلۆژیدا زاڵ بووە و دواتر هەموو خواوەندەکان لەناو یەک تاکە هێزدا کورتکراوەتەوە، کە ئەمە


Scanned by CamScanner

بەتـــەواوەتی لـــە قۆنـــاغی گواســـتنەوەی ئەفســـانە بـــۆ ئـــایین بـــە ڕوونـــی بـــەرچاومان دەكـــەوێت، ئـــەم ڕەهەنـــدە بووەتـــە بەشـــێكی گرنـــگ لـــە تێڕوانینـــی مـــرۆڤ بـــۆ سروشـــت و خـــۆی و دەوروبـــەر، ئـــەم حاڵەتـــە تـــا ئـــەو ئەندازەیـــە لـــەناو كۆمەڵـــە مرۆییەكانـــدا تەشـــەنەی ســـەند بـــوو، بـــوو بـــە هۆكارێـــك لـــە هۆكارەكـــانی ســـەرهەڵدانی ئایینـــەكان، بەشـــێوەیەك خۆیـــان وەك پێـــدراوێكی خـــوایی وێنـــا دەكـــەن و وەك وێنایـــەكی ئـــەو كـــە خـــودی مـــرۆڤ ئـــەو وێنایـــەی كێشـــاوە هەڵســـوكەوت دەكـــەن، واتـــە هەمیشـــە مـــرۆڤ هەوڵـــدەدات لـــەو هێـــزە نزیـــك بێتـــەوە كـــە فـــەنتازیای مێشـــكی دروســـتی دەكـــات و خـــۆی توانـــای مومارەســـەكردنی ئـــەو جـــۆرەی لـــە ئەفسانە نییە.

خـــودا تـــەنها لـــە نـــاو نـــاخی مرۆڤـــەكان بـــوونی هەیـــە، واتـــە وێنایـــەكی هـــزری و نەســـتییە مـــرۆڤ لـــە نـــاخی خۆیـــدا وێنـــەی كێشـــاوە و لـــە دەرەوەی هـــەموو دەســـەڵاتەكانی تـــری لـــە دەســـتدا كۆدەكاتـــەوە و كـــە خـــودی مـــرۆڤ بـــۆ خـــۆی ناتوانێـــت لـــەدەرەوەی نـــاخی خـــۆی بـــە هـــیچ شـــێوەیەك بیدۆزێتـــەوە، كـــە خۆشـــی مەبەســـتییەتی نەیدۆزێتـــەوە، لەبەرئـــەوەی دۆزینـــەوەی ئـــەو هێـــزە هـــەموو ئـــەو ســـیحرانە بـــەتاڵ دەكاتـــەوە، كـــە مرۆڤـــە بەراییـــەكان لـــەناخی خۆیانـــدا



Scanned by CamScanner

کێشـاریانە و خۆیـان ملکـەچ ئـەم هێـزە کـردووە، هـەر لەبـەر ئەوەیـە مـرۆڤ وێنایـەکی تـەواوی و نادیـاری دەربـارەی خـوا هەیـە، ئاسـان نییـە وەک وێنـای دیاریکراوێـک هـەبێت، نـەک ئەوەنـدە تەنانـەت سـیفەتێکی تـەواوی لای هـەموو مرۆڤـەکان نییـە، هـەر کەسـێک بـە پێـی بیرکردنـەوە و وێنـاکردنی هـزری خـۆی وێنـای دەکـات و سـیفەتی دەداتێ.

وەک چـۆن خـۆی تەماشـای دەکـات بـەو شـێوەیە لەبارەیـەوە دەدوێـت، وەک (فرۆیـد) دەڵێـت: بـۆ ئـەوەی زانسـتێکی دەروونـی تـەواومان هـەبێت، پێویسـتە هێنـدەی ژمـارەی مرۆڤـەکانی ئـەم گـۆی زەوییـە لێکدانـەوەمان هـەبێت بـۆ بـاری دەروونـی مرۆڤـەکان، لەبەرئـەوەی دوو مـرۆڤ نادۆزیتـەوە لـەڕووی دەروونیـەوە لەیـەک بچـن، کـە ئـەم لێـک نەچوونـە لـە ڕووی دەروونییـەوە بـۆ تێگەیشـتن لـە خـوداش هـەر وایـە، لەبـەر ئـەوەی خـودا لای مـرۆڤ ئەوەنـدەی دیاردەیـەکی ڕۆحـی و دەروونییـە، ئەوەنـدە ماتریـالی نییـە، تـاکو شـیکردنەوەیەکی ئـەکلینکی یـان پراگمـاتیزمی بـۆ بکـەین، لەبـەر ئەوەیـە کـە دوو مـرۆڤ نییـە لەسـەر ئـەم گـۆی زەوییـە وەک کەسـێکی تـر وێنـای خـودا بکـات و لێـی تـێ بگـات، بـۆ سـەلماندنی ئـەم ڕاسـتییەش

بــوونی ئــەو هــەموو ئایینــە جیاوازەیــە بــۆ تێگەیشــتن لـــەخودا، بـــوونی ئـــەو ئـــەو هـــەموو مەزهەبـــە جیاوازەیــە لــەناو یــەک ئایینــدا بــۆ خــوا، بــوونی ئــەو هـــــەموو شـــــیکەرەوە و زانـــــا و لێکـــــدەرەوە و فەیلەســـووفە لاهوتانەیـــە بـــۆ لێکدانـــەوەی خـــوا و چۆنیـــەتی تێگەیشـــتن لـــەخوا ئـــەوەمان بـــۆ ڕوون دەکەنـــەوە کـــە بیرکردنـــەوە لـــە خواوەنـــد تەنانـــەت لـــەناو ئایینەکانیشـــدا پێویســـتی بـــە بیرکردنـــەوەی نائاســـایی هەیـــە، هۆکارەکـــەی بـــۆ ئـــەوە دەگەڕێتـــەوە ئێمـــە لـــەناو کایەیەکـــدا هەڵکەنـــدن دەکـــەین ئەڵقـــە ســـــەرەکییەکی لێکدانـــــەوە لۆژیکیانەکـــــەی ونـــــە، کەواتـــە ئاســـان نییـــە مـــرۆڤ بیـــەوێت بەشـــێوەیەکی ڕەهـــا لـــە ڕەهـــابوونی خـــودا تـــێ بگـــات، کـــە هـــەم لـــە بیرکردنـــەوەدا ڕەهایـــە و هـــەم هـــەموو ســـیفەتەکانی ڕەهـــابوونی تێـــدا بەرجەســـتە کـــراوە، لـــە هـــەمان کاتدا دەرهاویشتەکانیش ڕەهان.

کەواتـــە لێـــرەوە لـــەوە تـــێ دەگـــەین هەمیشـــە مـــرۆڤ بـــۆ ئـــەوەی وێنەیـــەکی کامـــڵ و تـــەواو بـــەو وێنـــە ناتـــەواوەی خـــۆی بـــدات، پێویســـتی بەوەیـــە لـــە دەرەوەی خـــۆی هـــەموو ســـیفەتە ســـۆپەرییەکان بداتـــە وێناکراوێـــک، کـــە کەموکورتییـــەکانی خـــۆی پـــێ پـــڕ بکاتـــەوە، یـــان ئـــەو کەموکورتیانـــە لـــە بیـــری خـــۆی بباتـــەوە، واتـــە مـــرۆڤ بـــە سروشـــتی خـــۆی



Scanned by CamScanner

ناتەواوە، هەر ئەم ناتەواوبوونە وا لە نیتچە دەکات وێنای مرۆڤی بەرز بکات و تاکو لەو ناتەواویی و شێواییەی هەیەتی ڕزگاری بکات، بیگەیێنێتە ئەو وێنا بالآیەی ئێمە بۆ خوا وێنامان کردووە و دواتر هەموو سیفەتە مرۆییەکانی وەک تابۆ نابێت لادانی لێ بکرێت بۆمان داتاشیووە، بەڵام ناکرێت ئەوەمان بیر بچێت هەمیشە مرۆڤ لە ناخەوە بەدوای وێنای کۆتایی خۆیدا دەگەڕێت، کە هەندێک بە نەمری دەیچوێنێت.

ئەگەرچی لەوە دڵنیایە کە خودی خۆی بەئاسانیی بەو نەمرییە ناگات یان هەر خەونە و پێگەیشتنی بۆ نییە، لێرەدا ناچارە لە ڕێگەی ئەو وێنایانەی خوا و ئەو جیهانە خواوەندییەی لەهزر و وێنای مرۆڤەکاندا هەیە مانا بۆ بوون و هەبوویەتی خۆی بدۆزێتەوە، هەر لەبەرئەوەیە بەهەشت و دۆزەخی ئایینەکان هیچیان لەویتر ناچێت، بەڵکو بەپێی بیرکردنەوەی پێگە هزرییەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە بەرئەوەیە تاکو ئێستا مرۆڤایەتی بەگشتی بە ئەستەم دەتوانێت لە دەرەوەی ئایدیای خوا ژیان بگوزەرێنێت، کەواتە مرۆڤ دەیەوێت لە ڕێگەی بەهەمهێنانی وێنایەکی تەواو و کامڵەوە وێنای خۆی تەواو بکات و بوونێکی گەورەتر و پڕ ڕێزتر



Scanned by CamScanner

بدات بەخۆی، نەک ئەوەی بیەوێت وەڵامی
کەمییەتی و ناتەواویی خۆی بداتەوە، پێویستی
بەو وێنا میتافیزییکە هەیە، لێرەوە بیرکردنەوەی
زۆرێک لەوانەی لەناو کایەی ئایینییدا کار دەکەن،
هەوڵدەدەن وێنایەک بدەن بەسمبولە ئایینیەکان
کە لە خودا نزیکیان بخەنەوە، وەک ئەوەی
سیفەتی موعجیزەیی دەبەخشنە ئەو سمبولانە،
هەریەکەیان لەو کردارانە نزیک دەکەنەوە کە
لەناو وێناکردنیی خواوەندا هەیە.

مرۆڤ لەبەر ئەوەی بوونەوەرێکە قابیلی
لەناوچوون و مردنە، هەمیشە بەدوای ئەوەدا
گەڕاوە چۆن نەمریی بۆ خۆی بدۆزێتەوە، تاکو
لەو وێنا ناتەواوە خۆی ڕزگار بکات، لەبەرئەوەیە
هەمیشە وێنای خودای لەسەر وێنای خۆی
کێشاوە و مانایەکی تەواوی پێ بەخشیووە،
لەناو ئایدیا جیاوازەکاندا وێنای خوا بەئەندازەی
نەرمی و توندی ئەو شوێنە وێنای کراوە، لە
هەندێک شوێنی گەرم و تووڕە بەئەندازەی
مرۆڤەکان قەساوەتی هەیە، بەڵام لەهەندێک
پێگەی فێنک و خاوەن بیرکردنەوەی نەرمدا
تادوا ئەندازە نەرمە، بەئەندازەیەک مرۆڤ خۆی
هەست دەکات پێویستی بەوەیە بگاتە ئەو
ئاستەی نەرمیی ئەو، واتە دۆزینەوەی مانایەکی



Scanned by CamScanner

بالاترە بۆ ئەو مرۆڤەی بەرهەمهێنەری ئەو وێنایەیە.

لەبەرئەوەی مردن پێش مەرجێکی ئەنتۆلۆژییە بۆ بوونی مرۆڤ و کۆتایی هەموو پرۆژەکانی بوونە و دوای ئەوە لێکدانەوەکانی مرۆڤ توانای بەرهەمهێنان و وێناکردنی نوێی نییە، لەهەمان کاتدا بەدوای پارادۆکسێکدا دەگەڕێت تاکو لێکدانەوەکان بۆ ئەو وێنا ڕەهایە مەحاڵ بکات، کە کەم بیرکردنەوەی ئایینی هەیە بەدەر بێت لەم حاڵەتە، کە هەموویان وێنایەکی پایانی و ونیان بۆ خودا هەیە، واتە خودا شتێکە لەسەروو بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، بەڵام لە سیفەتەکانیدا لە مرۆڤ ناچێت، بەڵکو وێنەیەکە بۆ وێناکردنی خۆی.

بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا مرۆڤ دەتوانێت بەبێ خودا بژی؟... لای نیتچە مردنی خوا پێشمەرجێکی ئەنتۆلۆژییە بۆ لەدایکبوونی مرۆڤی بەرز. و ئەمیش دەبێتە بکوژی ئەو باوکە میتافیزیکییە و بەم شێوەیە ئازادی خۆی دابین دەکات و لەم ئازادییەوە خۆی بە لێپرسراو بەرانبەر بوون و ناوەڕۆکی بوون دادەنێت (نیتچە و پاش نوێگەری، د. محەمەد کەمال). خودا و خولقێنەر دوو چەمکن لەدەرەوەی بوونەوەری



Scanned by CamScanner

مرۆیی و لەناو ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی مرۆیی، بەڵام لەناو مەملەکەتانی تردا جگە لەغەریزە سروشتییەکە ئەم بیرکردنەوەیە بوونی نییە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەوە بەتەنها مرۆڤە کە خاوەنی وێنایەکی میتافیزیکە بۆ خودا، لە دەرەوەی مرۆڤ ئەم بیرکردنەوەیە بوونی نییە، کەواتە تەنها ئەقڵی مرۆڤە ئەم وێنایەی بەرهەمهێناوە، لەگەڵ ئەم لێکدانەوانەی منىدا هێشتا لێکدانەوەی ئەم وێنا هزرییە زۆر لەوە زیاتری پێویستە کە بتوانیین لێکدانەوەی بۆ بکەین، بەڵام ئەمیان ڕایەکی تایبەتی خۆمە و زۆر بەکورتی لەسەر ئەم چەمکە و ئەم پرسیارەی بەڕێزتان وەستام.

مرۆڤ سەرەتا بۆ ڕزگاربوون لە ترس و دۆزینەوەی وەڵام دەستی کرد بە دروستکردنی ئەم پێدراوە، کە هەمیشە بیرکردنەوە میتافیزیکییەکان وەقعی گەورەتریان لە پراگماتیزییەکان زیاتر بووە، مرۆڤ بۆ ئەو دنیا فیزیکییە بچوکەی خۆی پێویستی بە هێزێکی بانفیزیکی بووە، تاکو لێکدانەوە ئایدیاڵەکان یان نمونەییەکانی خۆی پێ بسەلمێنێت، یان لانی کەم قەناعەت بە خۆی بکات لەدەرەوەی ئەمێستای فیزیکیمان دنیایەکی نافیزیکی و



Scanned by CamScanner

نازەمـــەنی و ســـەرمەدی هەیـــە، دەتـــوانین خولیـــا و ئەندێشـــــە و خواســـــتەکانمان لەوێـــــدا بەرجەســـــتە بکەین.

یـــەکێک لەمەرجـــەکانی ژیـــان خۆیـــەتی هـــەموو بیرکردنـــەوەکانی تـــــر دەبنـــــە هۆکارێـــــک بـــۆ وەڵامدانـــەوەی پێداویســـتییەکانی ژیـــان، کـــە خـــود وەک هێزێکـــــی بڕیـــاردەر دەبێتـــــە کاریگـــەرترین پێکهاتـــەکانی، بـــەڵام کاتێـــک ئەندێشـــەی مـــرۆڤ دەیـــەوێت هێزەکـــانی خـــودی خـــۆی بـــۆ دەرەوەی خـــۆی بگوازێتـــەوە، لێـــرەدا ئـــەو پێداویســـتییە دروســـت دەبێـــت کـــە ئێمـــە پێویســـتمان بـــە میتاهێزێکـــە وزەمـــان بـــۆ بـــەردەوامی پێببەخشـــێت و هـــەموو ئـــەو ئـــەرک و ماندوویەتیـــەی پێویســـتمانە بـــۆ دۆزینـــەوە و قوڵبوونـــەوە لـــەمانای خـــودی خۆمـــان، لـــەکۆڵمان بخاتـــەوە، ئەگـــەرنا چـــۆن بـــەدرێژیی مێـــژوو توایوویـــەتی بەرگـــەی خـــودی خـــۆی بگرێـــت، ئەگـــەر هەســـتی نـــەکردبێت هێزێـــک لـــەدەرەوەی خـــۆی هەیـــە، بـــەڵام ئـــەو هێـــزە ئـــەکرێت لـــەمرۆدا فیزیکـــی نەک میتافیزیکی بێت.



Scanned by CamScanner



نووسەرو ڕوناکبیر:

**د.سەردار عەزیز:**

**دیاردەی بە خودابوونی مرۆڤ لە مێـژوودا دەگمـەن نیـە و ئەمەش سـەرەتای لـە مـرۆڤ کـەوتنی مرۆڤە.**

Scanned by CamScanner

**خودای من؟!**

ڕەنگە ئەم دیدەی ڤیتگنشتاین کە بۆ خۆی لۆجیکێکی ڕەقە و لە هەمانکاتدا سنوربەندی زمان و سنوربەندی تێگەیشتنمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە، لە میانەی پەیوەندی مرۆڤ و خودا-دا میتۆدێکی باش نەبێت بۆ تێگەیشتن لە دیاریدەی خودا. ئەم پرسیارەی کە ئاراستەی من کراوە، یان لە ڕاستی ئەم پرسیارانە، کە خۆی لە بیرکردنەوەی من بۆ خودا، وە چیەتی خودا لای، داواکاریەکن بۆ دانپیانان، بۆ کردنەوەی دەروون و هەڵڕشتنی نهێنی. لە کاتێکدا کلتوری ئێمە بەم جۆرە پرسیارانە ئاشنا نیە. ئایا کەسێک دەتوانێ لە سنوری زمانێک، کلتورێکدا، دەربارەی بالآترین پیرۆزی بە ئاسانی و بە ئازادی بدوێت. وەک دەبینی لە قسەکەی ڤیتگنشتاین ئەمە سنوردارە.

بەلام ئازادی تەواو جۆرێکە لە سەرکێشی. تەنانەت ئازادی تەواو دەربارەی خود. مرۆڤ بە


Scanned by CamScanner

هۆی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەی تێیدا ئەژی هەرگیز بەتەوای ئازاد نیە، ئەوەی لە دڵیایەتی بتوانێ بەبێ هیچ دوودڵیەک هەڵی ڕێژێ. (فۆکۆ) لە کۆمەڵێ وانەدا لە زانکۆی (بێرکلی) لە ئەمریکا باس لەم ئەستەمە ئەکات، بە گەڕانەوە بۆ چەمکی پارهیسا، لە یونانی کۆندا. پارهیسا یانی قسەکردن بەبێ هیچ ڕێگریەک، چەندێک ئەمە ڕاستی وتنە، چەندێک ڕەخنەیە، چەندێک سەرکێشیە.

لێرەدا پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵام، حەز ئەکەم ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە پرسیار شێوازێکی سەختە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دیاریدەیە. لە چاوپێکەوتنێکی (دۆلۆز)دا لەگەڵ (کلێیەر پارتن) لە کتێبی "دایەلۆگ دوو" بە وردی باس لەم جۆرە توند و تیژیە ئەکات. دۆلۆز دەڵێت، زۆر گرانە لە ڕێگای پرسیارەوە، لە ڕێگای دایەلۆگەوە، لە ڕێگای گفتوگۆوە دەربارەی خود بدوێت. زۆربەی کات کاتێک کە خەڵکی دەربارەی خۆم پرسیارم لێ ئەکەن، هیچم پێ نیە بیڵێم. دۆلۆز مەبەستی لەمە ئەوەیە ئەگەر تۆ نەتوانی پرسیاری خۆت داڕێژی، ئەوا زۆر گرانە وەڵامی بدەیتەوە .



Scanned by CamScanner

ئەمـەم بۆیـە بـاس کـرد بۆئـەوەی ڕەهەنـدە سـەخت و دژوارەکـانی ئـەم پرسـیارە ڕوون بکەمـەوە.
چونکـە خـودای مـن، بـە تـەنها خـودای مـن نیـە.
چونکـە ئێمـە لـە کلتـورێکی تـاک خـودایی دا ئـەژین، خـودای مـن خـودای هەموانـە. کەواتـە مـن هەرچیـەک بڵـێم دەربـارەی خـودای مـن، هـەموو ئـەوانی تـر کـە بڕوایـان بـە خـودا هەیـە، بـە یەکسـانیی بـە قسـەکردن دەربـارەی خـودای خۆیـانی دەزانـن. ئـەم هاوبەشـیە، ڕوویـەکی تـری ئـەو مەحاڵیـە دەرئـەخات کـە لـە دەوری پرسـیارەکە ئـاڵاوە. کەواتـە خـودای مـن نیـە، ئـەوەی هەیـە خـودای هەموانـە. مـرۆڤ ئـازاد نیـە لـەوەی چـۆن لـە خـودا بگـات، ڕێگـای پـێ نادرێـت وەک تاکێـک سـەربەخۆیانە بـە خـوداوە پەیوەسـت بێـت، چونکـە خـودا ئـەو دەسـەڵاتدارە گەورەیـە، کـە هـەموو کـەس دەخوازێـت پێـوەی پەیوەسـت بێـت، وە بەسەر ئەوانی تریدا بسەپێنێت.
لـە ڕاسـتیدا مێـژووی ئـاین، بریتـی یـە لـە سـەپاندنی دەسـەڵاتی خـودا بەسـەر ئـەوانی تـرەوە، لـە لایـەن کەسـانێکەوە کـە خۆیـان نایەنـەوێت بەسـەر خۆیانیـدا بسـەپێنن. بـۆ نموونـە قەشـە کاتۆلیکـەکان لـە ڕێگـای ئـەخلاقی کاتۆلیکـەوە دەسـەڵاتی خـودا بـە سـەر خەڵکیـدا دەسـەپێنن،



Scanned by CamScanner

کەچی خۆیان مێژوویان پڕییەتی لە نائەخلاقی و منداڵبازی.

من لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەربارەی پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ قسە ئەکەم لە کۆمەڵگای ئێمەدا. منیش وەک یەکێک لە مرۆڤەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە. لە کۆمەڵگای کوردیدا هەموو مرۆڤێک لە جۆرێک پەیوەندیدایە لەگەڵ خودا دا. بڵاوترین پەیوەندی باوەڕە. بەڵام ئەمە تەنها شێوازی پەیوەندی نییە. بۆ زۆرینە ئەم باوەڕە، نەریتە وە پێویستە، نەک دەرئەنجامی مەعریفە و ئاگایی. بەڵام ئامادەبوونی ئایدیای خودا، دەسەڵاتی خودا، ناوی خودا، دەزگاکانی خودا، پرۆسەی پەیوەندیکردن بە خوداوە بۆ نموونە لە ڕێگای نوێژەوە، خودای کردۆتە بەشێکی لێک نەپچڕاوی ئاگایی و نا ئاگایی مرۆڤەکان. دیارە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان خودا وەک باوەڕ و خودا وەک بڕوا. یەکەمیان زیاتر سیاسی وە دووەمیان تاکە کەسییە. ئاساییە مرۆڤ هەودای سەقامگیری و هەبوونی ئەو دیوو دڵنیایی بێت لە ژیانیدا. بەڵام ئەمە مەرج نییە کەسی باوەڕدار بکاتە سەربازی خودا، لە پێناوی بەهەشتی خۆیدا ئامادەبێت ڕووباری خوێن هەستێنێ.



Scanned by CamScanner

سەرەتا ئەگەر پێناسەی خودا وەها بکەین کە ئەو ئایدیالەیە کە هەموو باشەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، وە مرۆڤی لە وێنای خۆی دروست کردووە وە لە هەمانکاتدا مرۆڤ خەلیفەی ئەوە لە سەر زەوی، کەواتە مرۆڤ ئەرکیەتی، وەک پەهەندێکی ئەخلاقی هەوڵی نزیک بوونەوە بدات لەم ئایدیالە. ئەگەر ئەمە وەها بێت، ئەوا مرۆڤ دەبێتە ئەو کەسەی کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە زۆرترین باشە بکات، وە هەرگیز ناگاتە ئاستی ئەنجامدانی ئەوپەڕی باشە، چونکە توانای ئەوەی نیە. لێرەدا هەوڵی مرۆڤ بۆ چاک بوون.. جوان بوون.. هەوڵێکە هەرگیز بە کۆتایی ناگات.

ئەمە بۆ خۆی بونیادنانی بەراوردێکە لە نێوان کامڵ کە خودایە یان ئەوپەڕی و ناکامڵ کە مرۆڤە. یەکەمیان هەمیشە وەهابووە وە هەمیشە وەها دەمێنێتەوە، دووەمیان لە دۆخێکی جێگیردا نیە، بەڵام ناگاتە کامڵ بوون. ئەم پەیوەندیەی نێوان کامڵ و ناکامڵ ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی مرۆڤ بوونی مرۆڤ. چونکە لێرەدا مرۆڤ هەمیشە لەسەر سنورە، لە سنوری نێوان خودا و مرۆڤدا. ئەم نیشتەجێ بوونە لە سەر



Scanned by CamScanner

سنور وەهای لێ ئەکات مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، خاوەن ئەخلاقی مرۆڤ دۆستی بێت.

ئەمە ئەمانباتە نێو دونیایەکی ترەوە، کە بریتیە لەوەی؛ ئایا مرۆڤ لاسایی خودا ئەکاتەوە، دەیەوێ بە خودا بگات، وەک خودای لێ بێت یان پەیرەوی خودا جێ بەجێ بکات. دیارە دیاریدەی بە خودابوونی مرۆڤ لەمێژوودا دەگمەن نیە، بگرە نموونەی زۆرە. ئەمە سەرەتای لە مرۆڤ کەوتنی مرۆڤە. لێرەدا کاتێک مرۆڤ خۆی وەک بەشێک لە خودا، بە ئاگایی یان بە شاراوەیی وەک خودا هەڵسوکەوت ئەکات ئیتر دەبێتە مایەی ئازار بۆ مرۆڤەکانی تر. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە نموونە لە دونیای سیاسەت دەهێنینەوە. دیارە سیاسەت ئەو بوارەیە کە بوار دەبەخشێتە مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن دەسەڵات. دەسەڵات پەیوەندی دروست ئەکات.

پەیوەندی نێوان مرۆڤێکە خۆ بە خودازان لە مرۆڤێکی تردا تەنها لە ڕێگای ئاغا و کۆیلەوە دەبێت. وەک چۆن خودا عەبدی دەوێت و پاداشتی ئەکات، بە هەمان شێوە مرۆڤی بە خودابوو عەبدی دەوێت. دەسەڵات وەها لە کەسەکە ئەکات کە خۆی لە سەرووی مرۆڤەوە



Scanned by CamScanner

وێنا بکات، ئەو پەڕی دەسەڵاتدار خودایە. بەڵام کاتێک مرۆڤ دەبێتە دەسەڵاتدار و دەسەڵاتەکەی لە ڕەخنە دووره ئەوە هەر زوو خۆی وەها وێنا ئەکات کە دەسەڵاتی بێ سنوورە.

لە گریکدا ئەمە وەک جۆرێک لە شێتی ناوزەد کراوە. بەڵام ئەگەر لە دیدی تیولۆژیای سیاسیەوە بۆی بنوارین وێناکردنی خاوەن دەسەڵاتە بۆ خۆی وەک خودا. ئەمە وەها ئەکات مرۆڤەکە خۆی بەبێ وێنە، بە تاقانە، بەبێ جێگرەوە، دانێت. وەها خۆی ببینێت کە دەبێ هەتا هەتایە لە سەر عەرش بێت. نابێ جێگری هەبێت. هەروەها ئێمە لە عیلمی کەلامی ئیسلامیدا ئەوە فێردەبین کە لە نێوان قسەی خودا و کرداری خودا+دا هیچ مەوادایەک نیە. بەو مانایە قسە کردارە. ئەمە بۆ خۆی یانی نەبوونی ڕاوێژ، نەبوونی دانپیانان بە ئەوانی تر. بۆ نموونە ئایەتی کن فیکن (ان اللە اذا اراد شیء قال لە کن فیکن) چەند جارێک لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە وەک یەکێک لە سروشتەکانی خودا. بەڵام لە سیاسەتمەدارەکانی لای ئێمە ئەم سیفەتە بە شێوەیەکی گشتی بڵاوە.

بۆ نموونە زۆر ئاساییە کەسێکی سیاسەتمەدار لە کۆبونەوەیەکدا، لە چاوپێکەوتنێکدا شتێک

بڵێت و ببێته یاسا و جێ بەجێ بکرێت. ئەم بە خودابوونە لە ئەنجام دا مرۆڤ دەباتە ئاستێک کە مافی ژیان و مردنی کەسەکانی هەبێت، مافی چۆنێتی ژیانی هەبێت، مافی دیاریکردنی چاکە و خراپەی هەبێت. ئەمانە لە کۆتاییدا دەبنە بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێک کە مرۆڤ بە بابەت بوو تیایە ڕووت دەبێتەوە لە ماف، لە ڕێز، لە خواست، لە دەسەڵات. بۆیە نزیکبوونەوە لە خوا دەبێت لەو ڕوانگەیەوە بێت کە مرۆڤ ناتوانێت ببێتە خوا. بەڵام ئەم تراژیدیایە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوەیەکی زۆر بڵاو تەشەنەی کردوە .

وێنای خودا، دەبێتە ئەو جوادیەی کە لە بەرامبەریا دەتوانین وێنای مرۆڤ بکەین. جیاکردنەوەی خوا لە مرۆڤ، کە دەکرێت لە پرۆسەی عەلمانیدا خۆی ببینێتەوە، کارێکی هەنوکەییە. ئەگەر خودا ڕاستی بێت، پاکی بێت، پڕ لە زانیاری بێت، ئەو پەڕی بە ئاگابێت. ئەوا لە بەرامبەریا مرۆڤ هیچ کام لەمانە نیە. کەواتە ئەگەر مرۆڤ هەرگیز نەتوانێ ببێتە خاوەنی ڕاستی، یان ئەوپەڕی پاکی، یان سەرتاپا زانیاریەکان، یان بە ئاگا بێت لە هەموو شتێک ئەوا دەبێت لە بەرامبەردا کەسێک بێت کە دان

بە هەڵەی خۆیدا بنێت، گومانی هەبێت لەوەی کە ڕەنگە هەڵە بێت، هەڵە بوونی یانی کرانەوەی بۆ ڕاو بۆچوونی ئەوانی تر، ئەمە سەرەتایەکە بۆ کرانەوە، بۆ گفتوگۆ، بۆ گۆڕینەوە. ئەگەر مرۆڤ بڕوای وەهابێت کە ناتوانێت وەک خودا خاوەن سەرجەم زانیاریەکان بێت، ناتوانێ لە هەموو شتێک بە ئاگابێت، ئەوا دەبێ دان بەوەدا بنێت کە زانیاری زۆرتر هەیە کە دەبێ بیزانێت، کەواتە پێویستی بەوەیە هەوڵ بدات، فێر بێت، ڕاوێژ بکات، بیروڕا بگۆڕێتەوە، بگەڕێ، بەراورد بکات. ئەگەر هاتوو ئەمانەی کرد ئەوا دەبێتە کەسێکی خاوەن لێبوردن، کەسێکی دیموکرات، کەسێکی سنگفراوان.

هەبوونی خودا یانی باوەڕبوون، بەڵام باوەڕبوون، هەمیشە پێچراوە لە ڕاڕایی. لە نێو موسوڵمانان دا حەفتا و چەند گروپ دەبێت تەنها یەکێکیان باوەڕداری ڕاستەقینەیە. ئەمە یانی هەبوونی باوەڕی ڕاستەقینە مەحاڵە. ئەم مەحاڵێتە سروشتێکی (درێدا)بیانەی ئەداتێ. درێدا کاتێک لە مۆدێرنە دەرمان دەهێنێت، کە خەسڵەتەکانی مۆدێرنە، سادە کردنەوە، بڕوابوون بە هەبوونی توانای زانین، کە لە چەمکی ئیپستمۆلۆژیادا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام مەحاڵ، لە چەمکی



Scanned by CamScanner

ئـــەنتۆلۆژیادا خـــۆی دەبینێتـــەوە، کـــە یـــانی مـــەحاڵی زانـــین. ئـــەم مـــەحاڵی باوەڕبوونـــە، یـــان بـــوون لـــە نێـــو ڕیـــزی ئیمانـــداران، دەبـــێ کەســـی تینـــو بـــە ئیمـــان هـــان بـــدات کـــە هەمیشـــە هـــەوڵ بـــدات ئیمانـــدار بێـــت، وە هـــەرگیز دڵنیـــا نـــەبێت کـــە ئیمانـــدارە، بۆیـــە ئـــەم ڕاڕاییـــە، ئـــەم گومانـــە دەبـــێ پاڵنـــەری بێـــت بـــۆ چاکـــە کـــردن، بـــۆ ڕازیکردنـــی خـــودا. بـــەڵام ئـــەم دیـــدە ئـــەمڕۆ وەک هێزێـــک بـــەکاردێت بـــۆ لـــە خشـــتەبردنی کەســـــەکان بـــــۆ کوشـــــتن و ئەنجامـــــدانی کـــاری دڕندانـــــە. بۆیـــــە پەیوەنـــــدی خـــــودا و مـــــرۆڤ پەیوەندیەکـــــە کـــــە دەکرێـــــت بێتـــــە ســـــەرچاوەی مرۆڤبـــــوون هـــــەروەها دڕنـــــدە بـــــوون. بـــــەڵام بـــــۆ زۆرینـــــەی خـــــەڵک ئاســـــان بـــــە تـــــەنها مـــــرۆڤ بـــــن، دۆخێکی زێدە دڵ تەنگە.

پەیوەنـــدی مـــرۆڤ بـــە خـــوداوە، یـــان خـــودا پەرســـتی هەمیشـــە لـــە دوو دڵـــی و گومـــان ئـــاڵاوە، ئـــا لێرەدایـــە جـــوانی ئـــاین. مرۆڤـــی دڵنیـــا نـــاتوانێ خوداپەرســـت بێـــت، چونکـــە دڵنیـــا پێویســـتی بـــە بیرکردنـــەوە نیـــە، پێویســـــتی بـــــە پیاچونـــــەوە نیـــــە، پێویســـــتی بـــــە دادگـــــایی خـــــود نیـــــە. ئـــــاین پرۆســـــەی هەمیشـــــە دادگـــــاییکردنی خـــــودە. مـــــرۆڤ لـــــە گـــــەڵ خـــــودای خۆیـــدا هەمیشـــە لـــە پەیوەندیدایـــە وە هەمیشـــە لـــە خـــەمی ئەوەدایـــە کـــە خـــودا لـــە خـــۆی ڕازی بکـــات.



Scanned by CamScanner

خـودا لــه ڕیگــای چاکــه و جــوانی و ڕێــزەوە ڕازی دەبێــت. کەواتــە دەبــێ پرســیاری هــەموو ســەرەتای ڕۆژێکــی نــوێی کەســێکی بــاوەڕدار ئــەوەبێت؛ چــۆن خودا لە خۆم ڕازی بکەم..؟

کاتێــک مــرۆڤ دەبێتــە ئــەو کەســەی کــە هــەرگیز چــاوی لــە خــۆی نیــە، بــەڵکو هەمیشــە چــاوی لــە ئەوانــی تــرە بزانێــت چەنــدێک خــودا پەرســتن بــە پێــی تێگەیشــتنی ئــەو بــۆ خــودا، کــە هــیچ گــەرەنتی نیــە، یــەک لــە سەدیشــی ڕاســت بێــت، ئــەوا لــە ئەنجامــدا خــۆی لــە بیــر ئەچیتــەوە. بۆیــە لــە ئەنجامــدا خــودا نابێتــە بەشــێک لــە کــرداری ڕۆژانــەی. نابێتــە ئــەو دادوەرە هەمیشــە ئامادەیــە لــە ژیانیــدا. ئەمــە وەهــا لــە ئیســلام ئــەکات کــە بیــر لــە دەوڵــەت نەکاتــەوە، بــەڵکو بیــر لــەوە بکاتــەوە کــە مرۆڤێکــی بــاوەڕدار بهێنێتــە ئــاراوە کــە لەلایــەن خــوداوە چــاودێری و ڕابــەری ئــەکرێت نــەک لەلایــەن مرۆڤەوە .



Scanned by CamScanner



نووسەرو ڕوناکبیر:

## ئیسماعیل حەمەئەمین:

**ئەنتۆلۆژیەتی مرۆڤ لەناو زماندایە، لێرەوە تێگەیشتن لە میتافیزیک و لە خوداش لەناو خودی زماندایە.**

بـــا لە دەرەوەی ڤیتگینشـــتاین قســـە بکەیـــن، بـــا لە دەرەوەی تیـــۆرە بـــاس لە پەیوەنـــدیی مـــرۆڤ و خـــودا بکەیـــن. چـــونکە بـــۆ تێگەیشـــتن لە خـــودا تەنهـــا لە ڕێـــگەی ناســـینی ســـوبێکت بـــۆ دەرەوەی خـــۆی، بـــۆ دنیـــای متیافیزیـــک دەتـــوانین لەخـــودا تێـــبگەین. مـــن هەمیشـــە سەرســـامم بەخـــودا کاتێـــک ڕۆحمـــان دەکەوێـــتە نیگەرانـــیەوە، لێـــرەوە خـــودا لە ســـووچێکدا ئامـــادەیە، وەک هەناســـەیەک وەهـــایە کە ڕۆح پێویســـتی پێیەتـــی. خوداوەنـــد لەو چـــرکە ساتە گرنگەدا ئامادەیە.

لەم چـــرکە ســـاتەدا کە دنیـــای هەبـــوو، هەمـــوو دەرگاکـــانی خۆیـــت لەســـەر دا دەخـــات، کاتێـــک هـــیچ ڕوونـــاکیەک نامینێـــت بـــۆ ژیـــان، لەو چـــرکە ســـاتەدا خـــودا ئامـــادەیە.. ئەم چـــرکە ســـاتە ڕۆحـــیە، ئەم چـــرکە ســـاتە شـــپریتوالیە، کێشـــەیەکی وجـــودی تـــۆیە لەگەڵ خۆتـــدا بە ئامـــادەبوونی خـــودا، ئەم پەیوەنـــدییە ژیاندۆســـتیەت بـــۆ دەگەڕێنێـــتەوە. لەبەر ئەوەیە مـــن دژی پـــارتە ئاینیەکـــانم، چـــونکە



Scanned by CamScanner

لەو بــــڕوایەدام خــــودا پێویســــتی بە نـــوێنەری سیاســـی نیـــیە بـــۆ ئەوەی هێـــزی خۆیـــت نیشـــان بـــدات، خـــوادا لێـــرە، لە نێـــو ئـــێمەدایە و لە دەرەوەی ئـــێمەدا نیـــیە، خـــودا لە نێـــو جیهـــانی خـــود، خۆیـــدایەتی، لە نێـــو ســـوبێکتدایە و پێویستی بەئۆبێکت نییە.

کارەســـاتە مەزنـــدەی ئەوە بکەیـــن لە ڕێـــگەی نوێنەرەکـــانی خـــوداوە، قەشـــە و مەلا و حاخـــام و..هتـــد دەتـــوانین لەخـــودا تێـــبگەین. نەخێـــر خـــودا یەکـــم جـــار لە نێـــو ڕۆحـــی خۆتـــدا ئامـــادەیە، کاتێـــک برینـــدار دەبێـــت، لێـــرەوە مـــن پێمـــوایە خـــودا ڕۆحێکـــی برینـــدارە کە زەمەنێکـــی تـــایبەت بەخـــۆی هەیە و درک پـــێ کردنـــی، ئاســـتی هۆشـــمەندیەکی گەورەمـــان پێویســـتە بـــۆئەوەی بکەیـــن بەو ڕۆحە برینـــدارە. ئـــێمە کە زامـــدار دەبـــین بە خەنـــجەری دەســـتی ئـــازیزان، کاتێـــک هەســـت دەکەیـــن لەم دنیـــا قەحـــبە و دەیوســـە دا بەجـــێ هێڵـــراوین، کاتێـــک هەســـت دەکەیـــن هـــیچ نەمـــاوە بـــۆ ئەوەی بەردەوامـــی بە خـــۆت بـــدەیت، وەک کرمێکـــی پـــیس لە نێـــو دنیـــایەکی پۆســـت مـــۆدێرنی بـــێ بەزەیـــی و بـــێ ئەخـــلاق دا. لەو چرکەســـاتەدا خـــودا نـــوێنەری ئەو هەمـــوو برینـــداریەی ئـــێمەیە، لەو چـــرکە ســـاتە میتـــافیزیکیەدا خـــودا ئامـــادەیە وەک خـــودی خـــۆت،

له نێــو خۆتــدا و بــۆ نێــو خــودی تــۆ له دەرەوەی تۆبێکــت و دنیــای ڕاســتەقینه بــوونی نیــیه، دنیــای تۆبێکــت لەوه دڵ ڕەقتــره خــودا له خــۆی بگرێــت..

دیــاره مــن خۆشەویســـتیەکی گەورەم هەیه بــۆ مــرۆڤه ئاینییەکــان، بــۆ مامۆســتایانی هەمــوو ئاینەکــان و خــۆم وەک عەلمــانیەک قەنــاعەتێکی قــووڵم بەوه هەیه که بــوونی ئەوان له کــۆمەڵگەدا ئەو هەناســه مــۆڕاڵیەن که دنیــای مــۆدێرن ڕۆژ بەڕۆژ لێمــان زەوت دەکــات. ئەوەی هەمیشــه مــن هــیلاک دەکــات به پــۆلیتکەکردنی مەســەله ڕۆحیەکــانه، کردنێتــی بەسیاســەتی ڕۆژانه و قســەکردن بەنــاوی خــوداوه، بێگومــان مەبەســتم ئەوه نیــیه که نابێــت بــاس له خــودا بکەیــن، بەڵام با بەناوی ئەو یاسا دانەڕێژین و حوکم نەکەین.

له ئــاینی ئیســلامدا گــوتەیەکی جــوان هەیه دەربــارەی بــوونی خــودا، ئەویــش ئەوەیه که خــودا لەحەبلــی وەریــد نیزیــک تــره لێمــان، به مانــای له دەمــاری ووردی گوێچەکمــان لێمــان نیزیــک تــره. له مەســیحیەتدا خــودا له شــێوەی ئــازاردا دەبینــین، کاتێــک مەســیح بــۆ ئــێمه ئــازار دەکێشــێت، کاتێــک بەگشــتی ئــازاری ڕۆحــی و جەســتیمان دەبێــت، لەو چــرکه ســاته برینــداریه جەســتەی و ڕۆحــیەدا، خــودا ئامــادەیه، له تەنیشــتمانەوەیه، لەســەر



Scanned by CamScanner

سەرمانە و هێزمان پێ دەبەخشێت. لەم خاڵەوە نیزیک دەبمەوە لەو ڕایەم کە دەڵێم خودا مانای برینداری ڕۆحیە... بوونی ئازاری ڕۆحی لەلای هەموو پەیامبەرەکان، لە چیرۆکی ئادەمەوە سەیری بکە، یەکەم ئامادەبوونی خودا لەو ساتەدایە کە ئادەم هەست بەتەنیایی دەکات، ئەوساتە قسە لەگەڵ خودا دەکات بەوەی زۆر لەم دنیای بەهەشتە بێزارە، لێرەوە تۆخمی مێینەی بۆ خەڵق دەکات.

چرکەساتی ئامادەبوونی خواوەند، چرکەساتی ئامادەبوونی هەستکردنە بەتێکچوونی هاوسەنگی مرۆیمان، تەنیایی، ماڵئاوایی ئازیزان، مردن، کارەسات و نەخۆشی و زۆریتر، هاوسەنگی مرۆڤ تێک دەدەن. لەو ساتەدا کەهاوسەنگیمان تێک دەچێت، کە ڕۆحمان بریندار دەبێت، خودا ئامادەیە، خودا لە تەنیشتمانە و لە نێومانداییە و پەنای بۆ دەبەین بۆ ئەوەی هاوسەنگی مرۆییمان بۆ بگەڕێتەوە، وەک چۆن باپیرە گەورەمان ئادەم لە بەهەشتدا بۆ یەکەم جار هاوسەنگی ڕۆحی تێکچوو، پەنای بردە بەر خودا بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی. ئەم دووریـیە سومبۆلیە چیرۆکی گەورەی مرۆڤایەتیە لەگەڵ خودا، چیرۆکی ئازارە بە خوداوە، ئازار برینداریە، درز

تێبـــوونی ئێـــره و ئەوێـــی ژیـــانە، ڕۆچـــوونە بـــۆ نێـــو مـــیچ، قڵـــپ بـــوونەوەی خۆمـــانە بەســـەر خۆمانـــدا.. هەمـــوو ئەمـــانە چـــرکە ســـاتی شـــپریتوالیانە بەدووی خۆیـــدا دەهێنێـــت، ئەو چـــرکە ســـاتە دەتـــوانین بەدۆزینەوەی خودای تێبگەین.

مـــن وەک خـــۆم هەمیشـــە بـــڕوام وەهـــایە کە هەر مـــرۆڤە و بەشـــێوەی خـــۆی خـــودایەکی نێـــو خـــۆی دەدۆزرێـــــتەوە، موســـــا و عیســـــا و زۆربەی پەیامبەرەکـــان ڕســـتەیەکی زۆر کاریگەریـــان بەکـــار دەهێنـــا ئەویـــش (خـــواداکەم/ربی/ Mein Gott)، ئەم ڕســـتەیە لەجەوهەردا ئامـــاژەیە بـــۆ خـــودایەک کە دەدۆزرێـــتەوە و خـــودای کەســـێکە و گفتوگـــۆی لەگەڵ دا دەکـــات. بەمەش خـــودا دەبێـــتە ئەو لایەنەی ئەوســـەر کە قســـەکەر گفتوگـــۆی لەگەڵ دا دەکـــات و بەنـــاوی مـــن، خـــودای مـــن قســـەی لەگەڵ دا دەکـــات. لێـــرەوە دەتـــوانم ئەو دەســـتەواژەیەت بـــۆ ڕوون بـــکەمەوە بـــۆچی مـــن دەڵـــێم خـــودا لە نێـــو خـــودی خۆمـــدا و لە نێـــو خۆمـــدا بـــوونی هەیە، نەک لە دەرەوەی، بە مانـــای لە نێـــو ســـۆبیکتدا هەیە و نـــاتوانین ئـــۆبێکتیڤی بکەیـــن. هەر لەبەر ئەوەشـــدا مـــن زۆر خۆشـــحاڵ نـــیم بەنـــوێنەرە سیاســـیەکانی خـــودا کە خۆیـــان لە حیـــزبە ئیســـلامی و کریســـتەکانی ئەوروپـــادا دەبینـــیەوە. دیـــارە مـــن



Scanned by CamScanner

لێرەدا نامەوێت وەک سێکۆلاریستێک قسە لە بەشداری سیاسی بکەم، بەڵام بەگشتی وەک مرۆڤێک هەست دەکەم درۆیەکی گەورە دەکەین کاتێک بەناوی خوداوە یاسا دارێژین و مرۆڤی بەزۆرملێ پێوە پابەند بکەین. چونکە خودا هەمیشە لەوێ، لە دەرەوەی سوبێکت بوونی نییە، خودا لە نێو خود، لە نێو سوبێکتدا بوونی هەیە.

خودا یەکەیەکی زەمانەوانییە، وەک لەپرسیارەکەتانەوە هاتووە، دیارە من شارەزای ڤیتگینشتاین نیم لەبەرئەوە ناتوانم لەڕوانگەی ئەوەوە گفتوگۆ بکەم، بەڵام ئەوەندە لە فەلسەفە تێگەیشتووم کە خودا لە نێو زەماندا بوونی هەیە، دەکرێت ئەوە لەڕوانگەیەکی هایدگەرییەوە (مارتین هایدگەر) سەیری بکەین، ئەوا لەوە تێ دەگەین کە جیاکەرەوەی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ لەوەدایە کە مرۆڤ لە نێو جیهاندا بوونی هەیە، بەڵام ئاژەڵان لە نێو جیهاندا هەن، لەم سووچەوە مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەکتری جیا دەبنەوە، بەوەی ئاژەڵ لە نێو کایەی زەماندا خۆی نادۆزێتەوە، لەبەرئەوە لە نێو جیهاندا هەیە و لە ژینگەیەکدا دەژی، بەمەرجێک وەک هایدگەر باسی دەکات مرۆڤ لە نێو



Scanned by CamScanner

زمانـــدایە، ڕســـتە بەناوبـــانگەکەی ( Die Sprache ist das Haus des Seins) بە مامـــانی زمـــان خـــانووی بـــــوونە، بەجـــۆرێکی تـــر هیومـــانزمی هایـــدگەری لەو بـــــڕوایەدایە، کە مـــــرۆڤ لە نێـــو خـــانووی زمانـــــدا دەژی، زمـــــان خـــانووی مـــرۆڤە، بەمەش مـــرۆڤ لە هیومـــانزمی هایدگەریـــدا تەنهـــا لەچوارچێـــوەی مرۆڤبوونـــــدا پێناســـــە دەکرێـــت، بـــوونی لە نێـــو زمانـــدا، نەک وەک ئـــاژەڵێکی ئاقـــڵ وەک لە فەلســـەفەی گـــریکەوە بۆمـــان مـــاوەتەوە. بێگومـــان لەمەوە هایـــدگەر پێـــوایە کە هیومـــانزمی ڕۆژئـــاوایی لەپلاتـــۆنەوە تائێســـتا مێـــژووی پێناسەیەکی هەڵەی مرۆڤی دووهەزار ساڵییە.

مـــرۆڤ دەبێـــت تەنهـــا لەخـــودی خـــۆیەوە وەک مـــرۆڤ پێناســـە بکرێـــت نەک وەک ئـــاژەڵێکی ئاقـــڵ. لەبەر ئەوەی مـــرۆڤ خـــاوەنی زمـــانە و لە نێـــو زمانـــدایە، کەواتە ئەنتۆلـــۆژیەتی مـــرۆڤ لە نێـــو زمانـــدایە. لێـــرەوە تێگەیشـــتن لە میتافیزیـــک لە نێـــو خـــودی زمانـــدایە، خـــوداش لە نێـــو زمانـــدایە، خـــوداش لە نێـــو مرۆڤـــدایە و هەمـــوو مـــرۆڤێکیش بەخـــودای مـــن قســـە لەگەڵ خـــوداکەی خۆیـــدا دەکـــات.. ئەم هاوکێشـــە وجـــودییە لە نێـــوان زمـــان و ســـوبێکت و ئـــازار دا تەواوی نەخشـــەی وجـــودی خودامـــان لەلا ئامـــادە دەکـــات. دیـــارە مـــن لێـــرەدا نامەوێـــت لە بە



Scanned by CamScanner

فیلۆسۆفیکردنی خوداوەنددا، ڕەهەندە ڕۆحیەکەی بکوژم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە خودا لە نێو زماندا ڕاکشاوە و ڕۆح پێکهاتەیەکی زمانەوانیە، ئەوانەی خاوەنی ئەزمونێکی زمانەوانی باڵان، کە بێگومان لە فیکر و تێڕامان و خوێندنەوە خۆی پێک دێت، ئەوانە لە مرۆڤەکانی تر زیاتر ئازار دەکێشن، ڕۆحی ئەوان وەک (نیتچە) ئامارەی بۆ دەکات ڕۆحیکی باڵایە و لەگەڵ کلتوری کۆیلەکاندا یەک ناگرێتەوە، لەمەوە لەوە تێدەگەین کە خودا بوونی ڕۆحە بە مانا باڵاکەیەوە.

هێگڵ لە کتێبە بەناوبانگەکەی (فینۆمۆلۆژیای ڕۆح) ئامارە بەو ڕەهەندە ڕۆحیە دەکات دەچێتە نێو ئەقڵەوە، ئەقڵانیەت گەیشتنە بەپلەیەکی باڵای ڕۆح، ئەو مرۆڤانەی ئەقڵانیەت دەکەن بە پێوەر بۆ ژیان هەڵگری خەسڵەتی ڕۆحی گەورەن، لەبەر ئەوە وەک فەیلەسوفێکی وەک (کانت) باس لەکاتیگۆریەکی جەبری دەکات (Der kategorische Imperativ) باس لەوە دەکات کە ئەقڵانیەت جەبری ئەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە خراپە نەکەین... باشە با بگەڕێینەوە بۆ هێگڵ، جارێکیتر لەوە تێدەگەین کە ڕۆح خەسڵەتێکە لە ئەقڵ، هێگڵ بەم دەستەواژەیە لە کتێبەکەیدا دەست پێدەکات ( Die Vernunft ist



Scanned by CamScanner

Geist - ئەقـڵ ڕۆحە) پاشـان زیـاتر ئەم دەسـتەواژەیە ڕوون دەکـاتەوە کە ئەقـڵ ڕۆحێکـی بـاڵایە دنیـای خـۆی بەهۆشـمەندەیەوە دەبینێـت. لێـرەوە ئـاین خـۆی هەڵگـری ئەو ئامۆژگـارییە ڕۆحـیەیە کە دەبێـت بە ئەقـڵ مـامەڵە لەگەڵ یەکتـردا بکەیـن، ئەوە مرۆڤـی ئـاقڵە کە دەزانێـت چـاکە چـیە و خـراپە لە کـوێیە، دیـارە ئەم هاوکێشـەیە لەلای (هانـا ئارێنـت) دیـوێکی تـری هەیە، بەوەی کاڵفـامی خراپەکـاران جـۆرێکە لەو دەرچـوونە لەئەقڵانیەتـی جەبـری کانـت، لەکـاتیگۆری جەبـری کانـت کە مـرۆڤە ئاقڵانیەکـان نابێـت خـراپە بـکەن ...بە گشـتی لەم تێـزە جۆراوجـۆرانەدا کە قسـە زۆر هەڵـدەگرن هەسـت دەکەیـن ئـێمە لەبەردەم گڵـۆڵەیەکی ئاڵۆزکـاوداین، بەڵام بە گشـتی لەوە تێـدەگەین کە ڕۆحـی باڵا مانای بوونی ئەقڵانیەتی پێویستە.

دەگەڕێـنەوە بـۆ ڕۆحـێ کە بـوونی خـودا لەوێـدا ڕاکشـاوە و هەسـتی پـێ دەکەیـن، لە ئیسـلامدا گـوتەیەکی جـوان هەیە دەڵێـت: ویسـالونک عـن الـروح قـل الـروح مـن امـر ربـي.. کاتێـک پرسـیاری ڕۆحـت لـێ دەکەن بڵـێ کە ئەو پرسـیارە لەلای خـودایە.. فەلسـەفەی ئەم ڕسـتەیە لەوەدایە کە ڕۆح و خـودا لە یەکتـری جیاناکـاتەوە، پرسیارکردن لەسـەر خـودا پرسـیارکردنە لەسـەر مەسـەلە ڕۆحیەکـان، بەڵام بـۆ گەیشـتن بەم ڕۆحە بـاڵایە پێویسـتمان بە هۆشـمەندەیەکی پەروەردەکـراو هەیە، بـۆ



Scanned by CamScanner

ئەوەی لە بـوونی خـودا تێـبگەین لە دنیـای خۆمانـدا. بە گشـــتی وەک بینینمـــان خـــودا دابەش بەســـەر تۆپۆگرافیـایەکی ئـاڵۆز لە خـودی خۆمـانەوە دەسـت پـێ دەکـات، تـا دەگـاتە گەشـە سـەندنی فیکرمـان کە لە زمانـدا خـۆی ڕاکێشـاوە و لەوێشـەوە بـۆ تێگەیشـتن لە بوونی جیهان.

ســـوبێکت زمـــانە بەشـــێوەیەک لە شـــێوەکان، بەڵام لەهەمـان کاتـدا شـیریتوالیەتیەت (ڕۆحـانیەت) بەشـێکە لەو پێکهـــاتەیە، لەمەوە دەتـــوانین لەوە تێـــبگەین کە خـــودا لە نێـــو زمانـــدا خـــۆی ڕاکێشـــاوە و ســـوبێکت یەکەیەکـی زمـانەوانیە مـادامەکی ئـێمە وەک مـرۆڤ بە گشـتی بـونەوەرێکی زمـانەوانین و لەسـەر ئەم حەسـارەدا خەریکـــی مەشـــقکردنێکین کە نـــاوی ژیـــانە، خـــواداش بەشـــێکە لەو مەشـــقە ڕۆحـــیەی بەردەوام لە نێـــو سوبێکتدا خۆی ڕاکێشاوە ...



Scanned by CamScanner



لێکۆڵیار لە فەلسەفە و ئاینی ڕۆژهەڵاتیی

## هاوبیر کامەران حمەامین:

**ئەقڵی ماددی ڕاگیرە لەسەر نمونە و ئایدیا سەربەخۆکان کە ناکرێت لەگەڵ دژەکانیان کۆیان بکەینەوە، هەربۆیە مەحاڵە بە ئەقڵی ماددی دەرکی خودا بکەین یان تێیبگەین.**

Scanned by CamScanner

هـــاوڕێم... پـــێم وابێـــت باشـــتره ســـیاقی ڕســـتەکە بگـــۆڕین بەوەی کە بپرســـیت خـــودا کێـــیە، چـــونکە ئەمە گونجـــاوترە تـــا ئەوەی بپرســـیت (ئێـــوە چـــۆن بیـــر لە خـــودا دەکەنەوە، خـــودا لای تـــۆ چـــیە؟).

لەڕاســـتیدا مـــن بیـــر لە خـــودا نـــاکەمەوە، چـــونکە نـــازانم چـــۆن بیـــری لێـــبکەمەوە، ئەو شـــێوەیەکی نـــیە تـــابیهێنمە بیـــری خـــۆم، ئەو قەبـــارەو بەرزی و پـــانی نـــیە تـــا ئەوی پـــێ وێنـــا بـــکەم، تەنـــانەت لەگەڵ خـــودی وشـــەی خـــودا نـــاکۆکیم هەیە، چـــونکە وەکـــو چـــۆن بـــاوک لە ماڵـــدا بـــۆ منـــداڵەکان بـــاوکە و بـــۆ ژنەکەی مێـــردە و بـــۆ برازاکـــانی مـــام، هەرواش خـــودا بـــۆ مـــن خـــودایە، لەوانەیە بـــۆ یەکێکـــی تـــر دۆســـت بێـــت، وەک چـــۆن خـــۆی بەدۆســـتی ئیبـــراهیم دەداتە قەڵەم، یـــان بـــاوک بێـــت وەکـــو چـــۆن عیســـای لۆقا بە باوک ناوی دەبات.

باشـــە، بەڵام ئەو بـــۆ خـــودی خـــۆی خـــودا نـــیە، چـــونکە هـــیچ باوکێـــک بـــاوکی خـــۆی نـــیە و مێـــردی خـــۆی نـــیە و مـــامی خـــۆی نـــیە. کەواتە بەچـــی بـــانگی

بکەیـــن و باســـی بکەیـــن، بـــا بڵێـــین خـــودا، هەرچەنـــد ئەم وشـــەیە فارســـیەوە و لە (خود)ـــــەوە هـــاتووە و کاتێـــک ئەم خـــودە دێـــتەوە هـــۆش خـــۆی دەبێـــتە (خود...ا) و ئەمەش بوو بە خودا...

انان که طلبکار خداید! خدایید
حاجت به طلب نیست، شمایید شمایید

(ئەی ئەوانەی بەشـــوێن خـــودادا دەگەڕێـــن وەرنەوە هـــۆش خۆتـــان، پێویســـت ناکـــات بگەڕێـــن خۆتـــانن، خۆتـــانن). فەلســـەفەی ســـانکیا کە بنچیـــنەی فەلســـەفەی یۆگـــا و هەنـــدێک لە تیۆریەکـــانی تـــری هینـــدە هەرچەنـــد بە ڕوونـــی بـــاس لە خـــودا ناکـــات بەڵام پێـــی وایە کە خـــود و خـــودا هەر یەکـــن، خـــودا وەک (پوروشـــا) ڕۆح و ئاگـــایی جیهـــانی و خـــود وەک (پراکریتـــی) بـــوون و مـــادە و هیـــۆلای یەکەمـــی جیهانی.

هەربـــۆیە جـــاری وا هەیە کە دەڵـــێن خـــودا یەکســـەر دێـــمە یـــادی خـــود. هەرچەنـــد دیســـان یـــادکردنەوەی خـــودیش گـــرانە چـــونکە وەک پاتانجـــالی گەورە یـــۆگی و گەورە فەیلەســـوفی هینـــدی (٢٢٠٠-٢٣٠٠) لەمەوبەر دەڵێـــت یـــاد (Smriti) یەکـــێکە لەو ڕێگـــرانەی بەربەســـتن لە بەردەم ناســـینی خـــودا. کەواتە هەر لە بنەمـــادا خـــودا چارەســـەر نـــیە بەڵکـــو کێشـــەیە، کۆتـــایی مەســـەلەکانمان نـــیە بەڵکـــو سەرەتایەتی.



Scanned by CamScanner

بابگەڕێینەوە سەر پرسیارەکە کە دەڵێیت (خودا لای تۆ چییە؟). لەڕاستیدا لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەر شتێک بڵێم وەک وایە وەڵامم نەدابێتەوە، چونکە پرسیارەکە لە بارەی خوداوەیە، خوداش شت نییە، چونکە تا ئێستا کەس ئەوشتەی نەدیوە و تام نەکزدووە و لەمس نەکردووە، منیش هەر شتێک بڵێم دەبێتە وەسفی (شت)، شتیش قەبارەی هەیە ئەگەرچی زۆر بچووکیش بێت، بۆ نموونە وەک کوانتۆم. کەواتە ناتوانین وەسفی ئەو بکەین وەک شت و بشڵێین خودا. خودا ئەو خودایەیە کە شت نەبێت. (تاو) ئەو (تاو)ەیە کە دیاری نەکرێت و پێناسە نەکرێت. لاوتزۆ دەڵێت:

**(سەیرکە دەبینی نابینرێت، دوور لە هەموو وێنەیەکە**
**گوێ بگرە، دەبینیت نابیسترێت، دوور لە دەنگە**
**بیگرە، دەبینیت ناگیرێت و ناتوانرێت دەستی لێ بدرێت..**
**دوور لە پێناسە.. دوور لە ئەندێشە.)**

گەورە عارف و هۆنەری ئێرانی و ئیسلامی کە سۆفیەکی بەناوبانگی جیهانی یەکێتی بوونە، حەزرەتی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی زۆر جوان دەڵێت:

(هر دل که بری ز از و شهوات امد
او طالب اموال و کرامات امد)

در سر صفات حق ، مقامات گرفت
چون پاك شد از صفات، خود ذات امد

زات كه ڕۆمـــى به خـــوداى نـــاو دەبـــات ئەوەيه كه له سـيفات پـاك بێـت، مـرۆڤيش ناتوانێـت وەسـفى پاك بكات. ڕۆمى له هۆنراوەيەكى تردا دەڵێت :

**در عيشق تو هر حيله كه كردم هيچ است**
**هر خون جگر كه بى تو خوردم هيچ است**
**جز ڕويى تو هيچ ڕويى درمانم نيست**
**درمان كه كند مرا كه دردم هيچ است**

ئەو (هيچ)ـــەى مەولانـــاى ڕۆمـــى باســـى دەكـــات هەمـــان خـــودايه، هەمـــا ئەو (هيچ)ـــەيه كه (گۆوتامـــا ســـيدارتا بـــودا)ى پێشـــەواى بوداييەكـــان و (شـــانكاراچاريا)ى فەيلەســـوفى ئەدڤايتاڤێـــدانتاى يـــۆگى باســـى دەكەن و بەهەقيقەتـــى بـــێ شـــێوە وەسفى دەكەن.

**لەبەرچى وەسفى تۆ كەم تۆ حەياتى**
**له مردن دوورى سوڵتانى مەماتى**
**لەپشت وەسف و نيشان و وێنەوەى تۆ**
**هەزاران ڕەنگ و وێنه و شێوەهاتى**
**(هاوبير)**



Scanned by CamScanner

دیسـان بێینـەوە سـەر پرسـیارەکە (خـودا لای تـۆ چـیە؟) خـودا شـت بێـت یـان نـا، ئەوا دیسـان دەکەوینـەوە کێشـە لەگەڵ (مـن). بەبـێ باسـکردنی مـن باسـکردنی خـودا مەحـاڵە و هاوکێشـەکە نوقسـان دەبێـت چـونکە (من)ـە کە خـودا لە بەرامـبەر خۆیـدا دروسـت دەکـات. هینـدیەکان دەڵـێن مـرۆڤ لە سـەردەمی زێـرین (Satya yuga) دا کە لەگەڵ خـودا یەکبـوو هێشـتا فیـراق بـوونی نەبـوو، نە مـن هەبـووم و نە خـودا، بەمانـایەکی تـر ئەوان بـێ یەکتـر نەبـوون. بەڵام لەم سـەردەمەدا کە یۆگیەکـان سـەردەمی (کـالی) پـێ دەڵـێن خـودا لە زهنـی مرۆڤەکانـدا مـردووە و تەنـانەت خـودی (مـن) لای ئەوان بـێ نـرخ و مـردووە. کەواتە دەبێـت یەکەمجـار وەسـفی ئەم مـنە بکەیـنەوە و ئەم مـنە بناسـینەوە بـۆ ئەوەی خودا بناسینەوە.

ئەفلاتـون و سـوکرات لێـرەوە کاریـان دەکـرد کە ئەم مـنە لە ڕێـگەی فەلسـەفەوە بناسـینەوە، چـونکە (مـن) کلیلـی (ئەو)ـە. (ئیـبن سـینا)ی فەیلەسـوفی ئیسـلامیش هەمـان شـتی بە دێـرە بەناوبـانگەکەی خـۆی وتـوە کە دەڵێـت (مـن عـرف نفسـە فقـد عـرف ربە) واتە ئەوەی خـۆی ناسـی بەدڵنیـاییەوە خـودای ناسـیووە، (ئەبـو حامیـدی



Scanned by CamScanner

غەزال)یــش کە لەگەڵ ئیـــبن ســـینا بەرابەربـــوون هەمـــان ڕای ئیـــبن ســـینای لەم مەســـەلەیەدا پـــێ قەبـــووڵ بـــووە. ئەم مـــنە بەردەوام دەگۆڕێـــت هەربـــۆیە ئەو وەســـفانەی لەم مـــنەوە دێـــنەدەر بەردەوام دەگـــۆڕێن. بەپێـــی بیـــروڕای ڤیـــدایی (مـــن) کـــاریگەرە بە هەلـــومەرج (Disha)ی دەرەکـــی وەک ژیـــنگەی ژیـــان و جوگرافیـــا و هەلـــومەرجی کـــات و هەلـــومەرجی هەســـتەکی کە پـــلەی مەعریفـــی و خـــۆبینی خـــۆی دیـــاری دەکـــات. ئەمـــانەش بەردەوام دەگـــۆڕێن، بـــۆ نمـــونە خـــودای هینـــدیەکان هەمیشـــــە جـــــوان و ڕازاوەتەوە بە خشـــــڵی زۆر و جـــوان کە ئەمە کـــاریگەری خورەوشـــتی دەرەکـــی و ژینگەیـــی ئەوانە. خـــوای یەهودییەکـــان تـــوڕە و بە زەبـــر و تۆڵەســـێنە کە دەتـــوانین لە ڕێـــگەی ئەمە بـــزانین تـــا چەنـــدە ئەم نەتەوەیە کە بەنوئیســـرائیل بـــوون لە کێشـــەی شـــەڕ و ململانێـــی سیاســـیدا بوون.

دیشـــای کـــاتیش ئەوەیە کە بیرکـــردنەوەی منـــداڵ یـــان گەنـــج جیـــاوازە لەگەڵ پیـــر و کـــات ئەم جیـــاوازیە دروســـت دەکـــات، هەر لە قورئانیشـــدا پێناســـەکانی خـــودا بە پێـــی ئـــایەتە مەککـــی و مەدەنیەکـــان دەگـــۆڕێن. بـــۆ دیشـــای هەســـتەکیش واتە هەلـــومەرجی مەعریفـــی مـــرۆڤ ئەوا زۆر گـــرنگە



Scanned by CamScanner

بــزانین ئەقــڵ بە پێــی زانیــاری پێــنج هەســتەکە واتە (بینــین، بیســتن، بــۆنکردن، تــامکردن، بەرکەوتــن) زانیاریەکــانی خــۆی دادەڕێژێــت و بەهێــزی و لاوازی ئەم هەســتانە کــار لە وێنەکــانی ئەقــڵ دەکەن، هەرگیــز هــۆنەرێکی کــوێر ناتوانێــت وەســفی خــۆر بکــات. هەرواش ئەزمــوونی هەســتەکی مــرۆڤ یاریــدەی ئەو دەدات بــۆ تێگەیشــتنی خــودا بەشــێوازی جیــاواز. هەربــۆیە پێناســەکانی خــودا بەردەوام کەوتــونەتە بەردەم شــاڵاوی کــات و شــوێن و پێشــکەوتنی مەعریفــی مــرۆڤ. هەقیقەتێکــیش هەیە بیــزانین کە هــیچ مرۆڤێــک هەرگیــز کامــڵ نــیە و بەردەوام (گــۆڕان) لە ئــارادایە و وەک وتــراوە مــرۆڤ دووجــار لە ئاوێکــدا مەلە ناکــات. کەواتە هەمــوو پێناســەکانی خــوداش ناکامــڵ و نەگەییــون. لێــرەوەیە کە ڕۆمــی لەنەینــامەی مەســنەویدا پێــی وایە مــرۆڤ بە قەدەر خۆی خودا دەناسێت:

**گر بریزی بحر را در کوزەای**

**چند گنجد قسمتی یک روزەای**

(گەر بەحــر برێــژیتە گــۆزەیەکەوە تەنهــا بەشــی ڕۆژێک ئاو دەگرێت)

بەهەرحــاڵ ئــێمە دەمانەوێــت گفتوکــۆ لەو بــارەیەوە بکەین نەک قسەی ئەخیر و کۆتایی.



Scanned by CamScanner

(حـــافزی شـــیرازی) دەڵێـــت "گەر خۆشەویســـت پەردەی لە ڕووی لانەداوە، ئیـــدی بـــۆچی هەر کەســـە و بەخەیـــاڵ حیکـــایەتێکی لـــێ دروســـت ئەکـــات؟". ئەمە مانـــای ئەوە نـــیە کەس تەجـــروبەی خـــودای نەکـــردووە و کەس نەگەشـــتوە بە خـــودا، بەڵام بەســـەر واژە و وێـــنە و ســـومبولەکانی ئەقڵـــدا هێشـــتا پەردە لانەبـــراوە و نهێنـــی زاتـــی خـــودا وەک خـــۆی مـــاوەتەوە و هەمیشـــەش ئەقـــڵ حەیـــران بـــووە لەبەردەم دەرککـــردن بە زاتێکـــی وا کە خـــۆی وێـــنە ئەقڵـــی و تەنـــانەت ئەو مەودا و کـــات و شوێنەشـــی دروســـت کـــردووە کە ئەقـــڵ تیایـــدا کـــار دەکـــات و بەمەش ئەو دەچێـــــتە ئەودیـــــو ســـــنورەکانی ئەقڵەوە.

خـــودا زاتێـــک نـــیە بتـــوانین بە پێوەرەکـــانی جیهـــانی ئەقـــڵ و وێـــنە ئەقڵیەکـــان باســـی بکەیـــن، خـــۆ ئەگەر باسیشـــی بکەیـــن ئەوا تەنهـــا دەیشـــوبهێنین بەوێـــنە بچوکەکـــانی نێـــو عـــالەمی ڕێژەیـــی کە جیهـــانی بـــوونە. لەنێـــو عـــالەمی ڕێژەییـــدا بەهەزاران وەســـف و شـــوبهاندن هەیە بـــۆ خـــودا کە لەڕاســـتیدا هیچیـــان وەسفی تەواوی خودایان نەداوە و ناشدەن.

بەڵام هەمووشـــیان بەشـــێک لەڕاســـتەقینەی ئەویـــان بەپێـــی فراوانـــی خۆیـــان خســـتۆتە ڕوو، بەشـــێوەیەک تـــا پێناســـەکەر فراوانتـــر بووبێـــت و وێـــنەی ئەقڵـــی



Scanned by CamScanner

زیـــاتری هەبووبێـــت ئەوا پێناسەکەشـــی بـــۆ خـــودا هەمەگیرتـــر و فراوانتـــر بـــووە بـــۆ نمـــونە لەســـەردەمە ســـەرەتاییەکاندا خودایـــان بە هەوورەبروســـکە و بـــاران و خـــاک و ئـــاگر داوە لەقەلەم وەک لە ســـەرەتاکانی ئـــایینی ڤیـــدا و ئایینەکـــانی ئەفریکـــادا دەیـــانبینین، بەڵام لەســـەردەمەکانی دواتـــردا خـــودا ڕۆژ بە ڕۆژ پێناســـەی فراوانتـــر و بەربڵاوتـــری بـــۆ دەکـــرا و لە ئـــایینی میترایـــیدا بـــووە خـــۆر و دواتـــر لای تەورات و زەردەشـــت بـــووە سروشـــت و ڕۆحـــی سروشت و دواجاریش بووە وجودێکی ڕەها.

چەنـــد دێڕێـــک پێشـــتر وتمـــان شـــوبهاندن (چواندن)، ئەوەی کە چـــۆن ئەم چوانـــدنە دەکەیـــن پـــێم وابێـــت زۆر ئاشـــکرایە، ئـــێمە هەرگیـــز وەســـفێکی خـــودا نـــاکەین کە لەنـــاو خۆمانـــدا ئەو وەســـفە نەبێـــت، بـــۆ نمـــونە دەڵێـــین خـــودا گەورەیە، ئـــێمەش بەســـەر منداڵانـــدا خۆمـــان بەگەورە دەزانـــین. دەڵێـــین خـــودا بەســـۆزە، ئـــێمەش بەبینینـــی منـــداڵێکی هەژار ســـۆزمان دەجوڵێـــت، دەڵێـــین خـــودا ســـزای هەیە و ئـــێمەش پـــۆلیس و دادگـــا و شـــەللاقمان هەیە. بەڵام ئایـــا خـــودا وەک ئـــێمەیە؟ تـــا ئـــێمە بە معیارەکـــانی خۆمـــان بیپێـــوین؟ ئایـــا ســـۆز و ســـزای خـــودا وەک سۆز و ســـزای ئـــێمەیە؟ یـــان بەشـــێوەیەکی تـــر ئایـــا ئەو خـــودایەی ئـــێمە وەســـفی دەکەیـــن هەمـــان



Scanned by CamScanner

خۆمـان نـیە؟ مـن بیـرمە ٥ سـاڵ بـووم لە حـوجرەی فەقێیـان کە باسـی خودایـان بـۆ دەکـردین پیـاوێکی ڕیـش درێـژی بـاڵابەرزی دانیشـتوو دەهـاتە بەرچـاوم کە لەسـەر کورسـی عەرش دانیشـتوە و چـوار مەلائـیکەت ئەم کورسـیەیان هەڵگرتـووە و یەک دوانێکیشـان زۆر هـیلاکن، بیـرمە کە دەیـانوت خـودا لەسـەر پەنـجەی خـۆی دونیـا دەسـوڕێنێتەوە. هەمـان پەنـجەی خـۆم دەهێنـایە بەرچـاوی خـۆم. ئایـا ئەمە ڕاسـتە؟ لەلایەک بەڵـێ چـونکە ئەقڵـی ئـێمە لەو وەسـفانە جـوانتر شـک نابـات و لەوانەش کامـڵ تـر نـادۆزێتەوە. لەلایەکـی تـر نەخێـر، چـونکە کێ ئەڵێت خودا وایە..!!

ئـێمە ئەبێـت بـێ تووڕەبـوون و سـڵەمینەوە دان بەبـێ توانـایی ئەقڵـدا بنێـین، هەمیشـە وتـومە بـۆ ئەوەی دەرکـی خـودا بکەیـن دەبێـت دەرکـی وێـنەی بـازنەیەکی چوارگۆشـە بکەیـن. ئەگەر توانیمـان بـازنەیەک بێنیـنە بەرچـاوی خۆمـان کە هەم بـازنە بێـت و هەم چوارگۆشـە ئەوا دەتـوانین دەرکـی خـودا بکەیـن. بەڵام ئەمە مەحـاڵە، هەربـۆیە مەحـاڵە بە ئەقڵـی مـاددی دەرکـی خـودا بکەیـن یـان لەو تێـبگەین. ئەقڵـی مـاددی ڕاگیـرە لەسـەر نمـونە و ئایـدیا سـەربەخۆکان کە ناکرێـت لەگەڵ دژەکانیـان کۆیـان بکەیـنەوە، ناکرێـت تەسـەووری

ئـــاگرێکی ســـارد بکەیـــن، چـــونکە لای ئـــێمە ئـــاگر هەمیشـــــــە گەرمە و ئەوەی گەرم نەبێـــــــت و نەســـوتێنێت ئـــاگر نـــیە، کەوانە ئـــاگری ســـاردمان نـــیە، بەڵام لەهەمـــوو ئایینەکانـــدا باســـی ئەوە کـــراوە کە خودا کۆی دژەکانە.

بەتـــاییەت لە یۆگـــادا کە ڕێگەیەکـــی کـــۆنی عیرفـــانی فەلســـەفی کـــرداریە بـــاس لەوە دەکـــات کە خـــودا هەم ڕەشـــــە و هەم ســـــپی و هەردووکیشـــــیانە پـــێکەوە و هیچیشـــیان نـــیە. چـــونکە گەر ڕەش بـــوو ئەوا ســـپی نـــیە، کە هەردووکیشـــیان بـــوو ئەوا هەردوکیـــان ســـیفەتی خۆیـــان لەدەســـت دەدەن.

هەربـــۆیە لە کتێبـــی ماهایانـــای بوداییـــدا کە بـــاس لە خـــودا دەکـــات، بەپێـــی بۆچـــونی یـــۆگیەکی وەکـــو بـــودا دەڵێـــت: "خـــودا هەم هەیە و هەم نـــیە، نە هەیە و نە نـــــیە، نە نەهەیە و نە نەنـــــیە، هەردووکیشیانە و هیچیشیان نیە".

ئەمە پێناســـــەیەکی زۆر ئـــــاڵۆزە، بەڵام لە هەمانکاتـــدا زۆر ڕوون چـــونکە پێمـــان دەڵێـــت خـــودا کـــۆی هەمـــوو شـــتەکانە و بەوەش دەبێـــتە ناشـــت، بـــۆیە ئەکرێـــت بڵێیـــت خـــودا بـــوونی نـــیە، چـــونکە بـــوون دیســـان لە پێـــوەرە ماددیەکانـــدا یـــان ئەوەیە یەکەم: قەبـــارە و کێشـــی هەبێـــت وەک مێزێـــک، دووەم: بـــوونی مەعـــنەوی هەبێـــت وەک ڕەنگـــی



Scanned by CamScanner

سـوور كە ئەويـش ديسـان بەبـێ ماتريـاڵ ناتوانێـت هەبێـت چـونكە ناكرێـت ڕەنگـی سـوور لەبەتاڵیـدا بێنیـنە پـێش چـاوی خۆمـان و بـۆ ئەو مەبەسـتە پێویسـتیمان بەمێزێـک یـان قوماشـێک هەیە.

سـێهەم: یـان ئەوەیە خـودا بـونێکی ماتمـاتیکی هەیە وەک بـوونی ژمـارە یەک. ژمـارە یەک هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کە بەبـێ ماتریـاڵ دەتوانێـت هەبێـت، دیسـان ناتوانێـت خـۆی لە ژمـارە دوودا مانیفێسـت بکـات و بـوونی ژمـارە یەک نەناسـراوە ئەگەر تەنهـا وەک ژمـارە یەک وەری بگـرین.

کەواتە بەهەموو پێوەرەکان خودا بوونی نیە.

بەڵکـو خـودا بەپێوەرەکـانی خـۆی هەیە، خـۆ ئەگەر بەپێوەرەکـانی ئـێمە هەبێـت ئەوا بـۆ هەریەکمـان خـودایەک هەیە، چـونکە پێوەرەکـانی مەعریفـی ئـێمە جیـاوازن بـۆ خـودا و هەرگیـز دووکەس وەک یەک بیـر لە خـودا نـاکەنەوە.

لێـرەوەیە هینـدیەکان بڕوایـان بە (ئێشـتادێڤاتا) هەیە کە مانـای خـودای تاکەکەسـی دەگەیەنێـت. خـودایەک کە خـۆت دەستتنیشـانی دەکەیـت بەپێـی حەزی خـۆت. هەمیشـەش بازرگانەکـانی (دۆرگـا)ی خواوەنـد دەستنیشـان دەکەن چـونکە خـودای ڕزق و ڕۆزیە. ئەمەش دیسـان دەبێـتە ئەو بـت پەرسـتیەی کە ئـایینە سـامیەکان بەتـایبەت ئـایینی



Scanned by CamScanner

ئیسلام هات لەناوی بەرێت، بەڵام تەنها شکڵی بتەکەی گۆڕی و نەیتوانی بە تەواوی بت پەرستی لەناو بەرێت، چونکە بت پەرستی زادەی هەوڵی مرۆڤە بۆ ناسینی خودا، هەربۆیە کریشنای خواوەند لە بهاگاڤادگیتادا کە کتێبی پیرۆزی یۆگیەکانە دەڵێت (ئەوانەش کە بتپەرستن لەڕاستیدا من دەپەرستن بەڵام لە ڕێگەیەکی هەڵەوە). خوا لەهەموو شوێنێک هەیە وەک چۆن لە کەعبە و قودس و بنارس و تبت هەیە ئیدی بۆچی لەنێو بتێکدا نەبێت، کێشەکە ئەوە نیە کە خودا لەو بتەدا هەیە یان نا، بەڵکو ئەوەیە کە مرۆڤ پێی وابێت بەس ئەوە خودایە و ئەو سیفەتانە سیفەتی ڕەهای خودان و جگە لەوە سیفەتی تری نیە و نەزانێت کە خودا کۆی هەموو شتەکان، کۆی هەموو سیفەتەکان و تەنانەت کۆی بوون و نەبوونیشە.

**خەیام و حافز و فانی بە بەندەت**
**کە هەر تۆی خاوەنی شابالی وەحدەت**
**ئەرێ سوڵتان و شاهی کام وڵاتی**
**سنورت بۆ نیە دووری لە کەسرەت**

بەگشتی و بەکورتی یۆگیەکان بە دوو شێوە باس لە خودا دەکەن و پێم وابێت گشتگیر ترین

لێکـــدانەوەش بـــۆ خـــودا هەر ئەوەیە کە خـــودا لە دوو لیڤڵـــدا دەردەکەوێـــت، لیڤـــڵ و قۆنـــاغی یەکەم (ســـاگونابرەهما)یە کە بەمانـــای خـــودا دێـــت لەگەڵ نـــاوو ســـیفەت بـــۆ نمـــونە کاتێـــک دەوترێـــت برەهمـــا، ڤیشـــڤاکارما، پاراماتمـــان، خـــودا، اللـــە، یەهـــوا، عیســـا، بەخشـــندە، تۆڵەســـێن ئەمـــانە دەلالەت لە ساگونا برەهما دەکەن.

لە ڤیـــدادا هاتووە: "ڕاســـتی یەکـــێکە. پاراماتمـــان. کەســـانی زانـــا گوزارشـــت لەمە دەکەن بە چەنـــد ناوێـــک، هەنـــدێک نـــاوی دەهێـــنن بە ئینـــدرا، هەنـــدێ بە میتـــرا، هەنـــدێ بە ڤارونـــاو هەنـــدێکی تـــر بە ئـــاگنی. هەروەهـــا مەبەســـت لێـــی یامـــا (Ψαμα) و ماتاریشـــڤانە (Ματαρισηϖαν) هەنـــدێ جـــار دەناســـرێت بە گاروتمـــانی بـــاڵ ئـــاڵتوونی". کـــاتێکی ئـــێمە توانیمـــان باســـی خـــودا بکەیـــن، ئەوە باســـمان لەم قۆنـــاغە دەرکەوتـــنەی خـــودا کـــردووە و خـــوداش لەم قۆنـــاغەدایە کە هەمـــوو بـــوونی دروســـت کـــردووە، واتە بـــۆ ئەوەی بـــوون بێـــتە بـــوون، ئەبـــوو خـــودا خـــۆی دەربخـــات، ســـۆفیەکان بەخـــودا لەم قۆنـــاغەدا دەڵـــێن (واجـــب الوجـــود) واتە خـــودایەک کە بـــوونی حەتمـــی و پێویســـتە) چـــونکە بـــێ خـــودا هـــیچ دەرناکەوێـــت و هەمـــوو ئەم شـــتانەی کە دەبینرێـــت دەرکەوتەی هـــۆش و پاشـــان وزەی



Scanned by CamScanner

خـــودان کە لەســـەر شـــێوەی مـــاددە ڕێزیەنـــدیان گرتـــووە و بە فۆتۆنـــاتی وزە دەردەکەون. لە ڕێـــگ ڤیـــدادا وتـــراوە کە خـــودا فەرمـــوویەتی مـــن هەمـــوو جیهـــانم لە یەک لەســـەر چـــواری خـــۆم دروســـت کـــردووە. بەڵام دەبێـــت ئاگـــاداری ئەوەبـــین کە ڕەگ و ڕیشـــەی بـــت پەرســـتی هەمـــان ئەم بیـــروورایەیە، کە پێمـــان وابێـــت خـــودا تەنهـــا وەک لەشـــی ماددی و لەمـــاددە دا خـــودایە و دەردەکەوێـــت و بێـــین لە مـــاددە دا وەســـف و ستایشـــی ئەو بکەیـــن و هەوڵ نەدەین بۆ گەیشتن بە قۆناغی دووەم.

لیڤـــڵ و قۆنـــاغی دووەم (نیرگۆنابرەهمـــا)یە. نیـــر واتە بـــێ، گۆنـــا واتە کەیفـــیەت و چـــۆنێتی، برەهمـــاش واتە خـــودا. کەواتە نیرگۆنابرەهمـــا واتە خـــودای بەدەر لەکەیفـــیەت و چـــۆنێتی، خـــودای بەدەر لە نـــاو و ســـیفەت، خـــودایەک کە ناکرێـــت پێشـــی بڵێیـــت خـــودا. خـــودایەک کە ئیســـلام بە (لـــم یلـــد ولـــم یولـــد ولـــم یکـــن لە کفـــوا احـــد) نـــاوی بـــردووە. خـــودایەک کەبەم شـــێوەیە کە ڤیـــدادا باســـی کـــراوە: "دوای وێرانکـــارییەکە ڕاســـتی نەبـــوو، وە هـــیچ ناڕاســـتیەکیش نەبـــوو. ئەمە پـــێش بەدیهێنـــانەکە بـــوو و ئەو کـــاتە جیهـــانیش بـــوونی نەبـــوو. ئەو شـــتانەی کە دەتـــوانرێ لە ئاســـماندا ببینرێـــت ئەوکـــاتە لەوێ نەبـــوون. ئەی باشـــە ئەوە کـــێ بـــوو

کە هەموو شتێکی داپۆشی بوو؟ باشە هەموو ئەو شتانە لە کوێ بوون؟ ئاوە قوڵ و بێ دەنگەکان لە کوێ بوون؟.. لەو کاتەدا مردن نەبوو، بەڵام نەمریش نەبوو. خۆرو مانگ لەوێ نەبوون، لەبەرئەوە هەستکردن بە شەو یان بە ڕۆژ نەبوو. بایەکان نەیان دەگڤاند. تەنها برەهمان (Brahman) لەوێ بوو. تەنها برەهمان بوو کە هەناسەی دەدا بە هۆی هێزەکانیەوە (٢٧) جگە لە برەهمان هیچ شتێکی تر بوونی نەبوو.. ئەمە دیمەنی وێرانکاری بوو وە پشێویش باڵادەست بوو پێش دەست پێ کردنی کاری بەدیهێنان. هەموو شتێک لە تاریکیدا شارابووەوە".

ئەو چوارخشتەکیەی حەکیم (خەیامی نەیشابوری) باس لەم دوو قۆناغە دەکات کە دەڵێت:

**ئەسراری ئەزەل خۆ نە تۆ دەیزانی نە من**
**چارەی ئەم کێشە نە تۆ دەیفامی نەمن**
**پشت پەردەیە هەرچی کە من و تۆ دەیڵێین**
**هەر پەردە نەما نە تۆ ماویت و نە من**

واتە زانینی مرۆڤ لەسەر هەموو شتەکان بە خوداشەوە دوو قۆناغی هەیە، قۆناغە ئەم دیو پەردە و قۆناغی ئەو دیو پەردە. یان قۆناغی

پەردەدار و قۆناغی بێ پەردە. لەقۆناغی پەردەداردا، من و تۆیی هەیە و وەسف و پێناسە هەیە، بەڵام لە قۆناغەکەی تردا من وتۆیی نامێنێت و هەموو دەبێتە یەک، یەکێک کە هەیە بۆ خۆی نەک بۆ دەرەوەی خۆی. (مەحوی) زۆر بە جوانیی باس لەنەمانی پەردەو گەیشتن بە قۆناغی دووەم دەکات کە دەڵێت:

**وتی مەحوی من و تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین**
**جەنابی من کە دەرکەوتم دەبێ تەشریفی تۆ بڕوات**

ڕۆیشتنی تەشریفی ئیگۆ، ڕۆشتنی تەشریفی ناو پێناسە و دوانێتیە، گەیشتنە بە یەکتایی کە من و تۆیی نیە تا وەسف هەبێت. گەیشتنە بەودیو ناکۆکیە ئایینیەکان کە تەنها لەقۆناغی یەکەمدا بوونی هەیە، هەربۆیە بەڕای ئێمە شەڕی نێوان ئایینەکان شەڕێکی بێ مانا و عەوامانەیە. بۆ ڕزگاربوون لەم شەڕە عەوامانەیە ئێمە دەبینە یۆگی واتە کەسێک کە دەیەوێت بگاتە خوا نەک لێکدانەوە بۆ خودا بکات. کریشنا لە گیتادا دەڵێت: "یۆگی بالاترە لە زاهیدانی ڕیازەتکار، بالاترە لە فەیلەسوف (Jnanibhyah) و بەرزترە لە کەسانێک کە بۆ پاداشت و بەرهەم کاردەکەن، لەبەرئەوە ئەی ئەرجونا (arjuna)



Scanned by CamScanner

لە تەواوی کاتەکانـــدا یـــۆگیبە (فەســلی ٦ ئـــایەتی ٤٦)".

کەواتە چارەســـەر بـــۆ دۆزیـــنەوەی خـــودا چـــیە لەکاتێکـــدا ئـــێمە تێـــی نەگەیـــن و هیچـــی لەبـــارەوە نەزانـــین، یـــان چارەســـەر چـــیە بـــۆ قەلەقـــی مـــرۆڤ لەبـــارەی خـــوداوە کە مـــن پـــێم وابێـــت ئەمە خـــۆی لەخۆیـــدا وەڵامـــی پرســـیارەکەی بەڕێزتـــانە. (حـــافزی شیرازی) دەڵێت:

(تا نگردی اشنا زین پرده حرفی نشنوی
گوشی نامحرم نباشد جایی پیغامی سروش)

(واتە تـــا نەبیـــتە ئاشـــنا و دۆســـت هچـــت لەم پەردەیـــیەوە گـــوێی لـــێ نابێـــت، گـــوێی نـــامەحرەم نـــابێتە جـــێگەی پەیـــامی وەحـــی.) ئەبێـــت ئـــێمە جـــارێکی تـــر لەنـــاو خۆمانـــدا ئاشـــنابینەوە بە خـــوداکەی نـــاو خۆمـــان و قۆنـــاغی یەکەمـــی خـــودا ناســـین کە خۆناســـینە ببـــڕین. پاشـــان هەمـــوو ناســـینەکان لەبیـــر بکەیـــن و بەتـــاڵ بیـــنەوە لە خودمـــان. بەمە نهێنـــی خـــودا بـــۆ مـــرۆڤ ئاشـــکرا دەبێـــت و ئـــێمە بڕوامـــان وایە کە ســـەرەتا بەرێگەیەکـــی مەعریفـــی و پاشـــان بەرێگەیەکـــی ڕوت و نـــامەعریفی مـــرۆڤ دەتوانێـــت خـــودا بناســـێت. بەڵام ئەو کـــاتەی مـــرۆڤ خـــودا دەناســـێت ئیـــدی

ناتوانێــت ئەم ناســینە بەزمــان بگــوێزێتەوە چــونکە ناســینەکە شــتێکی نــائەقڵانیە و پەیوەنــدی بە مەعــریفەوە نــیە. وە ئەو نمونــانەش کە ئــێمە دەیانناســـین بەکەڵکــی ئەوە نــایەن باســی ئەزمــونێکی گەورەی وەک دەرکــی خودایــان پــێ بکەیــن. هینــدیەکان ئەمە بە (نیربیجــا ســامادهی) نــاو دەبەن کە مانــای گەیشــتنە بەخواوەنــد بەبــێ بــوونی هــیچ تۆوێــک لە زهنــدا وە بەبــێ بــوونی هــیچ پاڵپشــتێکی زهنــی. ئەمەیە نهێنــی هــۆنراوەکەی (کەبیر)ی شاعیری هیندی کە دەڵێت:

**کە بیر گەیشت**
**بەڵام کێ باسی گەیشتنەکەتان بۆ بکات**
**لەکاتێکدا کە بیر نەماوە.**

ســەرەنجام: خــودا هەیە بە دوو شــێوە، لەبوونــدا و وەک خــۆی. دەتوانرێــت مــرۆڤ بگــاتە ئەم شــێوازانە و یەکبگرێــت لەگەڵیانــدا و بتــوێتەوە تیایانــدا بەمانــا حەللاجــیەکەی، یــان بیانناســێت بەمانــا ســپێنۆزاییەکەی. ئەو مەعــریفەیەی لەم دووجــۆر ناســین و یەکبــوونە دەســت دەکەوێــت لە یەکەمیانــدا دەگەیەنرێــت وەک چــۆن پێغەمــبەران گەیانــدیان و بەهەزاران وەســف و پێناســە و نــاوی خودایــان لە کتێــبە پیرۆزەکــانی وەک ڤێــدا و


Scanned by CamScanner

ئاڤێستـــــــتا و تەورات و ئینجیـــــــــل و قورئانـــــــدا
ناوبردووە .
لەدوومیشـــــیاندا زانیــــــنەکە زۆر تاکەکەســـــی و
نـــاوەکیە و ناتوانرێـــــت بگەیەنرێـــــت و بەمەش خـــودا
دەبێـــتە شـــتێکی ناجیهـــانی و نـــامرۆیی بـــۆیە کاتێـــک
پرســـــیاریان لە بـــودا دەکـــرد دەربـــارەی خـــودا ئەو
ڕێگەکـــانی کۆتـــایی هـــاتن بە ڕەنـــج و ئـــازاری پـــێ
دەوتـــن و دەیـــوت مـــن نـــاتوانم هـــیچ بڵـــێم خـــۆت
ئەزموونی بکە .



نووسەر و ڕوناکبیر

## بەکر عەلی:

« بەرگری »

**خودا وەک سیستەمێکی ئیمون و**

**بەرگری لەنێو هۆشیاری مرۆڤدایە.**

Scanned by CamScanner

ئەگەر جیهان بریتی بێت لە هەموو ئەو هەڵکەوتە و حاڵەتانەی کە لەئارادان و ئێمە تەنیا ناومان لێنابن و بەس، ئەوا هەموو ناوێک ئاماژەیەکە لە سەر هەبوونئارایی شتێک، ئەمە لۆگیکی فەلسەفیانەی ڤیتگنشتاین ـە. بەم پێیە مادامەکی خودا وەکو ناوێک لەنێو هۆشیاریماندا و لەنێو کتێبەکاندا هەیە، ئەوا دەشێت وەکو ئۆبژێکتێکیش هەبێت، لێرەدا ئێمە پرسیارمان ئاراستەی هەبوونی فیزیکیانەی ئەو ئۆبژێکتە دەکەین. با لێرەدا ئەم ڕستەیەی ڤیتگنشتاین، گرێبدەینەوە بە وتەیەکی تری ئەو کە لە تێڕامانێکدا دەڵێت: ((شتێک نەتوانرێت بگوترێت، دەبێت لەبارەیەوە خامۆش بین)).

من لەم ڕستەیەدا هەم هەناسەیەکی لۆگیکی دەبینمەوە و هەم هەناسەیەکی سۆفیزمانە. چونکە ئەوەی نەتوانین بیڵێین، ناشتوانین لە بارەیەوە خامۆش بین، بەڵکو بەلای کەمەوە دەبێت ئەوە بڵێین کەوا ئێمە ناتوانین بڵێین.



Scanned by CamScanner

ڤیتگنشـــتاین چەنـــدێک لۆگیکیانـــە دەیفەلســەفاند، ئەوهێشـــتا ڕۆحـــی بارگـــاوی بـــوو بـــە هەناســـە ســـۆفیزمیەکان. هـــەمان ئـــەم حاڵەتـــە لای واڵتـــەر بـــەنیامین دەبینرێـــت، ئـــەو چەنـــد ماتەریالیســـت بـــوو، لەناوەوەیـــدا بارگـــاوی بـــووە بـــە توخمـــە سۆفیزمییەکان.

بـــەڵام خـــودا کـــە هـــەبوونێکی دەرەکـــی نیـــە و خۆیمـــان پیشـــان نـــادات، چـــۆن لـــە زاراوەیـــەکی زمانیـــدا داڕێـــژراوە. واتـــە شـــتێک کـــە لـــەئارادا نییـــە، چـــۆن ئێمـــە ناوێکمـــان لێنـــاوە. لێـــرەوە هەوڵـــدەدەم بیۆگرافیایـــەکی کـــورتی کولتورییانـــەی ئـــەم ناولێنانەی یەزدان، یاخود خودا بنووسمەوە.

لـــە کولتـــورە دێـــرین و دوورەکانـــدا یـــەزدان، ئـــۆبژێکتێکی دەرەکـــی ڕووت و ئەبســـتراکتکراو نـــەبوو، بـــەڵکو لـــەڕووی فیزیکییـــەوە، ماتـــەریالێک بـــوو لـــە شـــوێنێکدا، کـــە هەمیشـــەش ئـــەو شـــوێنە موقـــەدەس و پیـــرۆز بـــووە. خـــودا بریتـــی بـــووە لـــە بتێـــک لـــە پەرەســـتگاکاندا دانـــراوە، لـــە خـــۆر، لـــە مانـــگ و ئەســـتێرە، لـــە زریـــان. . . تـــاد. مـــرۆڤ لـــە ترســـداو، لەبیرکردنـــەوەی قـــووڵی لـــە سروشـــت و ژیـــان و مـــەرگ پێویســـتی بـــە داهێنـــانی جـــۆرە هێزێـــک هـــەبووە کـــە خـــۆی پـــێ بپارێزێـــت و بـــەرگری لـــە خـــۆی پـــێ بکـــات، تەنانـــەت گـــەر ئـــەو هێـــزەش



Scanned by CamScanner

وەهەم و بۆشایی و نادیار بوو بێت. واتە خودا لەنێو هۆشیاری مرۆڤدا جۆرێک سیستەمی ئیمون ((سیستەمی بەرگری)) بەرجەستە دەکات، کە مرۆڤ لەم دنیا و لەو دنیاش دەپارێزێت. ئەم وێنەیەی خودا لە هۆشیاری مرۆڤدا پێموایە تاوەکو ئێستاش ماوەتەوە. دواتر لە ئاینە تاکخوداییەکاندا، بەپلەی یەکەم ((جولەکایەتی)) خودا لە بتێکەوە، کە بەردێکی جێگیرە، دەگۆڕدرێت بۆ ئامرازێکی تری بزۆک کە ((کتێب))ێکە و مرۆ دەتوانێت بۆ هەموو جێیەک لەگەڵ خۆیدا بیبات.

واتە جولەکایەتی خودای لە ماتەریالێکی ڕەقی جێگیرەوە کردە میدیۆمێکی نووسراو کە دەکرێت لەگەڵ خۆتدا وەکو کتێبێک هەڵی بگریت. (سلۆتەردایک لە کتێبی. دێریدای میسری دا، ورد ئەم گۆڕانەی شرۆڤەکردووە، کە ئێمە کردوومانەتە کوردی)). ئیدی کتێب، وەکو زمانێکی نووسراو، بووە بەڵگەنەویستەیەکی حاشا هەڵنەگر لەسەر هەبوونی خودا. بەڕادەیەک پەرستنی کتێبەکە هاوتابووە لەگەڵ پەرستنی یەزداندا. بگرە تاوەکو ئێستاش ئەوە دەبینرێت کە چۆن بەرگریکردن لە دەقێکی زمانەوانی ئایینی، گرنگترە لە پەرستنی خودی خوداش.



Scanned by CamScanner

بەنموونـــە ئـــەو بەرتەکانـــەی دنیـــای عـــەرەبی هـــەیانبوو کاتێـــک بـــەر لـــە چەنـــد ســـاڵێکی کـــەم ئەمەریکییـــەک ویســـتی قورئـــان بســـووتێنێ، بـــەهێزتر بـــوو لـــە هـــەر بەرتـــەکێکی تـــری دنیـــای ئیســـلام لـــە دژی هـــەر شـــتێک نواندبێتیان. واتـــە بـــەلای موسڵمانەکانیشـــەوە ســـووتاندنی کتێبـــی قورئـــان، کـــە نووســـراوی خودایـــە، ســـامناکترە لـــە ســـووتاندنی مرۆڤـــەکان، ئەگـــەرچی مرۆڤـــەکانیش هـــەر مـــەخلوقی خودان.

هـــەروەها لای جوولەکـــەکان دەبینـــین هـــاینریش هاینـــەی شـــاعیر لـــە شـــوێنێکدا باســـی جیـــاوازی جوولەکـــە لەگـــەڵ ئاینـــەکانی تـــردا دەکـــات، کـــە چـــۆن کاتێـــک هـــەر لەشـــکرێک پـــەلاماری جوولەکـــەکانیان دابێـــت، جوولەکـــە لەگـــەڵ هەڵهاتنیانـــدا هـــەموو ســـامانەکانیان لـــە پەرســـتگاکان و ماڵەکانیانـــدا بەجێهێشـــتووە و تـــەنیا تـــەوراتیان لەگـــەڵ خۆیانـــدا بـــردووە. لێرەوەیـــە پاراســـتنی خـــودا وەکـــو کتێـــب، کـــە میـــدیۆمێکی زمانەوانییـــە، لای هـــەموو ئاینـــەکان لەپێشتر بووە لە پاراستنی کارەکانی تری خودا.

دواتـــر لـــەرێی تیـــۆری خوداناســـییەوە، تیۆلـــۆگی، تێرامـــانی قـــووڵ لـــە مەســـەلەی خـــودا کـــراوە، لەمەشـــدا فەلســـەفەی جۆراوجـــۆر بەشـــداری ڕەنگدانـــەوەی بیرۆکـــەی خـــودا لـــەنێو گوتارەکـــانی

بیرکردنەوە و فۆرم و شێوازەکانی ژیانی مرۆییدا کردووە. بەمپێیە دەبینین خودا لە هەندێک میدیۆمدا بەرجەستە بووە ((وەک سروشت، فەرهەنگ وە ڕۆح)). دیارە هەموو ئەم میدیۆمانەش گوتار و زمان و سیستەمی ئاماژەیی و سیمیۆلۆژی خۆیان هەیە. بگرە وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا خودی خودا بریتییە لە تێکستێک و بەس.

بەڵام دیارە ئێوە دەتانەوێت سۆراغی ئەو وەرچەرخانە بکەن کە چۆن خودا وەک هێزێکی نادیار دەگۆڕدرێت بۆ کۆنتێکستێک و پەیامێکی زمانەوانی. لێرەدا دەبێت ئێمە باری سەرنجمان بابدەینە بوونەوەرێکی گرنگ کە مرۆڤە، ئەوە مرۆڤە تێڕامان لە گەردوون و دنیا و ژیان دەکاتەوە و خۆی هەڵدەکشێنی بۆ سەرەوە، ئەوە یەزدان نییە کە دێتە خوارەوە بۆلای مرۆڤ.. ئەوە مرۆڤەکان بوون بیریان لەخودا کردەوە و لەخەڵوەتی بەردەوامدا بوون و ئەوسا یەزدان پەیامی پێ بەخشین و کرانە پێغەمبەرەکان. چیرۆکی هەموو پێغەمبەرەکان بەو جۆرە بووە. واتە ئەوەی نادیاری کردۆتە دیار مرۆڤ بووە، ئەمە میتافیزیکێکە کۆتایی پێ نایەت. سلۆتەردایک لەجێیەکدا دەڵێت: نادیار



Scanned by CamScanner

دەبێت ئەوە بزانێت کە دیار تاکە سەرچاوەی ئەوە.

هەڵبەت ئەوەی وا دەکات مرۆڤ و خودا لە زماندا شێوەگیر بکات، بریتییە لەو کردەوە ڕۆحانییەی مرۆڤ لە حاڵەتی خەڵوەتدا مەشقی دەکات و دەگات بە پلەی ((وەحی)). وەحی بۆهاتن واتە پەیام بۆهاتن. پەیامیش گوتارێکی ئامۆزشی و ئامۆژگاریئامێز و ڕێنماییکەرە لەشێوازی فەرموودە و فەرماندا دەردەکەوێت. واتە ئەوەی وادەکات نادیارمان بۆ بکاتە دیار، خودامان بۆ بکاتە زاراوەیەک بەتەنیا بریتییە لە وەحی. ئەمەش لەبەرئەوەنا کە وەحی، مەشقێکە کەسانێکی کەم دەتوانن پیادەی بکەن، بەڵکو پتر لەبەرئەوەی بریتییە لە چۆنێتی گواستنەوەی ناوەوە و نادیار بۆ دەرەوە و دیار لەڕێی زمانەوە، زمان میدیۆمی گوزارشتکردن و ئەفراندنە، لەبیرمانە کاتێک محەمەد لەئەشکەوتەکەدا لە خەڵوەتدا بوو، قورئانی بۆ دێتە خوارەوە، بە وشەی ((بخوێنە)) دەست پێ دەکات. لێرەوەیە لە کۆنتێکست و نێوکۆییە مێژووییەکەشیدا زمان و دەق و کتێبەکان میدیۆمی ئەفراندنی خودان.



Scanned by CamScanner

بەنموونـــە موســـا کـــە بیرۆکـــەی مۆنۆتـــایزمی لـــە میســـرەوە بـــرد بـــۆ لای جوولەکـــەکان لەوێکاتـــەوە یـــەکخودایی بـــووە کتێـــب و ئیتـــر جولەکایـــەتی وەکـــو ئـــاینی تـــاک و هـــەڵبژاردە تەشـــەنەی کـــرد، لـــە مەسیحایەتیشـــدا تـــاوەکو ئینجیـــل نەنووســـرایەوە ڕەدووکـــەوتووانی گـــەلێک کـــەم بـــوون وە تـــەنیا دواتـــر لـــەڕێی ((نامـــەکانی پاولۆســـەوە بـــۆ ڕۆمـــەکان)) ئیـــدی هێـــدی هێـــدی ئـــاینی مەســـیحی خـــۆی دامەزرانـــد و تەشـــەنە پێکـــرد، هـــەمان وێنـــەش لای ئیســـلام دەبینینـــەوە، ئیســـلام لـــەڕێی کۆکردنـــەوەی و بـــــە کتێبکردنـــــی قورئانـــــەوە دوورتـــــرین سنوورەکانی بڕیووە.

لـــە دیـــدی منـــدا یـــەزدان ســـەرچاوەی هـــەموو ئیغترابێکـــی مرۆییـــە. ئیغترابێـــک گـــەلێک جـــار ئـــەنجامی ئەفرێنـــەری لـــێ کەوتۆتـــەوە، وەک لـــەوەی خـــودا چـــۆن تـــاوکو ئێســـتاش هـــەروەک سیســـتەمێکی ئیمـــون و بـــەرگری لـــەنێو هۆشـــیاری مرۆڤدایـــە. لەکوێـدا مـرۆڤ بـێ هیـوا و بـەدبین بـوو لەوێـدا پـەنا دەباتـــە بـــەر خـــودا و دەســـتەواژەی ((خـــودا گەورەیـــە، بەئومێـــدی خـــودا)) داهێنراوێکـــی ئـــاینی پـــەتی نییـــە بـــەڵکو ئاماژەیـــەکی زمانەوانیشـــە بـــۆ بـاوەڕ بـەخۆکردن کـە مـەزنێک هەیـە بـم پارێزێـت، یـاخود لـــەکاتی نەشـــتەرگەریدا دەبینـــین مرۆڤـــی

مۆدێرنەش تەواو متمانەی بە هێزی زانست و تەکنەلۆژیا نییە و کە دەچێتە ژووری ئۆپەراسیۆنەوە پەخشانێکی گەورە ئایەت لەگەڵ خۆیدا دەخوێنێتەوە، یان لەکاتی سەفەرکردندا بە ئۆتۆمبێل و فڕۆکە هێشتا لەوێشدا مرۆ متمانەی بەو ئامێرە بالایە نییە کە لە خێرایی چەند کاتژمێرێکدا دەیگوازێتەوە بۆ دوورترین شوێن، کەچی پاڕانەوە و نزاکان و سوپاسەکانی ئاراستەی یەزدان دەکات. ئەمە بارێکی دڵدانەوەی مرۆییە، کە لەڕێیەوە دڵنیایی خۆی پێ دەپارێزێت. بەڵام لە دیدێکی ترەوە ئەم بارە هەروەک نامۆبوونێکی وجودیانە دەمێنێتەوە. واتە خودا بریتییە لە پاڵهێزی بەردەوامبوونی ژیان، چونکە لە کوێدا مرۆڤ متمانەی بەمرۆڤ و کارەکانی مرۆڤ نەما، لەوێدا، بۆئەوەی لەژیاندا بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، هانا بۆ نادیار دەبات.

دیوێکی تری ئەم نامۆبوونە ئەوەیە سیاسەت و ئاین خودایان کردۆتە فاکتەرێکی سەرەکی هەموو جەنگەکان. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرینەی شەڕەکان و کوشتارەکان، ئاین هۆکاری سەرەکی بوون. ئاینەکان مرۆڤە باوەڕدارەکان پڕ دەکەن و مۆبیلیزە دەکەن بە ڕەوانبێژی ئاینی و بە دەقی



Scanned by CamScanner

ئـــاینی و بـــە نـــاوی خـــوداوە جەنگـــە خوێناوییـــەکان بـــەرپا دەکـــەن. بـــەناوی خـــوداوە مەخلوقـــەکانی خـــودا و سروشـــت و شـــارەکانی خـــودا لـــەناو دەبـــەن و خـــاپور دەکـــەن. پرســـیارەکە ئەوەیـــە، ئایـــا خـــودا داوامـــان لـــێ دەکـــات ئێمـــە وا شـــەڕانگێز و خاپورکـــار بـــین. ئایـــا خـــودا خـــۆی هانمـــان دەدات گەردوونـــە ئەفرێنراوەکـــەی خـــۆی وێـــران بکـــەین. دەبێـــت خـــودا چ دەرهێنـــەرێک بێـــت وا یـــاری بـــە ئەکتـــەرەکان دەکـــات و دواجـــاریش بـــۆ هەرکەســـێک دۆســـیەیەکی تـــەرخان کـــردووە و هەڵـــەکانی تێـــدا تۆمـــار دەکـــات تاوەکو ڕۆژی لێ پرسینەوە و حیساب کردن.

لێرەوەیـــە تـــاوەکو خـــودا لـــەنێـــو کۆنتێکســـتە دینیەکانـــدا بمێنێتـــەوە، هـــەر وەک فـــاکتۆرێکی فشـــار دەمێنێتـــەوە. کولتـــوورە دەوڵەمەنـــدەکان خودایـــان ناســـیوە، بـــەبێ ئەوەشـــی ئاینیـــان هـــەبوو بێـــت، ئـــاین، وەک ســـلۆتەردایک دەڵێـــت ئیمپریـــالیزمی ئـــەورووپی دایهێنـــاوە، ئـــەوە ئەورووپییـــەکان بـــوون هیندۆســـەکانیان ناونـــا هینـــد، وە گریکـــەکانیش ئـــەو هـــەموو یەزدانـــەیان هـــەبووە بـــەڵام وشـــەی ئاینیـــان نـــەبووە، تـــا ئێســـتاش ئـــاین لای چینییەکان و یابانییەکان نییە.

مـن خـودا وەک ئـەو پنتـە باڵایـە تەماشـا دەکـەم کـە هـانی مـرۆڤ دەدات سـتوونییانە بـۆ سـەرەوە



Scanned by CamScanner

بکشێت. لە جوانترین ڕووداوەکانی فەرهەنگی ئێمەدا ئەم هەڵکشانە ستوونییە، لە سۆفیزمدا دەبینمەوە. ئەمە مەشقێکی جاویدانەیە بۆ یارمەتیدانی خود، بۆ خود پەرۆشی و بۆ خود چاک کردن. دیارە بەو مانایە نا کە هەڵکشانی ستوونی لە پێناوی گەیشتن بێت بەو پلە باڵایە. بەڵکو ئەم مەشقە وەک ڕاهێنانێک و وەک ڕەفتارێک لەپێناوی بەرزکردنەوەی ژیان لەئاستێکی نزمەوە بەرەو ئاستێکی باڵا. ئەمەش ڕووە سەرزەمینی و سێکولارییەکەی خودایە وەک پاڵهێزی لە خود تێ پەڕاندن. چونکە لەکوێدا ئێمە بیرمان لە خودا کردەوە، لەوێدا ئێمە دەمانەوێت لەخۆمان تێپەڕین.



Scanned by CamScanner



مامۆستای زانکۆ، پسپۆڕی فیزیا

حسێن حسێنی:

**فیزیا ناتوانێت**

**بوونی خودا بسەلمێنێت.**

Scanned by CamScanner

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان زانست بەگشتی و فیزیا بەتایبەتی و خودا بە درێژایی مێژوو قسەی زۆرکراوە. کاتێک باسی دروست بوونی ئایین بە شێوە سروشتییەکەی دەکرێت هاتنە ئارای لە سروشت بەدەر(Natural Super) دێتە کایەوە، ئەمانە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەیران بوونی مرۆڤ سەبارەت بەو گەردوونەی تێیدا دەژێت. سەرسامبوونی مرۆڤ دەربارەی گەردوونەوە بە گشتی و خودی خۆی و دەوروبەری بە تایبەتی، هێنانە کایەی خودا یان خالقی کردووە بە شتێکی ناچاری، ئەم خالقە بەدرێژی مێژوویی هزری مرۆڤ ڕێگەیی دوورودرێژیی بڕیووە تا وەکو سەرئەنجام دەبێت بە سروشت بەدەرێک کە هیچ یاسایەک لەسەری کار ناکات و دەچێتە دەرەوەی یاساکانی گەردوون.

مرۆڤ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەنایی بۆ خودا بردووە، لە هەر شوێنێکدا هۆکارە



Scanned by CamScanner

سروشتییەکەی لێ ونبووە، بە هێنانە کایەی خاڵق پشوویەکی بە مێشکی خۆی داوە.

فیزیا زانستێکە بەدوای هۆکارەکانی دیاردە سروشتییەکانەوەیە، ئەم زانستەش لە داهێنانی خودی مرۆڤە، هەر هەنگاوێک زانست بەگشتی و فیزیا بەتایبەتی، بۆ دۆزینەوەی هۆکاری سروشتی دیاردەکان ناویەتی، خاڵق هەنگاوێک دوورتر کەوتووەتەوە، هەتا بە تەواوەتی بووە بە هۆکاری هەموو هۆکارەکان، لێرەدا هزری مرۆڤ بە داهێنانی خودا و فیزیا دوو کایەی تەریب لەگەڵ یەکی دروست کردووە، واتە فیزیا رێگەیەک نەبووە بۆ ناسینی خودا، بەڵکو ئامرازێک بووە بۆ دوور خستنەوەی خودا لە هزری مرۆڤ وەکو بوونەوەرێک کە هۆکارە بۆ دەرکەوتنی دیاردەکان.

لە سەدەی بیستدا بە داهێنانی فیزیای کوانتەم (Physics Quantum)و دۆزینەوەی تەقینەوە گەورەکە (Bang Big) و دەرکەوتنی ئەوەی هەموو شتێکی ئەم گەردوونە بە پێی یاسایە و جێگەیەک بۆ دەستێوەردانی لە سروشت بەدەر بوونی نییە، خودا دوورخرایەوە بۆ سەرەتای گەردوون واتە (بیگبانگ) لە زانستی فیزیادا تەنها شوێنێک کە تیۆرییەکانی فیزیا بەتایبەتی



Scanned by CamScanner

ڕێژەیـــــــــی گشـــــــــتی (relativity General) ئەنیشـــــاتیین (Einstein) لەو شـــــوێنەدا تووشـــــی ئیفلـــیج بـــوون دەهـــــات، ئەو شـــوێنە، جێگەیەکـــی باش بـوو بـۆ ئەو کەسـانەی کە حەزیـان لە بـوونی خـــالّقە! بەڵام ئەویــــش زۆری نەکێشــــا چونکــــو تیـــۆرییە نوێیەکـــانی فیزیـــا، باســـی تەقیـــنەوە گەورەکە وەکـــو دیـــاردەیەکی فیزیـــایی دەکەن کە ئەویـــــش هەر بەپێـــــی یاســـــاکانە نەک بەهـــۆی دەســـتێوەردانی لە سروشـــت بەدەر. باســـی فـــرە گەردوونـــــــی (Multiverse) ئەوەنـــــدەی تـــــر دەســـتێوەردان لەیاســـاکانی فیزیـــا و سروشـــت دوور دەخاتەوە.

لێـــرەدا پرســـیار ئەوەیە ئایـــا خـــالّق ئەم گەردوونەی ئـــێمەی دروســـت کـــردووە وەک چـــۆن تەلارســـازێک! بینـــایەک دروســـت دەکـــات؟ بەپێـــی فیزیـــای نـــوێ گەردوونـــی ئـــێمە و گەردوونەکـــانی تـــر هەمـــووی بە پێـــی یاســـا دروســـت بـــووە و هـــیچ لە سروشـــت بەدەرێـــک ناتوانێـــت دەســـتکاری بکـــات. بەڵام ئایـــا خـــالّق فـــرە گەردوونـــی دروســـت کـــردووە؟ واتە خـــالّی دەســـتپێک؛ سروشـــت بەدرێـــک دەســـتی داوەتـــێ؟ لێـــرەدا بـــێ گومـــان فیزیـــا دەوەســـتێ وڵام نـــاداتەوە چونکـــو هێنـــانی سروشـــت بەدەر بـــۆ نـــاو یاســـاکانی فیزیـــا، دەبێـــت بەهـــۆی وەســـتاندنی فیزیـــا



Scanned by CamScanner

نەک پـــێش خســـــتنی، ئەگەر فیزیـــا لەوشـــوێنەدا کە بـــاس لەوە دەکرێـــت خـــودا زەوی و ئەســـتێرەکانی دروســـت کـــردووە بووەســـتایە، بـــێ گومـــان نەدەگەیشـــت بە دۆزیـــنەوەی بیگبانـــگ و فـــرە گەردوونـــی. بـــۆیە شـــێوازی کـــارکردنی فیزیـــا دیـــار و ڕوونە، دۆزیـــنەوەی یاســـاکان و گەڕانە بەدوای ســـەرچاوەکەیەتی، نەک دۆزیـــنەوەی لە سروشـــت بەدەر.

لێـرەدا بـۆ زیـاتر ڕوونکـردنەوەی بـابەتەکە پێویسـتە باســی بیـــروڕای چەنـــد زانـــایەکی پـــلە یەکـــی ئەم بـــوارە دەربـــارەی ڕۆڵـــی خـــودا لە دروســـت بـــوونی گەردوون و فیزیـــادا بکەیـــن، هەرکـــام لەمـــانە نـــوێنەرایەتی ســـەردەمێک لە پەرەســـەندنی فیزیـــا دەکەن. ئەوانە بـــریتیین لە ئەرەســـتو (Aristotle) و نیـــوتن (Newton) ئەنیشـــتایین (Einstein)و هۆوکینـــگ (Hawking) لەگەڵ کارییگەرییەکـــانی قۆناغەکـــان و تیۆرییەکـــانی ســـەردەمە جیاوازەکـــانی فیزیا لەسەر باسەکەمان.

## ئەرەستو و خودا

یەکێـــک لەو ئەرگومێنتـــانەی ئەرەســـتو بـــۆ بـــوونی خـــودا دەیهێنێـــتەوە بـــریتیە لە ئەرگـــومێنتی جـــووڵە، بەپێـــی بۆچـــوونی ئەرەســـتو هەمووشـــتێک

دەجووڵێت، بۆیە دەبێت بزوێنەرێکی بێ جووڵە بوونی هەبێت کە هۆکاری هەموو ئەم جووڵانەیە ئەم بزوێنەرە بێ جووڵەیە، ناجووڵێت واتە وەستاوە. ئەم بزوێنەرە بێ جووڵەیە بە ئاسانی دەکرێت ناوی خودای لێ بنرێت. بەڵام بەپێی تیۆری کلاسیکی نیوتنی جووڵە بەتەواوەتی ڕێژەییە و وەستانی ڕەها بوونی نییە. دیارە فەلسەفەی ئەرستو لەگەڵ ئاییندا زۆر گونجاوە و جێگەیەکی تایبەتی بۆ خودا داناوە، بۆیە سەرسوورهێنەر نییە فەلسەفەی ئەرەستو بۆ سەدان ساڵ دەبێت بە بنچینەیی خودا ناسی لای فەیلەسووفە ئاییندارەکان، بەجۆرێک کە شێوەیەک لە پیرۆزی درا بەم فەلسەفەیە و بوو بەهۆی ئەوەی سەدان ساڵ زانست تووشی وەستانی جەوهەری (quintessence) ببێت. ئاسان نەبوو بکرێت زانستێکی هەڵە کە پیرۆزی دراوەتێ ڕەخنە بکرێت چ جای ئەوەی فڕێ بدرێت.

### فیزیای کلاسیکی
### (Physics Classical) و خودا

هەرچەند لە سەردەمی کلاسیکیدا یەکەم کەسی ناودلری فیزیایی، گالیلۆ (Galileo) بوو



Scanned by CamScanner

بەتووندی بەرەوڕوویی بیروڕا فەلسەفییەکانی ئەرەستو بووەوە و لەلایەن کلیسەوە دادگایی کرا، بەشێوەیەک ناچار بوو بە ڕواڵەت لە بیرو بۆچوونەکانی پاشگەز ببێتەوە. بەڵام ژمارەی ئەو زانا فیزیایانەی کە بیروڕایی کلاسیکییان دەربارەی خوداوە ڕەخنە کردووە زۆر نین. زۆرتر ئەمان بەرەوڕوویی بیروڕا چەق بەستوەکانی مەسیحیەت لەسەر زانست دەبوونەوە، تاوەکو بیر لەوە بکەنەوە ئایا لە سروشت بەدەرێک ئەم گەردوونەی دروست کردووە یان نا. بەگشتی بوونی خاڵقیان پەسەند کردبوو.

کپلر (kepler) یەکێکە لە ئەستێرەناساکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بیر و بۆچوونە زانستییەکانی لەگەڵ بیر و بۆچۆنی کلیسادا یەکی نەدەگرتەوە، چونکو بەپێی بڕوایی کلیسا کە لەسەر مۆدێلی تولەمای (Ptolemy) بۆ گەردوون بوو، زەوی سەنتەری گەردوون بە گشتی و کۆمەڵەی خۆر بەتایبەتییە، واتە هەموو تەنە ئاسمانییەکان بەدەوری زەوییدا دەسووڕانەوە (ڤاتیکانیش سەنتەری زەوی بووا).

بەڵام سەرەڕای ئەم بیروبۆچوونە، کپلر وەک کەسێکی دژە دین سەیر نەکرا بەڵکو وەک



Scanned by CamScanner

پرۆتستانێکی ئیماندار (هەڵبەت بیدعەتکەر (Innovation)) مایەوە.

فیزیای کلاسیکی بەهۆی کارە زانستیەکانی نیوتنەوە پەرە دەسێنێت، یەکێک لە گەورەترین دۆزینەوەکانی نیوتن بریتیە لە دۆزینەوەی هێزی کێشکردن (Force Gravitation)، ئەم هێزە فەرمانڕەوایی بەسەر هەموو جووڵەی تەنە ئاسمانییەکانەوە دەکات، نیوتن لای وابوو کە خاڵق بوونی هەیە و سەرچاوەی هێزی کێشکردن و دروستکەری کۆمەڵەی خۆر و ئەستێرەکانە، تەنانەت خۆی بە یەکێک لەوکەسانە دەزانی کە خودا هەڵی بژاردووە بۆ ئەوەی لە نووسراوەکانی کتێبی پیرۆز تێ بگات. لەنێو زانایانی فیزیای کلاسیکیدا کەسانێک هەبوون کە بڕوایان بەپێوەندی نێوان زانستی سروشتی و خودا نەبوو یەکێک لەوان لاپلاس (Pierre-Simon Laplace de marquis) زانای ماتماتیک و فیزیای فرانسییە، کاتێک لاپلاس کتێبێکی گرنگ سەبارەت بەجووڵەی تەنە ئاسمانییەکان دەنووسێت و پێشکەش بە ناپلیونی دەکات لێی دەپرسێت بۆچی خودا لەم کتێبەی تۆدا باسی لێ نەکراوە؟ وڵامدەداتەوە: "پێویستیم بەم



Scanned by CamScanner

گریمانەیە نەبووە- Je n'avais pas besoin de cette hypothèse-la

**ئەنیشاتیین و خودا**

ئەنیشاتیین لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بە داهێنانی دوو تیۆری گەورە واتە رێژەی تایبەت و رێژەیی گشتی دەوری بالآیی لە پەرە پێ دانی زانستی فیزیادا بینیووە، تیۆری کلاسیکی و یاساکانی نیوتن لە خێرایی بەرز و وزەی بەرزدا تووشی شکست دەبوون، تیۆری رێژەیی جێگرەوەیەکی تەواوە بۆ یاساکانی نیوتن لە خێرایی بەرزدا، هەندێک لەدەر ئەنجامە گرنگەکانی تیۆری ئەنیشاتیین بریتیە لە رێژەیی بوونی درێژی کات و هاوتابوونی مادە و وزە، واتە وزە دەکرێت ببێت بە مادە و مادەش دەتوانێت ببێت بە وزە، هەروەها چەمانەوەی فەزا-کات بەهۆی بوونی مادە. ئەم تیۆرییە یەکێکە لە جوانترین تیۆرییەکانی فیزیا و زۆربەی هەرە زۆریشی لەداهێنانی یەک کەسە! واتە ئەنیشتایین.

دەوترێت تیۆرییەکانی ئەنیشاتیین رێگەیەکن بۆناسینی خوداوەند، واتە کارەکانی هەندێک کەس دەیانەوێت بۆ سەلماندنی بوونی خودا

بەکاری بهێنن یان ڕێگەیەک بۆ ناسینی خودا بکەنەوە. ئەنیشتاین قسەیەکی زۆر بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت "زانست بە بێ ئایین شەل و ئایین بەبێ زانست کوێرە". بەڵام ئەم قسەیەی لەگەڵ هەندێک قسەی تری دا کە لە دواییدا دەیانکات دژایەتیان هەیە. ئەنیشتاین لە وڵامی پرسیارێکی ئۆسقۆفی کانتربرییدا کە دەپرسێت ئایا تیۆری ڕێژەیی کاریگەری لەسەر خوداناسی هەیە یان نا؟ دەڵێت "نەخێر، تیۆری ڕێژەیی تیۆرێکی بەتەواوەتی زانستییە و هیچ چەشنە پەیوەندێکی بەئایینەوە نییە".

بۆیە دەتوانیین بڵێین ئەنیشتاین وشەی "ئایین"ی بە دوو شێوە بەکارهێناوە. جارێک وەکو هەستی ئایینی و جارێکی تر وەکو "زانستی ئایینی". لەیەکەمدا قسەی ئەنیشتاین ئەوەیە هەستی عیرفانی ئایین و چالاکی زانستی لەسەریەک کاریگەری دادەنێن. لە دووهەمدا ئەوەیە تیۆرییەکانی فیزیا ناتوانێت بۆ پەرەپێدانی فەلسەفەی خوداناسی بەکار بهێنرێت، چونکە مومکیین نییە خودا بخرێتە نێو فرمووله ماتماتیکییەکانەوە و یان لەتاقیگەدا ببینرێت. بۆیە زۆر جار ئەنیشتاین خۆی وەکو کەسێکی"

بـــێ ئیمـــانی ئاییـــندار" دەناســـاند. بـــێ ئەوەی لەمەدا شتی دژبەیەک ببێنێت.

ئەنیشـــتاین زۆرجـــار وتەیەکـــی دوویـــارە دەکـــردەوە ئەویـــش ئەمە بـــوو "من دەمەوێـــت بیرکـــردنەوەی خـــودا بـــزانم- I want to know God's thoughts". ئەنیشـــتاین بـــڕوای بەخـــودای ســـپینوزا (Spinoza) هەبـــوو، خـــودای ســـپینوزا خـــودای پاداشـــت و ســـزای ئایینەکـــان نیـــیە. خـــودای ســـپینوزا نـــاوێکی تـــرە بـــۆ سروشـــت. ئەم خـــودایە بەپێـــی دەربڕینیـــی بێرترانـــد ڕاســـڵ (Bertrand Russell) خودایەکە بەم شێوەیە:

تەنهـــا جەوهەرێـــک (quintessence) بـــوونی هەیە، "خـــودا یـــان سروشـــت" شـــتە ســـنوردارەکان بـــوونی ســـەربەخۆیان نیـــیە. دیکـــارت (Descartes) بـــڕوای بە ســـێ جەوهەر هەبـــوو، خـــودا، زێهـــن و مـــادە. هەرچەنـــد بە بـــڕوای ئەو خـــودا لە مـــادە و زێهـــن جەوهەرتـــر بـــوو چونکـــو ئەو خـــالق بـــوو، دەیتـــوانی دوانەکەی تـــر تیاببـــات، زێهـــن و مـــــادە دو جەوهەری ســـەربەخۆ بـــوون کە بە ئەندێشـــە (mind) و دوورایـــی پێناســـە دەکـــرێن. بەڵام بەڕای ســـپینوزا ئەندێشـــە و دوورایـــی (بوعـــد dimension_) تایبەتمەنـــدی خـــودا بـــوون، خـــودا لە هەمـــوو ئاراســـتەیەکدا بـــێ کۆتـــاییە.



Scanned by CamScanner

تایبەتمەندییە کەسییەکان و بەشە جیاوازەکانی مادە بەپێی بۆچوونی سپینوزا، بەشێکن لە وەسف. "شت نیین" بەڵکو تەنها وێنایێکن لە بوونی خودا. مانەوەی مرۆڤ بەوشێوەیەیی کە ئاییینە ئاسمانییەکان بڕوایان پێیەتی ناتوانێت بوونی هەبێت، ئەو سنووردارانەی کە هەیە بەشێکە لە خودای بێ کۆتایی، بۆیە بیرکردنەوەی سپینوزا دەگاتەوە بە یەککگرتنی بوون (وحده الوجود- Pantheism).

لە لای سپینوزا شتێک بەناوی ئیرادەی ئازاد لە ناوچەی زێهندا بوونی نییە، بوونی هەموو شتێک بە پێی پێویستییە، هیچ شتێک لە خۆڕا نییە. هەموو دیاردەیەک وێنایەکە لە سروشتی زاتی خودایی کە هەرگیز ناناسرێت و ئەو دیاردانەش بەو شێوەیە ڕوودەدەن کە دەبێت ڕوو بدەن جگە لەوە مومکیین نییە. بە بڕوای سپینوزا ئەوەی ڕوودەدات خێرە و شەڕ مانای نییە، شەڕ و خراپە تەنها بۆ مرۆڤی کەم توانا و سنووردار مانای هەیە و بۆ خوداوەند واتاکەی خۆی لە دەست دەدات.

ئەم بیروڕایەی سپینوزا بە درێژایی مێژوو لە لایەن عارفەکانەوە بەکارهێنراوە و لە خۆرهەڵاتدا بەشێک لە فەیلەسووفە موسڵمانەکان (وەکو



Scanned by CamScanner

ئیــبن عەرەبــی) خــاوەنی هەمــان بیــروڕا بــوون.
بیروڕایـــی ســـپینوزا ســـەبارەت بە خـــودا تەنهـــا کـــاریگەریی لەســـەر ئەنیشـــاتیین نەبـــووە بەڵکـــو ئەم بیـــروڕایە لەســـەر زاناکـــانی تـــریش کـــاریگەریی زۆری هەبـــووە، بـــۆیە ئەم بیـــروڕایە بـــۆ باســـەکەی ئێمە گرنگی تایبەتی هەیە.
کە وا بـــوو ئەو خـــودا عیرفـــانییەی ئەنیشـــاتیین پێـــی سەرســـام بـــوو بەهـــیچ شـــێوەیەک خـــودای ئاییینەکـــان نیـــیە، ئەو خـــودایەی کە ئەنیشـــاتیین بەهەمـــوو تەمەنـــی هەوڵییـــدا بزانێـــت چـــۆن بیردەکاتەوە..!
میکانیکی کوانتەمی و خودا
میکـــــــانیکی کـــــــوانتەمی (Quantum mechanics) زانســـــتێکە کە لە ســـــەرەتای ســـەدەی بیســـتەم و کۆتـــایی ســـەدەی نـــۆزدەهەم لەنـــاو دڵـــی ئەوروپـــاوە (بەتـــایبەتی لە ئەڵمانیـــاوە) ســـەری هەڵـــدا، هۆکـــاری ســـەرهەڵدانی ئەم زانســـتە دەگەڕێـــتەوە بـــۆ شکســـتی زانســـتی فیزیـــای کلاســـیکی لە شـــرۆڤەی دیـــاردە فیزیاییەکـــان لە هەنـــدێک نـــاوچەی زانســـتییدا. یەکێـــک لەوناوچـــانە بـــریتییە لەنـــاوچەی ئەتـــۆم و مولکیولەکـــان واتە جیهـــانی ورد بەم نـــاوچەیە دەگوترێـــت نـــاوچەی مایکرۆســـکۆپی، فیزیـــای کلاســـیکی کە بەنـــدە



Scanned by CamScanner

لەسەر یاساکانی نیوتن لەم ناوچەیەدا تووشی شکست دەبێت و ناتوانێت بە باشی کار بکات، واتە پێشبینییەکانی لەگەڵ حەقیقەتی دیاردەکان یەک ناگرێتەوە. تایبەتمەندی یاسا فیزیاییەکان ئەوەیە دەبێت گەردوونی بێت، واتە لە هەموو شوێنێک و لە هەموو بارودۆخێکدا ڕاست بێت، بەڵام یاسای دووهەم و سێهەمی نیوتن لەم دوو ناوچەیەدا ڕاست نیین، بۆیە پێویست بەهاتنەکایەی زانستێکی نوێی دەکرد، ئەو زانستە بریتی بوو لە میکانیکی کوانتەمی یان فیزیای کوانتەمی.

لەم زانستەدا بۆ شرۆڤەی دیاردەکان پێویستیمان بە تایبەتمەندییەکە بەناوی نەخشەشەپۆل (Function Wave)، نەخشەشەپۆل حەقیقەتێکی فیزیایی نییە! بەڵکو تەنها ئامرازێکی ماتماتیکییە کە ئێمە بە بەکارهێنانی دەتوانیین شرۆڤەی دیاردەکانی جیهانی وردی پێ بکەین، دووجای نەخشەشەپۆل پیشاندەری چڕی ئەگەرییە (هەرچەند بەپێی هەواڵە نوێیەکان بە ماتماتیکی سەلمێندراوە کە دەبێت نەخشەشەپۆل بوونی فیزیایی هەبێت گۆڤاری زانستی نوێ ژمارە ١١)



Scanned by CamScanner

له فیزیای کوانتەمییدا؛ پێشبینییەکان بەپێی ئەگەرن و ئەم ئەگەرانەش دەگەڕێتەوە بۆ زاتی سروشت، واتە پێشبینی بەدڵنیاییی سەد لە سەدەوە بوونی نییە. بۆ نموونە بۆ دیاریکردنی شوێنی ئەلکترۆن لەنێو ئەتۆمدا ناچاریت بە زمانی ئەگەر قسە بکەیت، ناکرێت شوێنەکەی بە سەد لە سەدی دیاریی بکرێت، ئەلکترۆن دەتوانێت بە ئەگەرێکەوە لە هەموو شوێنێکی ئەتۆمدا بوونی هەبێت، ئەمە پەیوەندی بە وردیی و دروستیی ئامێرەکان و ئامرازەکانی پێوانەوە نییە بەڵکو ئەمە زاتی سروشتە کە بەو شێوەیە یاری دەکات. فیزیای کوانتەمی دەکرێت لە ژیانی ڕۆژانەدا واتە لە جیهانی شتە گەورەکانیشدا بەکار بهێنرێت و هەمان پێشبینییەکانی یاساکانی نیوتن دەکات بەڵام کارکردن بە فیزیای کوانتەمی لە جیهانی ڕۆژانەدا کارێکی ژیرانە نییە، چونکو شیکاری هاوکێشەکانی زۆر ئاڵۆزە، لە کاتێکدا فیزیای نیوتنی لەو جیهانەدا بەباشی کاردەکات و بەکارهێنانی زۆر ئاسانترە.

سەرەڕایی سەرکەوتنی لە ڕادەبەدەری فیزیایی کوانتەمی لە شرۆڤەی دیاردەکاندا، بەهۆی زمانی ئەگەری ئەم زانستەوە هەر لەسەرەتاوە دژایەتیکردنی وەک چوارچێوەیەکی دروست بۆکاری فیزیایی دەستی



Scanned by CamScanner

پـــێ كـــرد و زانايـــان فيزيـــايى بە ســـەر دوو بەرەى فەلســـــەفييدا دابەش كـــــرد، بەرەيەک كە بەرەى دترمينيســـــتەكان (جەبرگەراكـــــان) و بەرەيەک كە بە بەرەى قوتابخـــانەى كوپنهـــاگن ناســـراوە، بەرەى دترمينيســـتەكان يەكێـــك لە كەســـە كـــاريگەر و ناوادارەكانيـــان ئەنيشـــاتيين بـــوو، ئەنيشـــتايين كـــارە ســـەرەتاييەكانى بەتـــايبەتى شـــيكارى تيـــۆرى ديـــاردەى كارۆرونـــاكييەكەى ڕێـــگە خۆشـــكەرێكى گرنـــگ بـــوو بـــۆ ئەوەى فيزيـــاى كـــوانتەمى لە داييـــك بێـــت، بەڵام هەر زۆر زوو بەدژى ئەم زانســـــتە وەســـــتاييەوە و وەكـــــو چوارچێـــوەيەكى هەڵە بـــۆ كـــاركردن نـــاوى دەهێنـــا و ڕســـتە زۆر ناســـراوەكەى واتە "خـــودا زار هەڵنـــادات ( God does not play dice) وەک يەكێـــك لە دروشـــمە ســـەرەكييەكانى خـــۆى و هاوڕێكـــانى لـــێ هـــاتبوو. ئەنيشـــتايين و هاوڕێكـــانى زۆريـــان هەوڵـــدا تيـــۆرێكى هاوتـــا بـــۆ ميكـــانيكى كـــوانتەمى دروســـت بـــكەن كە زەمـــانى ئەگەرى تێـــدا نەبێـــت، بەڵام بەهـــۆى ســـەركەوتنە بەرچاوەكـــانى فيزيـــاى كـــوانتەمى لە كارەكەييـــدا سەركەوتوو نەبوون.

قوتابخـــانەى لايەنگرانـــى فيزيـــاى كـــوانتەمى واتە قوتابخـــانەى كوپنهـــاگن، لە ژێـــر كـــاريگەرى بۆچـــوونە فەلســـەفييەكانى نـــيلس بـــۆر (Niles Bohr) زانـــاى دانيماركييـــدا بـــوو، ئەم قوتابخـــانە



Scanned by CamScanner

بڕوایان وابوو میکانیکی کوانتەمی کۆتایی زانستەکانەوە زاتی سروشت زاتێکی ئەگەرییە، بۆیە لە وەڵامی ئەنیشتاین دا دەیگوت "ئەنیشتایین، بە خودا مەڵێ چی بکات" (Einstein, dont tell God what to do)

زەمان و میکانیزمی میکانیکی کوانتەمی باڵی بەسەر هەموو ئەو تیۆریانەدا کێشاوە کە ئامانجیان شرۆڤەی گەردوونە وەک سیستمێک، بیروبۆچوونە عیرفانییەکان دەکرێت لەگەڵ هەرکام لەم دوو بۆچوونە فەلسەفییەدا یەک بخرێت، واتە لەوانەیە لەناو هەرکام لە قوتابخانەکاندا زانای ئیماندار یان بێ ئیمان بوونی هەبێت، بەڵام ئەوەی حاشایی لێ ناکرێت ئەوەیە زۆربەی زانایانی ئیماندار لایەنگری بۆچوونی ئەنیشتایین و هاوڕێکانی بوون چونکە ئەم بۆچوونە لەگەڵ پێناسەی ئەرەستوویی لە خودا تارادەیەکی زۆر یەک دەگرێتەوە، کە ئەو پێناسەیە بۆ خزمەتی ئایینە ئاسمانییەکان زۆر گونجاوە.

ئەوەی ڕوونە زانایانی فیزیا لە سەدەی بیست و یەکدا، واتە یەک سەدە دوایی لەدایک بوونی فیزیای کوانتەمی، فیزیای کوانتەمی وەکو تیۆرییەک دەناسن کە زۆرترین ڕەخنەکراوە و



Scanned by CamScanner

زۆرتـــریین تـــاقیکردنەوەی زێهنـــی و کـــرداری بـــۆ شکســـت پـــێ هێنـــانی ئەنجـــام دراوە و هێشـــتا وەک تیـــۆرییێکی ســـەرکەوتوو درێـــژە بەکارەکـــانی دەدات. ئەم تیـــۆرییە بە یەککرتنـــی لەگەڵ تیـــۆری ڕێژەیـــی گشـــــتی (relativity General) ئەنیشـــــاتیین، تیـــۆری کێشـــکردنی کـــوانتەمی دروســـت دەکـــات، تیـــۆری کێشـــکردنی کـــوانتەمی بەشـــێکی گـــرنگە لە (M) تیـــــۆری، واتە ئەو تیـــــۆرییەی شـــــرۆڤەی هەمـــــوو گەردوون دەکـــــات کە لە ڕاســـــتییدا یەک تیـــۆری نیـــیە بەڵکـــو کـــۆمەڵە تیـــۆرییەکە بـــۆ ئەوەی هەموو دیاردەکانی گەردوونی پێ شرۆڤە بکرێت.

هەمـــوو شـــتێکی گەردوون، بەپێـــی ئەم تیـــۆرییە، یاســـاکانی فیزیـــا فەرمـــانڕەوایی لەســـەر دەکـــات و (بیگبانـــگ)یش دەچێـــتە نێـــو یاســـاکانی فیزیـــاوە، هەروەهـــا گەردوون دەتوانێـــت لە هـــیچ دروســـت ببێـــت، هـــیچ جـــێگەیەک بـــۆ دەســـتێوەردانی لەسروشـــــت بەدەر نـــــامێنێتەوە، بیگبانـــــگ، دروســـــتبوونی ئەســـــتێرەکان و گەلەئەســـــتێرەکان وهەســـارەکان و.... هتـــد. هەمـــوو بەپێـــی یاســـاکانی فیزیـــان، هەروەهـــا بـــوونی ئـــێمەش لەســـەر هەســـارەی زەوی کە دەکەوێـــتە نـــاوچەی زێڕێنـــی کـــۆمەڵەی خـــۆر کە بـــۆ ژیـــان گونجـــاوە ئەویـــش هەر بەپێـــی یاســـایە. بەپێـــی (M) تیـــۆری گەردوونـــی ئـــێمە



Scanned by CamScanner

تەنها گەردوون نییە و دە توانی ٥٠٠ گەردوونی تر (١٠٥٠٠) بەیاسای جیاوازەوە بوونی هەیە. یەکێک لەو زانایانەی کە بەنووسینی چەند کتێبێکی گرنگ وەکو (کورتیلەی مێژوی کات و دیزایینی مەزن) ئێمەی بەرەو باسکردن لە خودای فیزیایی ڕاکێشاوە ستیڤن هۆوکینگە، بلیمتێک کە تا ماوەیەک لەوەو پێش جێگرەوەی نیوتن لە زانکۆی کەمبریج بوو. لە کتێبی کورتیلەی مێژووی کات دا ( A Briefer History of Time) لە سالّی (٢٠٠٥)دا ئەو دەیەوێت بزانێت خودا چۆن بیر دەکاتەوە (واتە بەدوایی پرسیارەکەی ئەنیشتاییندا دەگەڕێت) بەڵام لە کتێبی دیزایینی مەزندا ( The Grand Design) پێنج ساڵ دواتر واتە لە ساڵی (٢٠١٠)دا ئەو بوونی هەرچەشنە خودایەک بۆ دروست کردنی گەردوون بە پێویست نازانێت، دەتوانیین بڵێین لەگەڵ پەرەسەندنی تیۆرییەکانی فیزیادا بیروباوەڕی هۆوکینگیش سەبارەت بەخودا پەرە دەستێنێت و لە ئەنجامدا دەمانباتەوە بۆ قسە ناسراوەکەی لاپلاس لەکاتی نووسینی کتێبی میکانیکی تەنە ئاسمانییەکان کە دەڵێت بۆ نووسینی ئەم کتێبە پێویستییم بە گریمانەی خودا نەبوو، هاوکینگیش بۆ دیزایینی



Scanned by CamScanner

گەردوون گریمـــانەیەک بەنـــاوی خـــودا بەپێویســـت نازانێـــت چـــونکە ئەگەر لە پێشـــدا تیۆرییەکـــانی فیزیـــا لەخـــاڵی بیگبانـــگ-دا تێـــک دەرمـــان، لە ئێســـتادا دەرکەوتـــووە؛ بیگبانـــگ یەک دانە بیگبانـــگ نیـــیە بەڵکـــو کۆمەڵێـــک بیگبانـــگ-ە و ئەوانـــیش هەر یاســـاکانی فیزیـــا فەرمانڕەواییـــان دەکـــات. هەرچەنـــد پـــێش ئەم دۆزیـــنەوە نوێیـــانە ئەگەر هۆوکینـــگ پێویســـتی بەخـــودای ســـپینوزا (نەک خـــودایی کتێبـــی کـــۆنی مەســـیحییەکان چـــونکە ئەم خـــودایە لە (٥٠٠٠) ســـاڵ بەولاتـــر ناچێـــت!) هەبووبێـــت، ئەوە لەئێســـتادا پێویســـتی بەو خـــودایەش نیـــیە و بە پێویســـتی نازانێـــت، واتە هۆوکینـــگ بەزمـــانی لاپـــلاس وڵامـــی ئەنیشـــتاینی داوەتەوە.

بەرئەنجام

ســـەبارەت بەخـــودای نێـــو مێشـــکی زانـــا ناودارەکـــانی فیزیـــا لە ئەرەســـتوەوە دەســـتمان پـــێ کـــرد و بە هـــۆوکێنگی جێگـــرەوەی نیـــوتن لەم ســـەردەمەدا کۆتاییمـــان پێهێنـــا، ئەوەی لێـــرەدا بە لەبەرچـــاو گرتنـــی ئەو قســـانە دەکرێـــت وەک ئەنجـــامی کۆتـــایی باســـی بکەیـــن ئەمەیە: هەرکـــام لەزاناکـــان بە ســـەرنجدان بە سروشـــتی عیرفـــانی و ڕادەی پەرەســـەندنی تیۆرییەکـــانی فیزیـــا لە ســـەردەمی

خۆیانـــدا باســـی خودایـــان کـــردووه، لێـــرەدا جۆرێـــک لە پەرەســـــەندن لە بیرکـــــردنەوەدا دەبینـــــین، کە ئەنجـــامەکەی لەلای هـــۆوکینگە ئەویـــش وڵامـــی ئەم دوو پرسیارەیە:

ئایـــا فیزیـــا دەتوانێـــت بـــوونی خـــودا بســـەلمێنێت؟

وڵامەکە بریتیە لە: نـــەخـێـــر.

ئایـــا خـــودا دەتوانێـــت دەســـت لە یاســـاکانی فیزیـــا وەر بدات؟

وڵامەکە دیسان بریتیە لە: نـــەخـێـــر.



Scanned by CamScanner



ڕوناكبیر

هێمن قەرەداغی:

چـــونكە هەردووكيـــان دەكەونە ئەودیو وجـودەوە، خـودا و مەرگ دوو چەمكـــن هەرگيـــز لەیەك جیانابنەوە.

Scanned by CamScanner

تێگەیشتن لە خودا لە قوڵاییدا بەستراوەتەوە بە تێگەیشتن لە مرۆڤەوە، بەستراوەتەوە بەسنوورەکانی ئەو شتەوە کە ناوی مەعریفەی ئینسانییە، مەحاڵە قسە لەسەر پێناسەیەک بۆ خودا بکەین بەبێ ئەوەی ئاگاداری تەواوی ئەو کەرەستانە بین کە ئەم پێناسەیە بەرهەم دەهێنن. واتە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەڵێت خودا چییە، لەناو ئەو پرسیارەدایە کە دەپرسێت مرۆڤ چییە، سنوورەکانی زانین و تێگەیشتنی لە کوێدایە؟ کەرەستەکانی تەفسیرکردن و پێناسەکردنی چین؟

ئەم گەڕانەوەیە بۆ مرۆڤ تا لە خودا بگەین خۆی لە خۆیدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئێمە هەرگیز ناتوانین لە ماهیەتی خودا وەک بوونێکی ڕەها تێبگەین، بەڵکو بە بەردەوامی لە چاویلکە مرۆییەکەی خۆمانەوە لێی دەڕوانین، زۆربەی کاتەکانیش هەر نایبینین، چونکە ڕەها هەرگیز نایەتە ناو ڕێژەییەوە، بێ سنور هەرگیز بە



Scanned by CamScanner

سنوردار ناپێورێت، ئەبەدی هەرگیز لە پەنجەرەیەکی مێژووییەوە خۆی دەرناخات.

کێشەی گەورەی ئێمە لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات کە دەمانەوێت لە خودا بدوێین، وەسفی بکەین و بیخەینە ناو قاڵبەکانی زمانەوە، زمانێک ئێمە بۆ گوزارشت کردن لە دونیا بەرهەممان هێناوە و خوداش لە دەرەوەی دونیایە، زمانێک بۆ پێناسەی بینراوەکان دامانهێناوە و خوداش نەبینراوە، زمانێک ئێمە جارێک ناتوانین بەتەواوەتی وەسفی بینراوەکانی پێ بکەین، جارێکیش ناتوانین هەموو ئەو هەست و خەیاڵ و فەنتازیانەی تێدا دابڕێژینەوە کە بینراوەکان لە ناخماندا دروستی دەکەن.

واتە کێشەی زمان جارێک پەیوەستە بەوەی وەسفێکی کەموکورتی شتە بینراو و هەست پێ کرا و دەست لێ دراوەکان دەکات، وەسفێک بچووک ترە لە مانا و ڕەهەندەکانی ئەو شتانە بەنمونە کاتێک ئێمە دەڵێین گوڵ مەبەستمان پێی ئەو ڕووەکە ڕەنگاو ڕەنگەیە کە شێوەیەکی جوانی هەیە و ئێمە سەرسام دەکات، بەڵام گوڵ نۆد زیاترە لەمە و چەندین وردەکاری هەیە و لە چەندین ڕەگەز پێکهاتووە، لە لایەکی ترەوە هەر گوڵ سیمبولی عەشق و جوانی و ڕەنگاڵەیی

ژیـــانه، ئەمە جـــگە لەوەی گـــوڵ مێژوویەکـــی دووری هەیە و بەدەســـت چەنـــدین عاشـــقەوە بـــووە و لە بـــاخەڵی چەنـــدین عاشقیشـــدا وشـــکبووە، وە بـــۆ کۆتـــا ئەتـــوانین وشـــە لەســـەر گـــوڵ ڕیـــز بکەیـــن و هێشـــتا نەمـــانتوانیووە بڵێـــین ئەمە دوا پێناســـە و دوا دەلالەتی گوڵە).

جـــارێکیتر زمـــان بـــۆ قـــودرەتە لە گرتنەخـــۆی کـــۆی ئەو ورووژانـــدن و فەنتازیـــا و خەیـــاڵەی ئـــێمە لەســـەر بینینـــی شـــتێک لەناومانـــدا دروســـت دەبێـــت، زمـــان زۆر بەســـتەزمانترە لەوەی جـــوانی گوڵێـــک لەدڵـــی عاشـــقێکدا وەســـف بکـــات، فەقیرتـــرە لەوەی ئەو هەســـتە بخـــاتە ســـەر کـــاغەز کە مەعشـــوقێک بەگـــوڵی عاشـــقەکەی لەدڵیـــدا دروســـت دەبێـــت، دواجـــار زمـــان چییـــە جـــگە لە بەنـــدینخانەیەک مانـــا تیایـــدا بـــۆ ئەبەد دیـــل دەبێـــت، خوێنـــدنەوەی بەردەوامـــی دەق تەواو لەم ئیشـــکالەوە هـــاتووە، لەوێـــوە هـــاتووە کە پـــارچە شـــیعرێک پڕێتـــی لە مانـــای دیلکـــراو و ئـــێمە بەخوێنـــدنەوەی بەردەوامـــی ئەم شـــیعرە ماناکـــانی ڕزگـــار دەکەیـــن، دانە بەدانەی وشـــەکانی دەشـــکێنین و ئەشـــکەوتەکانی کەشـــف دەکەیـــن، توێکـــڵ بە تـــوێکڵی دەلالەتەکـــانی هەڵـــدەدەینەوە و نـــاگەینە کـــرۆک. گەر ئەمە حـــاڵی زمـــان بێـــت لەگەڵ ئەوشـــتانەدا کە ئـــێمە هەســـتیان



Scanned by CamScanner

پــێ دەکەیــن و بەریـــان دەکەویـــن، ئەوا مەحـــاڵە ئەو چـــاوەڕوانیەی لـــێ بکەیـــن ببێـــتە کەرەســـتەی پێناســـەکردنی ڕەهـــا، ببێـــتە ئـــاوێنەی وجـــودێکی ئەبەدی کە لەبنەمـــاوە هـــیچ ئـــاوێنەیەک نایبینێـــت. لەدەقـــی قورئانیـــدا خـــودا زۆر بەقـــوڵی ئامـــاژە بەم ئیشـــکالیەتە دەکـــات، لەوێـــدا و لەوەســـفی خۆیـــدا دەڵێـــت (هـــیچ شـــتێک لە شـــێوەی خـــودا نیـــیە)، واتە خـــودا لە هـــیچ بینـــراو و دەســـت لـــێ دراو و هەســـت پێکراوێـــک ناچێـــت، لە نەمـــاوە خـــودا نـــایەتە نـــاو هـــیچ شـــوبهاندنێکەوە تـــا زمـــان وەســـفی بکـــات. بەمانـــایەکی تـــر خـــودا لەدڵـــدایە، هەر هەوڵێـــک بـــۆ ســـــنورداركردنی ماناکـــــانی ئەو لەپێناســـــەیەکدا، لەوەســـــفێکی دیـــــاریکراودا چرکەســـــاتی لە خـــــوداکەوتنیەتی، چرکەســـاتی ونکـــردن و بچـــوک کردنەوەیەتی.

ڕەهەنـــدێکی تـــری ئەم ئیشـــکالیەتە پەیوەســـتە بەوەوە کە خـــــودا مەعریفەیەکـــــی ڕەهـــــایە، مەعـــریفەیەک کەوتـــۆتە پـــێش داهێنـــانی زمـــان و خـــودی وجودیشـــەوە، مەعـــریفەیەک ســـنورەکانی تەنهـــا لە ســـەرەتای دروســـت بـــوونی وجـــوددا نیـــیە، بەڵکـــو درێـــژ دەبێـــتەوە بـــۆ ئێســـتای وجـــود و داهـــاتووی وجـــودیش. جـــارێکیتر لەدەقـــی قورئانیـــدا خـــودا وەســـفێکی پـــڕی ئەم مەعـــریفەیە دەکـــات کە



Scanned by CamScanner

نەک مرۆڤ نایگاتێ، بەڵکو گەر بۆ ئەبەد هەموو مرۆڤایەتی خەریکی نوسینەوە و دیاریکردنی سنورەکانی بن ئەوا ناتوانن (بڵێ گەر هەموو دەریاکان بکەینە مەرەکەبی نوسینەوەی مەعریفە و زانینی خودا، ئەوا دەریاکان وشک دەبن و ئەو هەر تەواو نابێت، گەر بەبەردەوامی و بۆ ئەبەد دەریای زیاتر و زیاتریش بێنین).

بەمانایەکی تر خودا خۆی تێگەیشتنێکی ڕەهایە لە بوون، مەعریفەیە بە سەرەتا و کۆتایی بوون، مەعریفەیە بە دوو زەمەن لە بووندا (سەرەتا) و (کۆتایی) کە ئێمەی مرۆڤ لە ئێستادا و لەم ناوەڕاستی وجودەدا دەستمان بە هیچ کامیان ناگات. ئەوەی وا دەکات بڕوادارێک بەخودا گوێ لە چیرۆکەکانی ئایین بگرێت لەسەر سەرەتای هاتنەبوون ئەو ڕاستیە تاڵەیە کە ئێمەی مرۆڤ بۆ زانینی ئەو سەرەتایە چانسێکی ترمان لە بەردەست دا نییە جگە لە گوێگرتن لەیەکێک لە چیرۆکەکان، مەحاڵە بتوانین هەمان چرکەساتی بەسەرچووی گەردوونی ئەزموون بکەینەوە کە دەمێکە بەجێمان هێشتووە، دەکرێت ڕازی بین بە چیرۆکێکی تر جگە لە چیرۆکی دین، بەڵام دواجار چیرۆکەکان چەند ئاڵۆزبن لەوە تێناپەڕن تەنها گێڕانەوەیەک بن لەبارەی ئەو مێژووە

دوورەوە. ئیمانی دینی لەناوەڕۆکدا دەرککردنی عەقڵە بە دەستکورتییەکی ئەبەدیی، کەشفکردنی عەقڵە بۆ ئەزموونێکی لە دەستچووی وجود. هەروەک چۆن جارێکی تر ئێمە ناتوانین ئەزموونی داهاتوویەکی دوور بکەین، ئێمە ناتوانین بزانین لەدوای چرکەساتی مەرگ و بێ دەنگی ئەبەدییەوە چی چاوەڕێمانە.

ناتوانین خەیاڵی ڕۆحی مردوویەک بهێنینە ناو تاقیگەکانمانەوە تابزانین بەرەو عەدەم کۆچ دەکات یان بەرەو جەهەنەم و بەهەشتەکەی دین، ڕۆژێک لەڕۆژان زانستێکی مرۆییمان دەست ناکەوێت کە زاناکانی گەشتی زەمەنەکانی دوای مەرگ بکەن و نموونەی بەردەکانی بەهەشت و خەڵوزی جەهەنەممان بۆ بهێننەوە، یاخود بەدەستبەتاڵی بگەڕێنەوە و پێمان بڵێن ئێمە تەنها گۆرانیمان بۆ وەهمێک وتووە، ئەوێ هیچی لێ نەبوو جگە لەعەدەمێکی ئەبەدی، جگە لە بێدەنگییەکی قوڵ و ناکۆتا. بێگومان مرۆڤ لە ئاست ئەم ڕەهەندەی ژیاندا، لە ئاست چرکەساتی مەرگدا بێ دەنگییەکی قوڵی هەڵبژاردووە، بێ دەنگییەک تا ئاستی پشتگوێ خستن و بیر لێ نەکردنەوە، بێ دەنگییەک لەناوخۆیدا ترسێکی قوڵی بە نەبوونی وەڵام



Scanned by CamScanner

هەڵگرتـــــــووە، ترســـــــێکی گەورە لەوەی لەبەردەم ڕوداوێکـــــــداین بە مەعـــــــریفەی مرۆیـــــــی و بە عەقڵانییەتـــی خۆمـــان بۆمـــان تەفســـیر ناکرێـــت. بـــێ گومـــــان پێناســـــەکردنی مەرگ بەوەی لە کـــــارکەوتنی جەســـــتەی مـــــرۆڤە، بەوەی کۆمەڵێـــــک جـــــوڵەی دیـــاریکراوی جەســـتە لە بینینـــی وەزیـــفەی خۆیـــان دەوەســـــتن جـــگە لە کۆمیـــدیایەکی مـــۆدێرن هیچـــی تـــر نیـــیە، کۆمیـــدیایەک پێـــی وایە مـــرۆڤ ڕۆبـــۆتێکی بـــــایلۆژیە و لە چرکەســــاتێکی دیـــــاریکراودا لە جـــوڵە دەوەســـــتێت، چـــونکە ئەم مەخلـــوقە کە خـــاوەنی خەون و ســــرووت و تـــرس و عەشـــق و گریـــان و حـــوزنە گەورەتـــرە لەم ڕۆبـــۆتە بـــایلۆژیەی زانســـتی مـــــۆدێرن پێناســـــە دەکـــــات، ئەو بەردەوام لەپرســـــی ژیـــــانێکی ئەبەدیـــــدایە، بەردەوام وەک نهێنیەکـــــی گەورە لەمەرگ دەڕوانێـــــــت. خـــــــودا و مەرگ دوو چەمکـــــن هەرگیـــــز لەیەک جیانـــــابنەوە، چـــــونکە هەردووکیـــــان دەکەونە ئەودیـــــو وجـــــودەوە، دەکەونە شوێنێکەوە کە ئێمە دەستمان پێی ناگات.

یەکێـــــک لەهۆکـــــارە گەورەکـــــانی نـــــامۆیی خـــــودا لەبیـــــری مرۆڤـــــدا و بەتـــــایبەتی لەفکـــــری مۆدێنـــــدا دەگەڕێـــــتەوە بـــۆ ئەوەی خـــودا شـــتێک نیـــیە ئـــێمە ڕاســـــتەوخۆ بەری بکەویـــــن، واتە مەعـــــریفەی مرۆیـــــی بەشـــــێوەیەکی گشـــــتی مەعـــــریفەیە لەســـــەر ئەو



Scanned by CamScanner

شـــتانەی بەریـــان دەکەویـــن. لێـــرەدا زۆر بەکـــورتی هەوڵـــدەدەم لەســـەر دەلالەتەکـــانی (بەرکەوتـــن) بـــدوێم کە ڕوونـــی دەکـــاتەوە خـــودا لە کـــوێی تێگەیشتنی ئێمەدایە:

مـــرۆڤ کـــائینێکە بەر دونیـــا دەکەوێـــت، دەســـتی لـــێ دەدات و ئەزمـــوونی دەکـــات، کائینێـــک بە دەربـــڕینە هایـــدگەرییەکە فڕێـــدراوەتە دونیـــاوە، نەک خـــۆی بەهەڵبژاردنـــی خـــۆی هاتبێـــت. واتە چرکەســـاتی زانـــین و بەرکەوتـــن و ئەزمـــوون کـــردن و فێربـــوونی شـــــتەکان تەواو چرکەســـــاتێکی درەنـــــگ و بەســـــەرچووە، ئـــێمە بەپرۆســـــەیەکی ئـــاڵۆزی لەدایکبوونـــدا دەڕۆیـــن و پـــاش لەدایکبوونیشـــمان بە چەنـــدین ســـاڵ فێـــری زانـــین و یارییەکـــانی زمـــان دەبـــین، پـــێش ئەوەی خۆمـــان ژیـــان هەڵبژێـــرین بۆمـــان هەڵبژێـــردراوە، پـــێش ئەوەی بڕیـــار بـــدەین ئەزمـــوونی چـــی دەکەیـــن و چـــۆن دەیکەیـــن بۆمـــان دیـــاریکراوە، ئیـــدی ئـــێمە بەمانـــا فـــراوانەکەی بەر ژیـــان دەکەویـــــن. لەم دۆخەدا تەواو ســـــەرقاڵی ئەوشـــــتانە دەبـــــین کە هەیە، کە دەبینرێـــــت و دەســـــتی لـــێ دەدرێـــت، بەئاســـتەمیش ئەو ئایـــدیا و چیرۆکـــانە دەچـــن بە بیرمانـــدا کە لەســـەر نەبینـــراو و دەســـت لـــێ نەدراو و هەســـت پـــێ نەکـــراو بۆمـــان دەگێـــڕنەوە، چیرۆکـــی خـــودا و فریشـــــتەکان،

چیرۆکـــی ڕۆژی دوایـــی و بەهەشـــت ئەو چیرۆکـــانەن کە ئـــێمە تەنهـــا دەتـــوانین بیانبیســـتین نەک بەریانبکەوین و ئەزمونیان بکەین.

تەواو لێـــرەدایە کە مەعـــریفەی ئـــێمە دەبێـــتە مەعـــریفەی شـــتە بینراوەکـــان، شـــتە بەکارهاتووەکـــان، جـــارێکیتر هایـــدگەر کۆمەکمـــان دەکـــات بـــۆ ئەوەی ڕەگوڕیشـــەی ئەم ئیشـــکالیەتە ڕوون بکەیـــنەوە، ئەو چەمکێـــک دادەهێنێـــت کە بـــریتییە (لەوشـــتەی لەنـــاو دەســـتماندایە)، واتە مەعـــریفەی مرۆیـــی مەعـــریفەیەکە لەســـەر ئەوشـــتەی کە بەکاردێـــت، ســـوودی هەیە، ڕۆژانە ئـــێمە بەری دەکەویـــن و دەیخەیـــنە نـــاو دەســـتمانەوە و بەکـــاری دەهێنـــین، ئیـــدی بە ڕۆیشـــتنی کـــات هەمـــوو ئەوانە لەیـــاد دەکەیـــن کە نـــایەنە نـــاو دەســـتمانەوە و بەکارنـــاهێنرێن و ســـوودی مـــاددی ڕاســـتەوخۆیان نیـــیە، لێـــرەدا مـــرۆڤ بەقـــوڵی ســـەرقاڵی ئەوە دەبێـــت کە هەیە (الموجـــود)، ســـەرقاڵییەک چیتـــر بـــورای ئەوەی نیـــیە ئـــاوڕ بـــداتەوە بـــۆ خـــودی بـــوون بەمانـــا گەردوونـــی و ئەنتۆلـــۆجییەکەی (الوجـــود)، بـــواری ئەوەی نیـــیە پرســـیارە وجودییەکـــان لەخـــۆی بکـــات، بـــواری ئەوەی نیـــیە خـــۆی خەریـــک بکـــات بە ئـــایین و بـــونگەرایی و مەرگ و دوای مەرگەوە. بـــێ گومـــان ڕەگوڕیشـــــەی ئەم ئیشـــــکالیەتە لە



Scanned by CamScanner

مەعـــريفەی مرۆییـــدا دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـەرەتاکانی ڕۆشـــنگەری کاتێـــک (هیـــوم) بە چەکوشـــێکی گەورە دەکێشـــێت بە هەمـــوو ئەو وەهمـــانەی تـــا ئەو چرکەســـاتە بیروهۆشـــی مرۆڤیـــان خەریـــک کـــردووە و هیچیشـــیان نـــایەنە ژێـــر تـــاقیکردنەوە و ئەزمـــوونکردنی مـــرۆییەوە، لەدوای هیـــومەوە مرۆڤـــی مـــۆدێرن چیتـــر تـــاقەتی ئەوەی نیـــیە خەریکـــی کۆمەڵێـــک وەهمـــی میتـــافیزیکی بێـــت کە سەلماندنیان مەحاڵە.

(ســـەلماندن) ئەو شـــتەیە کە بـــۆ خـــودا ناکرێـــت، بـــۆ دواڕۆژ و بەهەشـــت ناکرێـــت، هەروەک چـــۆن کەشـــفکردن و دۆزیـــنەوە و شـــیتەڵ کـــردن بـــۆ هـــیچ یەکێـــک لەمـــانە نـــاکرێن، لە قۆنـــاغێکی تـــردا زانســـت دێـــت و بەهەمـــان چەکوشـــی گەورە دەکێشـــێت بە هەمـــوو ئەو ئایـــدیا و چەمکـــانەدا کە بەمیتـــۆدی زانســـتی دەرئەنجـــامی زانســـتی نـــادەن بەدەســـتەوە، زانســـت دێـــت و وەک ڕەشـــەبایەکی شـــێت دەســـتکاری ژیـــان دەکـــات، پێناســـەی دونیـــا و مـــرۆڤ و خوداکانیشـــیان دەکـــاتەوە، لێـــرەدا ئەم ڕەشـــەبا تـــازەیە لەشـــێوەی باڵنـــدەیەکی زەبەلاحـــدا دێـــت و هەریەک لەباڵەکـــانی تەرخانـــدەکات بـــۆ گـــۆڕینی بەشـــێکی ژیـــان، بەباڵێـــک سروشـــت و مـــاتەر پێناســـە دەکـــاتەوە و بەبـــاڵەکەی تـــری ئاســـمان و خـــودا و



Scanned by CamScanner

ئایین و دونیا ناوەکییەکەی ئێمە، بەباڵێک پێمان دەڵێت چیتر ئاسمان مەملەکەتی خودا نییە و دەریاکان ماڵی نهێنی فریشتەکان نین و لەو شاخە عاسیانەشدا ئەهریمەن نەنوستووە، بەڵکو هەموو ئەمانە سوبێکتن بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵوەشاندن و بەچۆکدا هێنان و دواتر بەکارهێنان، بەباڵەکەی تریشی پێمان دەڵێت ئەوەی لەناو ئێوەدایە خودا نییە، تەنها وەهمێکی مێردمندالیی مەعریفییە، ئەوەی ئێوە وەک نهێنییەکی گەورەی بوون سەیری دەکەن زاتە پڕ ئەفسونەکەی خودا نییە، بەڵکو بەرهەمی ئەفسانەکانە و جۆرێکە لە عوسابی سایکۆلۆجی.

ئەوەی ژیان دەبات بەڕێوە و زانایە بە هەموو نهێنییەکان خودا نییە، بەڵکو مرۆڤ و زانست و عەسا سیحرییەکەیەتی کە تەکنەلۆژیایە. لەم دۆخەدا هەم مارکس و هەم نیتچە و هەم فرۆید دەبنە گەورەترین پەنجەکانی ئەو دەستەی خودا لەمێژوو دەردەکات. بێگومان مرۆڤ بەکەرەستەی عەقڵ، بەکەرەستەی زانست، بەتاقیگەکانییەوە هەر بەم دەرئەنجامە دەگات، چونکە ئەو کائینێکە بەر دونیا دەکەوێت، کائینێکە (هیوم) وتەنی هەموو ئەوەی کە دەیزانێت بەرهەمی



Scanned by CamScanner

بەرکەوتن و کاریگەریەکانی ئەم بەرکەوتنانەیە، چیتر خودا لە شوێنێکدا جێگەی نابێتەوە کە نەبینرێت، مەحاڵە خودایەکی بەکارنەهێنراو و گرنگتر بێت لە کارگەیەک کە ڕۆژانە کالاّ بەرهەم دەهێنێت و سوود دەخاتەوە.

زمان و چەمکەکانی دەبنە بەشێکی گرنگ لە توندوتۆڵکردنی پایەکانی ئەم فەزایە، گەر زمان بەهەموو کەموکورتییەکانی خۆیەوە، بەهەموو نارێکی و چاڵ و چۆڵەکانی خۆیەوە، بەهەموو بێ قودرەتی خۆیەوە لەسەر گەیاندنی مانای تەواو و کۆتایی شتێک کەرەستەی تەعبیر کردن بووبێت لە هەست و دونیا ڕۆحییەکەی ئینسان، لە خودا و خەیاڵی دیندارەکانی دونیا، ئەوا لە مۆدێرنەدا زمان دەبێتە کەرەستەی پێناسەکردنەوەی خودی خودا و ژیان و ئینسانیش، چیتر good یاخود باش ئەو شتە نییە کە ئێمە پێی ئارام تر و خۆشبەخت تر ئەبین، بەڵکو (باش) ئەو شتەیە کە باشتر بەکاردێت و باشتر بەری دەکەوین و سوود و قازانجی باشتریش دەخاتەوە، چیتر (Nature) یاخود سروشت شوێنێک نییە بۆ تێڕامانێکی وجودیی ئینسان، بەڵکو سروشت کانگایەکە بۆ خستنەگەڕ و بەکاربردنی ئینسان، چیتر

(Faith) یاخود ئیمان بڕوای ئەنتۆلۆجی و ڕۆحیی ئینسانێک نییە بەرامبەر بە بوون، قەناعەتی بڕوادارێک نییە بەوەی کە لەبووندا نەزانراو و دەرکپێنەکراوی گەورە هەیە کە بە عەقڵی ئەبستراکت نایگەینێ، بەڵکو (ئیمان بریتییە لەجۆرێک بیرکردنەوەی سەرەتایی کە هێشتا بەرزنەبۆتەوە بۆ ئاستی زانست) لێرەوە فۆرمێک لەزمان سەرهەڵ دەدات کە چیتر جێگای میتافیزیکی تیا نابێتەوە، چیتر وەزیفەی ئەوە نییە خۆی سەرقاڵ بکات بە شتانێکەوە کە بەکارنابرێن و سوودیان نییە.

بەڵام ئایا ئەمە دەرئەنجامێکی سروشتی نییە کە عەقڵی مرۆیی پێی دەگات؟ چۆن بتوانین وجودێکی نەبینراو و دەست لێ نەدراو و بان مێژووی بخەینە ناو هۆشیارییەکەوە کە لەسەر بینراو و ئەزمونکراو بونیاد نراوە؟

ئایا ئەوەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە پێی دەگات دەرئەنجامێکی حەتمی نەبوو لە گەشەی هۆشیاری مرۆڤ بەرامبەر وەهمی خودا؟ چۆن کەرەستەیەکی مێژوویی وەک عەقڵ و زمان دەتوانێت لە سوبێکتێکی بان مێژوویی بدوێت؟

بێگومان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر دەلالەتەکانی



Scanned by CamScanner

(بەرکەوتـــن)، هەروەک چـــۆن دەبێـــت بگەڕێـــنەوە سـەر زەمەنـــی بەرکەوتـــن و خـــودی پرۆســـەی بەرکەوتـــن. (کینـــدی) لە (رســـالە الحـــدود) دا پێناســـەی (ڕووداو) بە جـــوڵەیەک دەکـــات کە دەکەوێـــتە نـــاو زەمەنەوە، واتە هەمـــوو ڕوداوێـــک هەم ڕەهەنـــدی مەکـــانی هەیە و لەشـــوێنێکدا ڕوو دەدات، هەم ڕەهەنـــــدی زەمـــــانی هەیە کە لە چرکەساتێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات.

ئیـــدی پرۆســـەی قســـەکردن لەســـەر ڕووداو و شـــیتەڵ کردنـــی کەرەســـتەکانی ڕووداوەکە هەموویـــان دواتـــر دێـــن و کـــاریگەرن بەوەی ڕویـــداوە. دواتـــر لەپێناســـەی خـــودا دا دەڵێـــت زاتـــێکە کە لەدەرەوەی زەمەن و مەکـــانەوە شـــتەکانی هێنـــاوەتەبوون لە (هیچ)ـــەوە، واتە وجـــودی خـــودایی وەک زاتێکـــی ڕەهـــا تەواو لەپـــێش زەمەنەوەیە و پـــێش چرکەســـاتی خەلقـــیش چرکەســـاتی عەدەمێکـــی ڕەهـــایە. خـــودا شـــتەکان دەهێنێـــتە بـــوون ئەوکـــات زەمـــان و مەکـــان دروست دەبێـــت، بەڵام هـــاتنەبوونی شـــتەکان هـــیچ پەیوەنـــدییەکیان بەبـــوونی ڕەهـــای خـــوداوە نیـــیە، ئەوەی لەدوای چرکەســـاتی خەلـــقەوە لەدایـــک دەبێـــت زەمەن و ڕووداوە کە هۆشـــیاری ئـــێمەی ئینســـان دەتوانێـــت بیپێوێـــت، بەڵام خـــودا خـــۆی



Scanned by CamScanner

زاتـــێکە پـــێش ئەم مێـــژووەش هەیە. ئەوەی خـــۆی زەمەن دەخولڵقێنێـــت نـــایەتە نـــاو زەمەنەوە، ئەوەی خـۆی مەکـــان دەخولڵقێنێـت مـومکین نیـیە بێـتە نـاو مێـــژووەوە. لێـــرەدا شـــۆکێکی گەورە توشـــی مـــرۆڤ دەبێـــت، کائینێـــک پـــێش ئەو دونیـــا هەبـــووە و خـــودی خۆشـــی بەشـــێکی بچـــووکی ئەم پرۆســـەی هـــاتنەبوونەیە کە هەم نازانێـــت (چـــۆن هـــاتووە، وە بـــۆچی هـــاتووە، وە بەروە کـــوێ ش دەچێـــت) گرنگتـــرین ســـێ پرســـیاری وجـودی و بەبـــڕوای مـــن وە بـــێ وەڵامـــیش لای ئینســـان (گەر تەنهـــا بەعەقـــڵ بیەوێت وەڵامێکی دەست بکەوێت).

ئەم ســـێ پرســـیارەیە کە بەدرێژایـــی مێـــژوو مـــرۆڤ ئـــاوڕی بـــۆ دەداتەوە تـــا بزانێـــت لەکوێـــوە هـــاتووە، لە ئـــاوڕدانەوەی کـــۆنترین مرۆڤـــی مێـــژووەوە تـــا دەگـــاتە ئـــاوڕەکەی داروێـــن، تـــا دەگـــاتە دوایـــین ئـــاوڕی (ســـتیڤن هاوکینـــگ)وە تـــا دەگـــاتە دوایـــین داهێنـــان و کەرەســـتەی زانســـتی بـــۆ کەشـــفی ئەو مێـــژووە مـــرۆڤ ئـــاوڕدەداتەوە و وەڵامێکـــی ڕوونـــی دەســـت ناکەوێـــت، چـــونکە لەبنەمـــاوە ئەوەی کە ڕوویـــداوە نەک پـــێش هـــاتنەبوونی ئینســـان بـــووە، بەڵکـــو پـــێش هـــاتنەبوونی خـــودی زەمـــان و مەکـــانیش بـــووە، ئەمە ئەو پرســـیارە وجـــودییەیە کە ئـــایین نەبێـــت هـــیچ هێزێـــک نیـــیە وەڵامێکمـــان


Scanned by CamScanner

لەسەری بداتێ، بێگومان ئەوەی ئایین دەماندانێ چیرۆکێکە، بەڵام ئەوەی زانستیش دەماندانێ بەکۆی وردەکاری و تیۆرییەکانییەوە لەوە تێناپەڕێت چیرۆکێک بێت، هەرگیز زانست کە بەکەرەستەی سەلماندن و تاقیکردنەوە و دەست لێدان ئیش دەکات، ناتوانێت بگاتە دوا یەقین لەسەر ڕوداوێک کە هەم لەدەرەوەی مێژوو ڕویداوە، هەم پێش هاتنەبوونی ئەو کائینە ڕویداوە کە ناوی مرۆڤە، هەم ئەوەندە دوور ڕویداوە کە چیتر نایەتە ناو تاقیگەکانی ئێمەوە تا لێی بکۆڵینەوە. لێرەوە کۆی ئەو پاشماوانەی لە ژیارەکانی تر و مێژوویەکی دوورەدەستەوە بۆمان بەجێماوە دەبنە کەرەستەی چەندین چیرۆکی زانستی کە بەڕۆیشتنی کات و بەدۆزینەوەی تازە و نوێی تر دەلەرزن و جارێکیتر چیرۆکی تر سەرهەڵ دەدەن.

سەرێکی ئەم ئیشکالیەتە کە ئێمە ناتوانین وەڵامێکی تەواو لەسەر ڕابردووی خۆمان بزانین لەناو خودی ئەو ماشێنەدایە کە ئێمە بەهۆیەوە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێین، ماشێنێک (عەقڵ) لەشوێنێکدا ناوەستێت و بە دەرئەنجامێک ڕازی نییە و خۆی دژی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، لای (باشلەر) ئیشکالی حەقیقەت تەنها ئەوە نییە



Scanned by CamScanner

کە ئێمە ناتوانین هەموو ڕەهەندەکانی ئەو شتەی لێی دەکۆڵینەوە بزانین و کەشفی بکەین، بەڵکو سەرێکی تری لەوەدایە کە خودی عەقڵ خاوەنی سروشتێکی میتافیزیکی وایە کە لەشوێنێکدا ناوەستێت و یەک پێناسەی نییە و پڕە لە ئەشکەوتی تاریک و شاراوە، واتە ئێمەی مرۆڤ جارێک ناتوانین بەڕەهایی ماهیەتی شتەکان بزانین، جارێکیش کەرەستەی زانینەکەمان کە (عەقڵ)ـە خۆی پڕیەتی لە دوالیزمە و ئەشکەوتی شاراوە. ئەمە بۆ شتانێک کە لەبەر دەستی ئێمەدان و دەکرێت ئەزموونیان بکەین و دەستیان لێ بدەین، ئیدی چۆن بۆ شتانێک و ڕوداوێکی گەردوونیی هاتنەبوون کە لەدێر زەمانەوە ئێمە بەجێمان هێشتووە و پێش هەتنەبوون و وجودی ئێمە ڕوویداوە و هەرگیزیش ناتوانین لەوێ ئامادەبینەوە؟

(غەزالی) لەوەسفی عەقڵدا دەڵێت: (کەرەستەی بەرهەمهێنانی دژبەیەکەکانە)، واتە عەقڵ شەبەقێکی تیایە، بۆشاییەکی تیایە کە بەدەرئەنجامەکانی خۆی ڕازی نابێت، دواتر و لە ڕۆژئاواوە (کانت) دێت دەڵێت ئەوەی ئێمەی مرۆڤ ناومان ناوە مەعریفەی ڕەها و ئەبستراکتی عەقڵ لەسەر شتێک، هیچ نییە جگە لە بەرهەمی

تێڕامانی ئێمەی مرۆڤ لە (دیاردە)ی شتێک، نەک ماهیەت و کونهی ئەو شتە، چونکە ئەمە لە قودرەتی عەقڵی مرۆییدا نییە، لای کانت ئەوەی ئێمە وتومانە لەسەر دیاردەیەکی وەک (پەلکە زێڕینە) بەهیچ شێوەیەک کەشفکردن و دۆزینەوەی ماهیەتەکەی نییە، بەڵکو تەنها وەسفی دیاردەکەمان کردووە و ناومان ناوە حەقیقەتی پەلکەزێڕینە، لەکاتێکدا گەر بمانەوێت ماهیەتەکەی بزانین، ئەوا نەک تەنها پێویستمان بەوەیە بزانین بڕی ئەو تنۆکە بارانانە چەندن کە لە کاتی بارینیاندا دەبنە هۆی ڕودانی دیاردەیەکی لەم جۆرە.

بەڵکو دەبێت شێوە و شکڵی هەریەکێکیان و کێش و قورسایی هەردانەیەکیان و چڕی و ڕوونییەکەشیان بزانین، دەبێت بڕی ئەو تیشکە بزانین کە لەڕۆژەوە دێت و بەچەند بەرگدا تێدەپەڕێت و گەرماییەکەی دەبێتە چەند و بە چ گۆشەیەک شییی دەبێتەوە، ڕۆژ خۆی چییە و سەلماندنی بۆ بکەین، شیبکەینەوە، پارچەیەکی بێنینە ناو تاقیگەکانمانەوە و....هتد.

هەموو ئەمانە پێکەوە ماهیەتی دیاردەیەکمان دەدەنێ، ئەگەرچی هێشتا گەیشتن بە حەقیقەت زۆر دوورە، چونکە ئەو ئەداتەی ئەم



Scanned by CamScanner

شیتەڵکارییە دەکات (عەقڵ) لەناو خودی پرۆسەی شیتەڵکردن و گەڕانەکەیدا کاریگەر دەبێت بە چەندین دیاردە و ڕوداویتر کە وادەکەن ئەو حەقیقەتەی لەسەر شتێکی دیاریکراو دەستمان کەوتووە بە کۆمەڵێک نەزانراوی تر بارگاوی بێت و کۆمەڵێک شەبەقی تری تێ بکەوێت. ب

ێگومان دواتر ئەم تێزانەی کانت دەبنە سەرەتای دامەزراندنی میتۆدێکی گەورە بەناوی (فینۆمینۆلۆجیا)ـەوە، واتە دیاردەناسی، میتۆدێک پێمان دەڵێت شتەکان خۆیان لەخۆیاندا شتێکن (نومینا) و بەوشێوەیەی بۆ ئێمە دەردەکەون شتێکی ترن (فینۆمینا). لەم دۆخەدا کە مرۆڤ قودرەتی ئەوەی نییە ماهیەت و حەقیقەتی ڕەهای ئەو شتانە بزانێت کە ڕۆژانە بەریان دەکەوێت و هەستیان پێ دەکات، مەحاڵە چیرۆکێک لەسەر سەرەتای بوون و ئەو زەمەنە دوورەدەستە بەڕەهایی بەرهەم بهێنێت؟

لەوانەیە گەورەترین دەلالەتی خودا لای من ئەوەبێت کە زاتێکی ڕەهاو گەردوونییە سنورەکانی نەزانی و دەستکورتی خۆمانمان پیشان دەدات، پێمان دەڵێت بەشێکی گەورەی ژیان و وجود هەیە کە ئێمە تەنها چانسی



Scanned by CamScanner

ئەوەمـــــان هەیە بـــــاوەڕی پـــێ بێنـــــین نەک بیســـــەلمێنین، چـــونکە لە بنەمـــاوە نـــایەنە ژێـــر ســـــەلماندنەکانی ئـــێمەوە، ئیمـــان بە خـــودا چیـــیە جـــگەلەوەی مرۆڤـــی بـــڕوادار دەرکـــی پرســـیارێکی وجـــودیی و قـــوڵی بـــێ وەڵامـــی کـــردووە، ئیمـــان لەناوەڕۆکـــدا هەســـتکردنە بە مەودایەکـــی ئەبەدی و شـــــەبەقێکی قـــــوڵ لەنێـــوان ئەم پرســـــیارە ئەنتۆلۆجیـــانە و وەڵامەکـــانی عەقڵـــدا، گرنـــگ نیـــیە مـــرۆڤ بـــاوەڕ بەکـــام گێـــڕانەوە و کـــام چیـــرۆک دەهێنێـــت لەســـەر بـــوون، بەڵام گـــرنگە مـــرۆڤ ئەوە بزانێـــــت کە هەموومـــــان بەجۆرێـــــک لەجۆرەکـــــان ئیمانـــدارین، ئەوەی بـــاوەڕی بەچیرۆکێکـــی زانســـتی هەیە لەســـەر بـــوون بەهەمـــان ئەنـــدازەی ئەو کەســـە بـــڕوادارە کە بـــاوەڕی بە چیرۆکێکـــی دینـــی هەیە، بەڵام جیـــــاوازییەکە ئەوەیە ئەوی یەکەم لەوەهمـــــی حەقیقەتـــــدا دەژی و ئەوی دووەم سەرســـــامە بەرامبەر بە ئاڵۆزیی حەقیقەت.

خـــودا و ئیمـــانی دینـــی لە ناوەڕۆکـــدا وەڵامـــی ئەم شـــەبەقە ئەبەدیـــیەی مەعـــریفەی ئینســـانە لەســـەر وجـــود.. مـــرۆڤ دەکرێـــت بـــاوەڕ بە خـــودا بکـــات، بەڵام هەرگیـــز ناتوانێـــت بەری بکەوێـــت، چـــونکە ئەوەی کە ئـــێمە بەری دەکەویـــن دەکەوێـــتە نـــاو مێـــژووەوە، دەکرێـــت بـــاوەڕ بەوە بهێنـــێن کە خـــودا



Scanned by CamScanner

زاتێکی ڕەهایە، بەڵام ئەوەی کە پێمان ناکرێت کورت کردنەوەی ئەوە لەیەک پێناسەدا، چونکە لەبنەماوە ئەو لەهیچ شتێک ناچێت کە ئێمە ئولفەتمان بەناسینیەوە گرتووە.


خودی وەسفی (ئەو زاتێکە لە هیچ شتێک ناچێت) کە خودا خۆی پێ وەسف دەکات مانای ئەوەیە ئەم زاتە چەند بەقووڵیی ئاگاداری مەعریفەی ئێمەیە لەسەر ژیان، مەعریفەیەک تەنها دەتوانێت لە شت (شیء) بکۆڵێتەوە و بیخاتە ناو مێژووەوە، لەوانەیە جوانترین دەلالەتی ئەم شوبهاندنەی خودا بەشت، یان بە مرۆڤێک، یان بە هەر شتێکی تر لەو چیرۆکە قورئانییەدا بێت کە (فیرعەون) بە (هامان) دەڵێت شتێکی بەرزم بۆ دروست بکە تا بگەمە خوداکەی موسا و ببینم چییە.

نامۆیی خودا لەفکری مۆدێرندا لەوێوەیە کە نابێتە شت و نابینرێت و تاقی ناکرێتەوە، خودایەک لەهەموو شوێنێکە و لەهیچ شوێنێکیشەوە دیار نییە، خودایەک دەبێت لە بێ دەنگیدا بۆی بگەڕێین تا گوێمان لە دەنگی بێت، چاوەکانمان دابخەین ولەناو تاریکیدا بۆی بگەڕێین تا بیبینین، خودایەک دەبێت ئەودیو سنورەکانی زانینی بۆ بگەڕێین چونکە بەردەوام

لەنـــاو زانینـــی ڕووتـــدا ونـــی دەکەیـــن، خـــودایەک تاجارێـــک بەعەقـــڵ دەیـــدۆزینەوە هەزاران جـــار بەدڵ بەری دەکەوین.



Scanned by CamScanner



قەشـــە

سڤێن-ئییەریک سڤێنسۆن:

**ئەو زمـــانەی بەکـــار دەهێنرێـــت بـــۆ وەسفی خودا دەستیکەم دەگیرێت لە بەرانبەر پێناسـەکرنی شـتەکانی تـری ژیان.**

Scanned by CamScanner

بیرکـــردنەوەی مـــن دەربـــارەی بەکارهێنـــانی زمـــان لە وەســـفکردنی خـــودا-دا و ئایـــا کارەکـــانی خـــودا چ مانایەکیـــان هەیە لای مـــن؛ کاتێـــک کەســـێکی مەســـیحیی زمـــان بەکاردەهێنێـــت بـــۆ وەســـفکردنی خـــودا، پـــێگەی خـــودا لە نـــزادا، خـــودا لە مێـــژوودا و کـــاردانەوەی مـــرۆڤ لەســـەر ئەوان، یەکێـــک لە کـــۆنترین نمـــونە تێکســـتێکە کە ســـەرداماني زوو لە کلێســـادا بەکـــارهێنراوە و ئێســـتاش یەکـــێکە لە نـــزا بنەڕەتییەکـــانی هەمـــوو کلێســـایەک، گوزارشـــتێکی پەیـــامبەرانەیە لە پرۆســـەی ناونـــانی منـــداڵ و جەژنی ئەعشای پیرۆزدا دەخوێنرێت؛ ئەمەیە:

((من باوەڕەم بە خوداوەند هەیە؛ خوداوەندی باوک
ئافرێنەری زەوی و ئاسمان

من باوەڕم بە عیسای مەسیح هەیە
تەنیا کوڕی پەروەردگاری من
کە لالەیەن ڕۆحی پیرۆزەوە هەڵبژێردرا و



Scanned by CamScanner

له ماریـای پـاکیزه لەدایکبـووه و لەژێردەسـتی پیرنتـۆس پیلاتۆس
لەخاچدرا و مرد و بەخاکسپێردرا
وه له ڕۆژی سێیەمدا لەنێوان مردووەکاندا
هەستایەوه و بەرزبووەوه بۆ ئاسمان..
له دەستەڕاستی خوداوەندی مەزنەوه دانیشت
تا لەو ڕێیەوه دادوەریی داهاتووی
مردوو و زیندووەکان بکات

من باوەڕم بەڕۆحی پیرۆز هەیە
ئەو ڕۆحه پیرۆزەی هەژموونی بەسەر کلێسادا هەیە
ڕۆحی هەردوو پیرۆزەکه
لێبوردە له گوناهباران؛
له ڕۆحگەلێـــک که دەچـــێ بـــۆ ئاســـمان و ژیـــانی هەتاهەتایی هەڵدەبژێرێت))

گرنگیـــی بونیـــادی زمـــان لەم تێکســـتەی ســـەرەوەدا ئەوەیە که هەمـــــووی پـــــێکەوه مانـــــایەکی لێلکـــدانەبڕاو بـــدات که وشـــه تێیـــدا ئـــاوێنەی ئەزمـــونێکه له ئـــارامیی و پێکەوەژیـــان، زمـــان لێـــرەدا کـــۆمەکی ئەوەت ناکـــات گفتوگـــۆکه ببـــاتەوه ســـەر ئەوەی بیـــروڕای خـــۆت بەرتەســـک بکەیـــتەوه له بەرامبەر بیروڕای ئەوانی تردا..



Scanned by CamScanner

ئەرکــی تێکســتەکە لێـرەدا ئەوەیە وەسـفی خـودا بکـات لەڕێـگەی ژمـاردنی کـارە جوانەکـانییەوە، بەناونیشـانی؛ ئـافرێنەر، ڕەهـا، وە ڕاگـری جیهـان، وە سروشـت و مـرۆڤ و هەمـوو ئەوانەی کە مـن دەتـوانم درکـی بـکەم و زانسـت لە ڕێـگەی تیۆرەکانییەوە پەی پێ بردووە.

ئەو سـێ پـاژە لە تێکسـتەکە لە سـێ ڕوانـگەی جیـاوازەوە بـاس و وەسـفی کارەکـانی خـودا دەکـات، هیچکـام لەوانە بەتەنیـا مانـای خـۆی ناگەیەنێـت.. کاتێـک هەر سـێ پـاژەکە پـێکەوە مانـا تەواوت دەداتـێ، ئەوکـاتە بـاوڕدار لەژیـانی خـۆی و نەخشـی لە دونیـای دەوروبەریـدا تێـدەگات. تێگەیشـتن تەنیـا لەبـارەی عەقڵانـیەتەوە نـا، بەڵکـو زیـاتر پەیوەنـدی بە کۆنتێکسـتی وشـەکەوە هەیە لە نـاو تێکسـتەکەدا، بە پـلەی یەکەم کـارەکەی ئەوەیە لەژیـانی ڕۆژانەدا ئەمجـۆرە لە دەرئەنجـامی پەیوەنـدیی بگـرێتەوە، بەم پێـیە کـاری زمـان لەم تێکسـتەدا ئەوەیە پەیوەنـدی دروسـت بکـات لە نێـوان نزاکـانم لە کلێسا و ژیانی واقعییم لە دەرەوەی کلێسا.

ئەمە ئەو جـۆرە تێگەیشـتنە جیـاوازەیە بـۆ زمـان کە پێشـتر گوزارشـتی لێکـراوە، تـا ئەوەی کە زمـان تەنهـا بەکـار بهێنرێـت بـۆ دەربـڕین و بـاس



Scanned by CamScanner

کردنـــی ڕاســـتییەکان، بەکارهێنـــانی ئەم جـــۆرەی زمـــان لەلایەن پەیامبەرەکـــانەوە بـــۆ ئەوە بـــووە؛ تێـــبگەن لەوەی بـــاوەڕدارانی مەســـیحیی چـــۆن بیـــردەکەنەوە لە بەرانـــبەر خەڵکـــانی تـــردا. بـــۆیە ئەمە جۆرێـــک لێکـــدانەوەیە بـــۆ ژیـــان لە تەنیشـــت جۆرەکـــانی تـــری ژیـــان لە فەلســـەفە و ئـــاین و ســـیکۆلارەکانی تـــردا. ئەو زمـــانەی بەکـــار دەهێنرێـــت بـــۆ وەســـفی خـــودا دەســـتیکەم دەگیرێـــت لە بەرانـــبەر هەمـــان مەرجـــی لێکـــدانەوە بـــۆ پێناســـەکرنی شتەکانی تری ژیان.

جۆرەهـــا ڕشـــتەی فەلســـەفیی بەدرێژایـــی مێـــژوو کـــاری لەســـەر ئەم پرســـە کـــردووە و یەزدانناســـەکان ڕێـــگەی جیاوازیـــان هەیە بـــۆ چارەســـەر و شـــیکردنەوەی ئەو وێنـــانەی بـــاوەڕداری مەســـیحیی هەیەتـــی لەســـەر خـــودا بەشـــیوەیەکی ئینتەلەکتوێـــل (عەقڵانیـــی). ئەم جـــۆرە لە بەکارهێنـــانی زمـــان ڕێـــگەی ئەوە دەدات کە بە ڕوونیـــی جیـــاوازیی و لێکچوونەکـــانی بـــۆ نمـــونە مەســـیحیەت و ئیســـلام، مەســـیحیەت و مارکســـیزم ببینـــین. ســـەرەڕای ئەوەش گومـــان دەکەم ئەم جـــۆرە بەکارهێنـــانەی زمـــان کـــۆمەکی ئەو کەســـە تەنیـــایە بکـــات بـــۆ تێگەیشـــتن لە خـــۆی و لە ڕووداوە گەورەکـــانی ژیانیشی!



Scanned by CamScanner

بۆ من وەک قەشەیەک هەمیشە کارم ئەوەبووە پەرستشەکانی من دووبارە باسکردنەوەی کارە جیاوەزەکانی خودا بێت کە لە (بیبل)دا باسی کردووە.. هەروەها باس لەو ئازادییە بکەین کە ئێمەی مرۆڤ هەمانە لەباسکردنی عەشقی خودا بۆمان، لەڕێگەی پەیوەندیی باڵای ئەو بەهەریەکێک لە ئێمەوە. بەڵام ڕێگای تریش هەیە بۆ نمونە کەرەستە دان بە خەڵک لە ساتێکدا کە دووچاری ئاڵوگۆڕی گەورە دەبن، بۆ نمونە لە دایکبوون، گەورەبوون، هاوسەرگرتن، مردن... مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەوە دەتوانین هاوخەمی و خۆشیی و دەردەڵیەکانمان لەگەڵ یەکتر بەش بکەین.

بۆ من، کە وا تێگەیشتووم خودا دروستی کردووین و بۆ خوداش دروست بووین؛ ژیان بەوجۆرە فۆرمی گرتووە کە ئەوانەی لە دەوروبەرمن هەم ئارامیان پێ بەخشیووم و هەمیش درکی خۆمیان داومەتێ، کە بەڕێگای خۆم ڕێزی مرۆڤ و سروشت بگرم.. ئازایانە توانای ئەوەیان داومەتێ لە بوون تێبگەم، هەموو ئەمانەش لەڕێگای وشەوە بووە..!

سوپاسی زۆر بۆ:

* نوسەر و کۆمەڵناس (ڕێگا ڕەئوف) کە ئەرکی وەرگێڕانی پرسیارەکانی ئێمە و وەڵامەکانی قەشە (سڤێنسۆن)ی لە کوردییەوە بۆ سویدی و بەپێچەوانە گرتە ئەستۆی خۆی.

* برایان (جەبار سابیر) و (ئارام سدیق) کە زەحمەتی چاپی یەکەمی ئەم کتێبەیان لە (یانەی قەڵەم) گرتە ئەستۆی خۆیان.

* هونەرمەند (سەیوان سەعیدیان) و بەڕێز (ئەکرەم محەمەد ئەمین) کە دیزانکردنی بەرگ و ناوەوەی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆی خۆیان.

Scanned by CamScanner

كۆمەڵەی یۆگا لە كوردستان

YOGA ASSOCIATION IN KURDISTAN

... (خودا) پروبلەماتیكیكی گەورەی فەلسەفییە و ئەم
كتێبە ناتوانێ ئیمانی كەس بە بوونی دامەزرێنی یان
رەتی بكاتەوە. ئەمە كتێبی دو ودل یيە و كۆمەكی
دڵنیایی بە كەس ناكات. هەركەسێک پێی وا بێت؛
دەتوانێت لەناو ئەم كاغەزانەی بەردەستیدا (خودا)
بدۆزێتەوە یان ونی بكات. باشتر وایە زەحمەتی
خوێندنەوەی ئەم كتێبە نەخاتە بەر خۆی..!

**God in Human Mind**
**A Series of Intellectual Dialogues**
**Twana Amin**

Scanned by CamScanner